IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود
باوان عومەر - سەرهەنگ عەبدولرەحمان - زریان محەمەد

2015

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە ئەنگلس

وەرگێڕانی:
ئارۆ هەورامی

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

وەرگێڕانی: ئارۆ هەورامی
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین:ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (72)

# ژیانو دنیابینی کۆمەڵایەتی ئەنگڵس

ئارۆ هەورامی

## بەشی یەکەم
## ژیانو تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی ئەنگڵس

### ژیانی ئەنگڵس:

ئەنگڵس لە ساڵی 1820زاینی لە شاری (بارمن) لەوڵاتی ئەڵمانیا لە خێزانێکی دەوڵەمەند لە دایکبوو. باوکی خاوەنی کارگەیەک بوو، ئەنگڵس قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی بڕی، تا قۆناغی دواناوەندی گەیشت، بەڵام بەهۆی کۆمەڵێک گرفتی خێزانیەوە دەستی لە خوێندن هەڵگرت و نەیتوانی ئەو قۆناغی دواناوەندی تەواوبکات، ژیانی واپێویستی کرد پەیوەندی بەکارەوە بکات، ئەوەبوو لە دەزگایەکی بازرگانی لە شاری بارمن دەستی بەکارکردن کرد.

بەڵام دیارە ئەم کارکردنەوەی ئەنگڵس نەبوە هۆکاری دابڕانی ئەو و خواستی ئەو بۆ زانست و رۆشنبیری مەعریفی و سیاسی. هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی خوێندنی لە قۆناغی دواناوەندی چاوی بیری خستەسەر ئەو پلیشاندنەوەو چەوساندنەوەیەی کە بە جۆرێ لەجۆرەکان لە بیرۆقراتیەتدا هەبوو ئەو هەستی پێکردو، رقی تەواوی لە ئۆتۆکراتیەتی نێو کۆمەڵگەکەی هەڵگرت. ئەم بیرکردنەوەو ڕامانیش پاڵنەرێک بوو بۆ ئەوەی تێکەڵی بیری فەلسەفی و دواجار قووڵبوونەوەی فەلسەفی بۆ کۆمەڵ» و

چینە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگە هەبێت. دیارە لە ئەڵمانیاو لە سەردەمی ئەنگڵسدا بیرو ئێفکرینەکانی (هێگڵ) باڵی کێشابوو بەسەر فەلسەفەی ئەڵمانیدا، ئەمیش سەرەتا نەیتوانی لەو بازنەی ئێفکرین و فەلسەفەیە بازبداتە دەرەوە، هەربۆیە دەبینین ئەنگڵس وەک یەکێک لە شوێنکەوتوانی فەلسەفەکەی (هێگڵ) دەناسرێت.

لەگەڵ ئەوەی کە خودی هێگڵ پێشتر سەرسان بوبو بە دەوڵەتی ئۆتۆکۆاتی بروسیا کە خزمەتی دەکرد بەو پێیەی مامۆستا بوو لەزانکۆی بەرلین، لە گەڵ ئەوەشدا رێچکەو مەزهەبی لەو کاتەشدا شۆرشگێڕانە بوو.

دیـارە هێگڵ خاوەنی رێچکەی میسالی بوو، کەچی ئەنگڵس و هاورێکەی ( مەبەستمان لە مارکسە) بەپێچەوانەی هێگڵەوە ماددی بوون. کە بۆ جیهان و مرۆڤایەتی ئێگەیشتنێکی ماددیان بۆ هەبوو.

وایاندەبینی کە ئەوە هۆکارە مادییەکانن کە بنچینەی دیاردە سروشتیەکانن، هەروەها پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆیی ملکەچی بە پەرەسەندن و پێشکەوتنی هێزی ماددی بەرهەمهێنە.

ئەنگڵس لە ئینگلتەرا لە ناوەندی پیشەسازی ئینگلیزی لە مانچیستێر ئێبینی پرۆلیتاریای کردو ناسی. ئەمەش لەساڵی 1842زاینی بوو کاتێک لە بری باوکی لە دەزگایەکی بازرگانی کاریدەکرد، کە باوکی پشکی هەبوو لەو دەزگا بازرگانیە لەو دەزگایە مایەوە.

دیارە ئەنگڵس تەنها بەکارکردن لەو کارگەیە وازی نەدەهێنا بەڵکو لە پاڵ ئەوکارەشیدا زۆرجار دەچوە دەرەوەو سەردانی شوێن و گەرەکە هەژارنشینەکان و ئەو شوێنانەی دەکرد کە کرێکارەکان دەمانەوە بە چاوی خۆی مەینەتی و بارودۆخی خراپی ئەوانی دەدی. کە ئەمانەش جۆرێک بوون لەو بازنانەی ئێبینیانەی کە دواتر ئێفکرینەکانی تیایاندا وردەکردەوەو

بۆ ئیۆرو قسە لەسەرکردنە زانستیەکانی دەبوونە سەرچاوەی ئیلهام و رۆشنکردنی بەرچاوی. دیارە ئەنگڵس تەنها بە ئێبینیکردنی رۆژانەو سەرنجەکانی لە بواری مەیدانیدا بەهەند وەرنەدەگرت، بەڵکو دەچوو سەرچاوەو نوسین و نوسراوانەی  پێشتر لەسەر ئەو بابەتەو بابەتەکانی چینایەتی و جیاوازی چینایەتی و ئەو باسانەی کە لەسەر هەژاری و نەداری و ئەو راپۆرت و بەڵگەنامانەی باسیان لە سەر چینی کرێکارو دەستی کاریان دەکرد دەخوێندەوە.

دیارە ئەو نوسینەی  کە لەژێر ناونیشانی» بارودۆخی چینی کرێکار لە ئینگلتەرا» کەلە ساڵی 1845زاینی بڵاوکرایەوە، دەتوانین بڵێین بەرهەمی ئەو تێفکرین و وردبونەوەو سەرنجدانانە بوو کە لەسەر ئەو چینە کۆکرابووەو دواتر لەچوارچێوەی ئەو نوسینەدا خۆی دینەوە؟. لە شاری مانچیستەر و بەتایبەت لەوکاتانەی کە لە بڵاوکراوەکانی سۆسیالیستی ئینگلیزی خەریکی نوسین و  بڵاوکردنەوەبوو، توانی پەیوەندیەکی باش و پتەو لەگەڵ ئەندامانی بزووتنەوەی کرێکاری ئەڵمانیا پەیدا بکات. دیارە ئەنگڵس لەگەڕانەوەی بۆ ئەڵمانیا لە ساڵی 1844و لە کاتی ئێپەربوونی بە شاری (پاریس) دا، چاوی بە مارکس دەکەوێت و یەکتر دەناسن.

ئیتر ئەم دوانە ماوەیەک لەگەڵ یەکتری دەبن و دواتر دوو هاوەڵی هەمیشەیی ژیانی فیکری یەکتر دەبن «کەپاشتر باسی لێوە دەکەین،» دیارە ئەوکاتە مارکس لە پاریس و لەژێر کاریگەری ژیانی فەرەنسی و کاریگەری سۆسیالیستی فەرەنسی ، مارکس دەبێتە هەڵگری ئەو بیرە سۆسیالیستیە.

دیارە ئەو دوانەی ناومان هێنان( ئەنگڵس و مارکس) هاورێیەتیان بەرهەمی فیکری و زانستی گەروەی لێکەوتەوە، ئەوەبوو پێکەوە (خێزانی پیرۆز یاخود رەخنە لە ڕەخنە) یان نووسی. ئەم کتێبە کە مارکس بەشی

زۆری لێ نووسیوە.

پێش دەرچون و بڵاوکردنەوەی کتێبی « دۆخی چینی کرێکار لە ئینگلتەرا» بوەو توانیویەتی پایەکانی سۆسیالیستی مادی شۆڕشگێری دەست نیشان بکات. دیسان هەر پێش چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبی (خێزانی پیرۆز) ئەنگڵس لە گۆڤارەکەی مارکس وروغە « وەرزە گۆڤاری فەرەنسی ئەڵمانی» بابەتی « لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەییانە لە سەر «ئابوری سیاسی» نووسی کە تیایدا شیکاری سیستمی ئابوری هاوچەرخی لە ژێر رۆشنایی و تێڕوانینی سۆسیالیستی دا بڵاوکردەوە کە باسی ئەو بارودۆخە نالەبارەی دەکرد، کە لە واقیعی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەوکاتەدا هەبوو لە ئەنجامی ئەو سیستمەی کە بە سایەی موڵکایەتی تایبەت سەپێنرابوو هاتبوە کایەوە.

دیارە پەیوەندی مارکس بە ئەنگڵسەوە وایکرد بێ مشتومڕ کە پاڵنەرێک بێت بۆ یەکەمیان(مارکس) بایەخ و گرنگیپێدانی بەردەوامی لە بواری ئابوری سیاسیدا، ئەو زانستەی کە نووسەرەکەی تیایدا گەورەترین شۆڕشی تیا بەرپاکرد. ئەنگڵس لە ماوەی ساڵانی 1845 بۆ 1847 زاینی لە برۆکسل و لەپاریس ژیا، بە لێکۆڵینەوە زانستیەکەی پەیوەستکرد بە چالاکیی پراکتیکی کرێکارانی ئەڵمانی لەو دوو شارە. لەم ماوەیەدا هەردوو هاورێ ( ئەنگڵس و مارکس) لەگەڵ رێکخراوێکی سیاسی ئەڵمانی بە ناوی «کۆمەڵەی شیوعیەکان» پەیوەندیان گرت. لەو پەیوەندیگرتنەیاندا رێکخراوەکە بەڵێنی خستنەڕووی هەموو ئەو پرانسیپانەی دا کە ئەم دوو تیۆریستە دایدەرێژن.

هەروەها ئەنگڵس و مارکس لە ساڵی 1848زاینی پێکەوە بەیاننامە دیارو گرنگەکەیان بڵاوکردەوە کەبە «بەیاننامەی پارتی شیوعی « ناسراوە. هەرچی شۆڕشی 1848زاینیە کە یەکەمجار لە وڵاتی فەرەنسا سەریهەڵدا

و پاشان ئەنیەوە بۆ وڵاتانی تری ئەوروپای رۆژئاوا، وایکرد کە ئەنگڵس و مارکس، بریاری گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان واتە ئەڵمانیا بدەن. دیارە لە بروسیادا ریانی هەبوو، ئەم دووهاوەڵە هەستان بە گۆڕینی مانشێتی رۆژنامەی دیموکراتی بۆ «رۆژنامەی ریانی نویٚ» کە لە شاری کۆڵۆنیا دەردەچوو.

ئـەم دووهـاوەڵـە بوونە گیانی هەمو ئـەو هەوڵە شۆڕشگێڕیە دیموکراتیانەی لە بروسیای ریانی دا هەبوو. دەبینین لەم ماوەیەدا ئەم دوو هاوەڵە هەموو هەوڵەکانی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ داکۆکیکردن لە بەرژەوەندی گەل و ئازادی و بەرامبەر هێزی ستەم و چەوساندنەوە دەوەستنەوە. هەرچەندە زاڵی و مل نەدان هەربەلای ئەو هێزە کۆنەپەرستانەدا دەشکێنەوە. دواجار رۆژنامەی « ریانی نویٚ« لەکار دەکەوێت. مارکس لەوکاتەدا کە کۆچی کرد رەگەزنامە برووسیەکەی ووندەکات، بۆیە بەو هۆیەوە لە وڵات دەکرێتە دەرەوە.

بەڵام ئەنگڵس دەمێنێتەوە و بەشداری لە راپەڕینی گەلی چەکدار دەکات، لە سێ شەڕدا کە لەپێناو ئازادیدا ئەنجامدراون ئەنگڵس بەشداری دەکات. بەڵام دیارە شۆڕشگێران توانای بەردەوامی شۆڕشیان نابێت بە هۆی ڕووبەڕووبونەوەی توندی دەسەڵات، لەبەرئەوە شۆڕشەکە شکست دەهێنێت و ئەنگڵس دووچاری ڕاکردن دەبێت و لە رێگەی سویسراوە بەرەو شاری لەندەن هەڵدێت. دیارە مارکس لەوکاتەدا هات بۆ لەندەن ئەویش لەوێ نیشتەجێبوو مایەوە. پاشماوەیەک ئەنگڵس گەرایەوە بۆ بەگەڕخستنی دەزگا بازرگانیەکەی پێشووی کە لەساڵەکانی چل ، وەک باسمان کرد، تیایدا کاری دەکرد و پاشان توانی وەک هاوبەشێک لەو دەزگایە لە مانچیستەر دەست بەکاربێنەوە. دیارە تاوەکو ساڵی 1870 زاینی ئەنگڵس لە شاری

مانچیستەر و مارکس لە شاری لەندەن ژیانیان دەگوزەراند. بەڵام ئەم جیایی دانیشتنەی ئەم دوانە کە هەریەکەیان لەشارێک بوو، واینەکرد کە لەبیروباوەڕو خەون و خولیاو کارکردنی زانستی و فکریدا لەیەک بترازێن، بەڵکو هەر پەیوەندییەکی توندو تۆڵیان لەو بوارەوە لەنێواندا هەبوو.

هەربۆیەش نامەگۆڕینەوەی بەردەوامی نێوانیان بەیەکێک لە هۆکاری مانەوەی پەیوەندی توندوتۆڵ و گۆرینەوەی بیروبۆچوون و گەشەپێدانی ئەو بیروباوەرە سۆسیالیستیەی کە تا دواهەناسەی تەمەنیان کاریان بۆکرد، خەریکی داڕشتنی سۆسیالیستی زانستی بوون ، تەنانەت بابەتەکانی تریش. دادەنرێت.

لە ساڵی 1870زاینی ئەنگڵس لەگەڵ هاورێکەی «مارکس» لە لەندەن کاری هاوبەش و گۆڕینەوەی بیرو تاوتوێکردنی بابەتی زانستی گرنگیان ئەنجامدا، واتە ئەم پەیوەندیانە لەوساڵەوە گەرموگوڕتر بوون تاوەکو مردنی مارکس لەساڵی 1883زاینی ، کە بەبەهێزترین پەیوەندیان دادەنرێت بەوەی کە تواناکانی خۆیان چڕکردوەتەوە لە نوسین و رێکخستنەوەی پایەکانی ئەو بیروباوەڕەی کەچەندین ساڵ ژیانیان بۆ تەرخان کردبوو. دیارە بەرهەمی ئەو پەیوەندیە توندوتۆڵو گۆڕینەوەی بیرو رایانە بە نیسبەت مارکسەوە بەرهەمی « سەرمایە- راس المال) ی لێ بەرهەم هات. کە بە گەورەترین کتێبی مارکس و نایابترین و زانستیترین کتێب لە بواری ئابووری سیاسیدا لەسەردەمی خۆی و ئێستاشدا نوسرابێت، دادەنرێت. هەرچی سەبارەت بە نوسینەکانی ئەنگڵسە لەوکاتەدا چەند نوسینی کورت و بچوک چەند نووسراوی گەورە بەردەستمان کەوتوون.

دیارە مارکس لەوکاتەدا خەریکی شیکاری دیاردە ئاڵۆزەکان بوو لە ئابووری سەرمایەداریدا. ئەنگڵسیش خەریکی خستنەڕووی بابەتەکانی بوو

به شێوەیکی ڕوون و هەندێجاریش جەدەلیانە بەڕووی زۆرێک لە پرسە زاسنی و گشنیەکان هەڵئەشاخاو ڕوداوەکانی رابردوو ئێستای لە دووتوێی ئاراستەی ماددی بۆ مێژوو و لای مارکس و تیۆریا ئابووریەکەی خوێندنەوەی بۆدەکردن، لەو چاپکراو نوسراوانەی ئەنگڵس ئاماژە بە کتێبی جەدەلی « دژی دوهرنگ» کە تیایدا شیکاری گرنگترین دۆزی فەلسەفەو زانستە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکانی کردووە. وەک کتێبی « ڕیشەی خێزان و موڵکایەتی تایبەت و دەوڵەت» و»لۆدفیگ فیورباخ».

دیارە مارکس پێش ئەوەی کتێبە گرنگ و گەورەکەی بەتەواوکراوی و چاپکراوی خۆی ببینێت بەڵکو هەر بەمسوەدەیی مابوەوەو دووبارە پێداچوونەوەی بۆ نەکردبوو بەناوی « سەرمایە» بۆیە ئەنگڵس وەک وەفایەک بۆ هاورێکەی ئەو ئەرکەی خستەسەرشانی و دوای مردنی مارکس پێداچوونەوەی بۆ مسوەدەکە کردو بەرگی دووەم و سێیەمی : کتێبی سەرمایەی بەچاپ گەیاند، دیارە بەرگی دووەمی لە ساڵی 1885زاینی و بەرگی سێیەمی لە ساڵی 1894زاینی، بەڵام تەمەن بواری نەدا بەرگی چوارەمی بەچاپ بگەیەنێت. بۆیە بۆ بەچاپگەیاندنی ئەو دوو بەرگەش ماندووبونێکی

دوای بزوتنەوەکەی 1848و 1849زاینی، دەبینین چالاکی ئەنگڵس و مارکس لە هەندەران و وڵاتی غەریبی تەنها لە بواری زانستدا خڕ نەبوبوەوە. بەڵکو مارکس لە ساڵی 1864زاینی رێکخراوێکی بە ناوی « کۆمەڵەی بەکارخراوی جیهانی « دروستکرد و نزیکەی دە ساڵ سەرۆکایەتی و سەرپەرشتیاری چالاکیەکانی بوو، ئەنگڵسیش پشکی بەشدارێکی چالاکی تێدا هەبوو. پاش مردنی مارکس ئەنگڵس خۆی بەتەنها بووە ڕاوێژکارو ڕابەری سۆسیالیستەکانی ئەوروپا. فریدریک ئەنگڵس لە ساڵی 1895زاینی لە

شاری لەندەن کۆچی دواییکرد.

پاش مردنی هاورێکەی(مارکس1883–) فریدریک ئەنگڵس دیارترین زاناو پـەروەردەکـەرو سەرپەرشتیاری چینی پرۆلیتاریای هاوچەرخ لە جیهانی مەدەنی بەگشتی بوو. پاش ئەوەی ئەم دوانە (مارکس و ئەنگڵس) چارەنووس کۆی کردنەوە، ئیتر کاری ئەم دوو هاورێیە لە ڕووی پراکتیک و نوسین و خەونی دوارۆژەوە شێوازێکی هاوبەش و ئاراستەیەکی هاوکاری بەتەواوکەری کاری یەکتر رۆیشت تا هەردوکیان ژیانیان بەکۆتاگەیشت. ئەنگڵس و مارکس یەکەم مرۆڤانێ بوون ئەوەیان ڕوونکردەوە کە چینی کرێکار وەک پێویستیەک لە گەڵ خواستەکانیان لە سیستمی ئابوری ئێستادا لەدایک دەبێت. ئەوەش لەگەڵ سەرمایەداریدا دروست دەبێت و بە شێوەیەکی حەتمی پرۆلیتاریا رێکدەخات.

ئەوەشیان خستە ڕوو کە ئەو نیەتە باش و ئەو هەوڵانەی کە لە لایەن کۆمەڵێک خواپێداوەوە دەگیرێتە بەر دادی نایەکسانی و ناعەدالەتی و لابەری بەڵاو چەوساندنەوەکانی سیستمی چینایەتی نین، بەڵکو تەنها تێکۆشانی پرۆلیتاریایە دۆخەکە دەتوانێت یەکلا بکاتەوە. دیارە ئەنگڵس و مارکس تەنها کەس بوون کە ئەو بەڵگەیەان دەخستە پێشچاو لە ناو کتێب و چاپکراوە زانستیەکانیاندا ، کە سۆسیالیستی نە خەونە و نە نمونەیەکی خەیاڵ پڵاویە، بەڵکو ئەوە دوا ئامانج و ئەنجامی پێویستی پەرەسەندنی هێزی کارە لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا. ئەو مێژووە نووسراوەی کە هەیە تا ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت، مێژووی شۆرش و بەرخودان و تێکۆشانی گەل و سەرکەوتنی چینە کۆمەڵایەتیەکانە بە سەر چینەکانی تردا. ئەم باروۆدخەش لەم جیهانەو ژیانەدا بەو پێودانگە هەر بەردەوام دەبێت، مادام چینایەتی و نایەکسانی و ململانێی چینەکان بەردەوامی هەیە.

بەمانا مادامەکی موڵکایەتی تایبەت هەیەو چینێکی کەمینە خەریکی حەپەلووشی زۆرینەی سامان دەکات و فاکتەری بەرهەمهێنانی فەوزای کۆمەڵایەتیە. دیارە دواجاریش کۆمەڵگەکان لەمرۆدا و لە ژێر سایەی ئەم سیستمەدا جیاوازی چینایەتی هەیە بۆیە ململانێی چینایەتی بەردەوامەو هەموو ململانێیەکی چینایەتیش بۆخۆی دەرگاکردنەوەیە بەرووی تێکۆشانێکی سیاسیدا.

**کاری هاوبەش و هاورێیەتی ئەنگڵس و مارکس**

دیارە لەم پێشەکیەی سـەرەوەدا ئاماژەیەکمان دا بە پەیوەندی هاورێیانەی ئەنگڵس و مارکس، بەڵام لە راستیدا تێکەڵاوی ئەم دوو گەورە پیاوە فەیلەسوفە، ئەوە دەخوازێت کە لەم بوارەوە زیاتریان لەسەر بنووسرێت، بۆیە ئێمە پێمان باش بوو کەمێک لە سەر کارە هاوبەشەکانی ئەم دوو زانایە بنووسین.

بەڵام لەمێژوودا نموونەی کەم لە هاورێیەتی وەک هاورێیەتی دوو فەیلەسوفی مەزنی شۆرشگێری سیاسی وەک ئەنگڵس ومارکس بەرچاو دەکەوێت، کە پەیوەندی کەسی ئەم دووانە لە کاتی یەکتر ناسینەوە بە درێژایی نیوە سەدە زیاتر بەردەوامی هەبووەو هیچ شتێک نەبێتە هۆکاری پچراندنی تەنها مردن کۆتایی بەو هاورێیەتیە بهێنێت .

پەیوەندی هاورێیەتی نێوان فریدریک ئەنگڵس (1820–1895زاینی) و کارل مارکس (1818–1883زاینی) رەنگدانەوەی کۆمەڵێک هەڵوێست و بیرکردنەوەو تێروانینی ناخی و هەوڵی گەران بەدوای پاشەرۆژێکی رۆشندا بوو. بەدەر لەوە سۆز و خۆشەویستیە ناخیە ئاشکرانەکراوەی کەلە نێوان ئەم دوومرۆڤە باڵایەدا بە بێ رێکەوتن لەسەری بوونی هەبوو. ئەم دوو مرۆڤە ( ئەنگڵس و مارکس) دیارە کە جومکی نێو یەک خانەوادە نەبوون،

، ئەم دوانە ژیانی منداڵیان پێکەوە نەبردۆتە سەر، یاری کۆڵانی گەرەکێک بە منداڵیش کۆی نەکردوونەتەوە جارێ ، لەسەر یەک مێزی خوێندن قوتابخانەیەک پێکەوە کۆی نەکردوونەتەوە تەنانەت لە شارێکیش لەدایک نەبوون. تەنانەت چینی کۆمەڵایەتی خانەوادەی ئەم دوانەش هاو شێوە نەبووە بەڵکو هەر جیاوازبووە.

چونکە ئەنگڵس لە خانەوادەیەکی دەوڵەمەند لە دایک بوو، هەرچی مارکسە لە خانەوادەیەکی کە سەر بەچینی ناوەند لەدایکبووە، دیارە مارکس لە شاری (تیرێر) ی ئەڵمانی لەدایک بووە، و رۆشنبیری ئەکادیمی لە شارەکانی « بۆن و بەرلین و جینا» بەدەستهێناوە. لە ساڵی 1842زاینی بەدواوە مارکس بەشداری لە دەرکردنی رۆژنامەی « راینچ تسایتۆک» دەکرد و دواتر وەک سەرنووسەری ئەو رۆژنامە دیاریکرا. نوسینەکانی بوونە جێگەی مشتومڕو تەنانەت شوێنگەی چاو لەسەردانانی پیاوانی دەوڵەت کە وەک جۆرێک لە ترس و لێدانی بەرژەوەندیەکانیان تەماشایان دەکردن. چونکە ڕەخنەی توندی ئاراستەی سیستمی سیاسی و بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو کاتەی کە ئەڵمانیای تێدا دەژیا، دەکرد. دەبینین تا ئەم کاتەش مارکس وەک هاورێیەک و تەنانەت ناسراوێک بۆ فریدریک ئەنگڵس لەژیانیدا بوونی نیە. گەر بێینەوە سەر ئەنگڵس و ژیانی ئەنگڵس وەک وتمان ئەم فەیلەسوفە لە شاری بارمن (برتاڵ-ی ئێستە) لەدایکبووە، بنەچەی خێزانی ئەنگڵس دەچێتەوە سەر خێزانێکی بازرگانی دەوڵەمەندی پرۆتستانتی، لەلایەن خێزانەکەیەوە ئەرکی شارەزابوون و بەرپرسیارێتی بازرگانیکردنی دەخرێتە سەرشان و دەنێرێت بۆ ئینگلتەرا و ئەرکی کارکردن و شارەزایی پەیداکردنی لەکارگەیەکی رستن و چنین لە شاری مانچیستێر بەسەردا دەدرێت.

لە ساڵانی (1842–1844زاینی ) وەک پێشتر هێنامان ئەنگڵس ڕۆژانە ڕووبەڕوو چاوی بە نەهامەتیەکانی کرێکاران دەکەوت لەو کارگەیەی کە کاری لێدەکرد و پاشان دەگەڕا چاودێری بارودۆخی نالەباری کرێکارانی کانەکانی خەڵوزو کارگە پیشەسازیەکان و کرێکاران لە کەرتی کشتوکاڵ و هەموو ئەو جیاوازی و ناعەدالەتی و زەبرو زەنگیەی کەلەلایەن چینی پارەدارو سەرمایەدارەوە تووشیان دەبوو تێبینی دەکرد و وەک وتیشمان ئەنگڵس کتێبێکی لەوبارەوە نووسی و بەناوی( بارودۆخی چینی کرێکار لە ئینگلتەرا) بڵاوکردەوە.

ئەنگڵس پەیوەندی بە بزووتنەوەی چارتەری- (الوپقییە) کرد، کە ئەو بزووتنەوە داوای فراوانکردنی مافەکانی کرێکاری دەکرد لە دەنگدان دا، پاشان هەستا بە دیراسەکردنی بواری ئابووری سیاسی ، ئەنگڵس ئاشکرا ڕای خۆی ڕاگەیاند، ووتی کە ئەو نەهامەتیەی ئەو سەردەمە لەخۆی گرتوویەتی هۆکارەکەی هەژموونی دەزگای موڵکایەتیە تایبەتەکانە. دیارە ناتوانرێت ئەو موڵکایەتی تایبەتیە لەچنگ ئەو مرۆڤە چەوسێنەرانە دەربکرێت، بەبێ تێکۆشانێکی چینایەتی کە دواجار ئەو تێکۆشانە لەکۆمەڵگەی شیوعیەتدا دەگاتە ترۆپک.

ئەم چالاکیە سەربەخۆیانەی ئەنگڵس بۆخۆی پێگەو ناسراویەکی بۆ درووستکرد، کەوایکرد ئەنگڵس وەک ئابووریناسێکی سیاسی شۆڕشگێری لەلایەک و دامەزرێنەری ڕەگەزەکانی هاوشێوەیی و هاوبیری لە میکانیزمەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لە نێوان خۆی و هاورێ پاشەرۆژیەکەی ( کارل مارکس) کە تا ئەم کاتە واتە ئەم قۆناغە کە ساڵی (1844زاینی) پێی نەگەیشتبوو لەلاکەی ترەوە. دیارە لە ساڵی (1844زاینی ) ئەنگڵس لە شاری پاریس بە « کارل مارکس» گەیشت و بۆیەکەمجار لە پاریس

چاویان بەیەكتر كەوت و یەكتریان ناسی. دیارە ماركس ئەوكات كۆمەڵێك بەرهەمی لەسەر بیری شیوعیەت بڵاوكردبوەوە. لێرەدا ئەم دوو پیاوە بۆیان دەركەوت كە هەریەكەیان لەرێگەی خۆیەوە، هاوبیری یەكتردەكەن و خەریكی بڵاوكردنەوەو پشتیوانی هەمان بیری یەكترین. پاشان بە خێرایی پەییان بەوەبرد كە رەگەزەكانی هاورێیەتی لە ناو ناخ و كردارو خواستی ئەم دووانە لە ئاستێكی بەرزدان و لای هەردووكیان كۆبوونەتەوە. كە دیارە ئەم پەیوەندیە هاورێیەتیە دواتر دەبینین دەچێتە ئاستی ئەفسانەییەوە ئەوەندە بەردەوامی و تۆخبوونەوەی تێدا دەبێت، كە دوای مردنیش ناتوانرێت جوێبكرێنەوە. ئەمە بەدەر لەوەی  دەبێتە فاكتەری چالاككردنی بیری و كردارەكی و سەوزكردنی ئومێدو هیوای بەردەوام بۆ هەردوولا.  ئەوەتا لینین پاش نزیكەی زیاتر لەچارەكە سەدەیەك دووای مردنی ئەم دوو فەیلەسوفە و لەسەدەی بیستدا ئەوە دەدات بەگوێی هەموو شیوعیەكان و نەیارەكانیدا و دەڵێت: ئەنگڵسو ماركس بەرهەمی بیری جوانی شیوعیەتن، هاورێیەتی و دڵسۆزی مرۆیی ئەم دووانە شاهیدی راستەقینەی ئینسانیەتی بیری شیوعیەتە كە وادەكات نموونەی بەرزی هاورێیەتی و خۆشەویستی فێری مرۆڤەكان بكات و مرۆڤەكان لەسەری برۆن . هەروەها تەحەدای بیری سەرمایەداری دەكات كە بتوانێت نموونەیەكی هاورێیەتی وەك ئەم دوو فەیلەسووفە پێشكەش بە مرۆڤایەتی بكات.!

پاش ئەوەی ئەم دوو فەیلەسوفە لە شاری پاریس یەكتر دەبینن، بەڵێنی پێكەوە كاركردن بەیەكتری دەدەن، ئەم بەڵێنی كاركردن و هاوشێوەكاركردنە دەبێتە هەوێنی ئەو هاورێتیە درێژخایەنەیان، ڕەگەزی كار لای ئەمان بەیەكێك لە رەگەزە گرنگەكان و گەورەترین ڕەگەزێك دێتە هەژمار بۆ بەستنەوەی رۆح و ئامانجی تاكەكان و دواجار بەردەوامی گیانی

هاورێیەتی. وەک دەبینین دوای مردنی مارکس(1883زاینی ) بەردەوام دەبێت. ئەمەشیان دووئاراستەی سەرەکی وەرگرت، یەکەمیان شیکاری مێتۆدی بۆ پرانسیپەکانی شیوعیەت، ئەو شیوعیەتەی کە لەم دواییەدا بە» مارکسیەت» ناسراو ناوزەدکرا.

دووەمیان کارکردن لەبۆ چالاککردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە جیهاندا، لە ڕێگەی کۆمۆنەی میللیەوە (الاممیە الشیوعیە» دیارە ئەم دووانە بەجۆرێ لەجۆرەکان لەسەر بەشکردنی کارەکان ڕێککەوتن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەردووکیان هەوڵی خۆیان لە بواری فەلسەفەدا بەردەوام و بەچڕی دەخستە گەڕ، بەڵام بە پێی ئەو ڕێککەوتنەی دابەشکردنی کارە لەنێوانیان « مارکس» قوڵبوونەو کارکردن لە بواری بیری سیاسی و ئابووری سیاسی و مێژووی ئابووی پێ سپێررا. هەرچی ( فریدریک ئەنگڵس) بوو بەشی زاستە سرووشتی و بیرکاری و زانستی ئەنسرۆپۆلۆجی و زانستی سەربازی و زمانی لەو دابەشکاریە پێ سپێرابوو.

ئەم چالاکیە تەواوکاریەی ئەم دوو هاورێیە لە پێناو داهێنانی بیر و زانستێکی نوێ دەرکەوتنی گەورەترین بەیاننامەی کە مێژووی نوێ بەرۆژهەڵات و ڕۆژئـاواوە بینیبێتی بەخۆیەوە لێ بەرهەمهات، ئەویش بەیاننامەی شیوعیەت بوو، کە هیچ ئەدەبێکی سیاسی شۆڕشگێڕی لە جیهاندا ناتوانێت کاریگەریەکانی تێپەڕێنێت، هەروەها هیچ ئەدەبێکی شیوعی ناتوانێت کاربکات بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو کە وەک سەرچاوەیەکی فیکری و گشتگیر، سەرەڕای ئەوەی کە کەمو پوختە. چی لەپشت سەرهەڵدان یان نووسینی ئەو بەڵگەنامە مێژوویەوە هەبوو؟

ئەنگڵس بۆخۆی مسوەدەیەکی ئەو بەیاننامەیەی نووسی، پاشان ئەوەبوو خستیە بەردەم مارکس بۆ تەماشەکردنی و چاوپێداخشانەوەی و

پاشان دوا صیاغەکردنەوەی . ئەمەش ئەو نموونەیە دەخاتە بەردەست کە فریدریک ئەنگڵس چەندە رۆڵو پشکی لە بونیادی بیری شیوعیەتدا هەبووە. هەروەها نموونەیەکی تر کە گرنگی و بایەخ و ترسناکیش تەنانەت لەوەی پێشوو کەمتر نیە، ئەویش ئەوەیە بە هۆی ئەوەی مارکس پێش مردنی نەخۆشی و مەشغووڵ بوونی بە «کارگێڕی ئەنجومەنی گشتی بۆ گەلان»ەوە فرسەتی تەواوکردنی بەرگی دووەم و سێیەمی کتێبەکەی ( سەرمایە) ی نەدا و گیانی سپارد، و کتێبەکەی بەمسوەدەیی جێی هێشت بەسەر هاورێکەیەوە، بەڵام بەهۆی دڵسۆزی و باشی ئەم فەیلەسوفە بۆ هاورێکەی و بیرو باوەرەکەی توانی لەرێگەی کۆکردنەوەو یەکخستنی ئەو دووبەرگە لەو کتێبەو بەچاپگەیاندنی توانی تەواوکاری بیری شیوعیەت بکات.

دیارە ئەو بارودۆخە نەبوونی و هەژاریەی مارکس لە شاری لەندەن دووچاری دەبوویەوە، دیسان جۆرێکی تر لە ژیانی هاوڕێیەتی کەم نموونەی ئەم دوو کەڵە زانایە ئەنەخشێنێت . چونکە ئەگەر هاوکاریە مادديەکانی ئەنگڵس بۆ مارکس نەبوایە، ئەوە دووەم هەرگیز نەیدەتوانی زۆرشت کە کردوونی و ئیمرۆ بەرهەمی نـاوازەی زانستی ئەو دادەنرێن هەر لەدایکبوونایە.

تەنانەت هەندێ لە مێژوونوسە شیوعیەکان باوەڕیان وایە کە تەنانەت مارکس نەیدەتوانی لە شاری (لەندەن)دا ژیان بباتە سەرو بمایەتەوە. لەنامەیەکی کاریگەردا کە « دیڤید ریازانۆڤ» لە نێو کتێبی ( کارل مارکس و فریدریک ئەنگڵس- پوختەیەک لەکارو ژیانیان) بڵاویکردوەتەوە. مارکس بۆ هاورێکەی « ئەنگڵس» باسی ئەو موعانات و بارگرانیەی خۆی دەکات لەپشت نوسین و ئامادەکردنی کتێبی «سەرمایە» دا چی بەسەرهاتووەو دەڵێت: ئەوە دواجار لە تەواوکردنی بەشی یەکەمی ئەم کتێبە بوومەوە،

بەڵام من خۆم بەقەرزاری تۆ دەزانم لەوەی کە توانیم ئەمە تەواوبکەم و چونکە تۆ لەپشت تەواوکردنیەوە بووی.

بەبێ ئەو یارمەتیدانانەو ئەوپێشکەسکەریانەی تۆ بەمن ئەوە بەدڵنیاییەوە توانای بەردەوامیدانم بەو کتێبە، نەبوو . بۆیە ئەنگڵس پشتیوانێکی بەردەوامی مادی مارکس بووە، ئەنگڵس لە پشت لادانی ئەو هەموو تەنگو چەڵەمە مادیانەدا بووە کە هاورێکەی لەرێگەی گەیشتن و بەدەستهێنانی ئەو بەرهەمە فیکری و زانستی و شۆڕگێریانەی دووچاری هاتوون. دیارە ئەنگڵس و مارکس پێکەوە بەبەردەوام پەیوەندیان بە شۆڕشگێرانی جیهانەوە هەبووە، لە رێگەی امیەی یەکەمەوە کە لەساڵی 1872زاینی هەڵوەشایەوە، پاشان امیەی دووەک کە ئەویش لەساڵی 1889 زاینی پاش مردنی مارکس ئەنگڵس رۆڵی کاریگەری تیابینی. دیارە ناردنی ئەنگڵس بۆ شاری مانچیستەر بۆکارکردن لەو کارگەی رستن و چنینە، دەتوانین بەوەرگەڕانێکی مێژوویی لە بیری ئەم مرۆڤە گەورەیە(ئەنگڵس) لە ژیانی فیکری و سیاسی و ئابووری دابنرێت. دیارە ئەنگڵس پارێزگاری لەپێگەی وەزیفی و ئەرکی خۆی کرد سەرەتا وەک کرێکارێک پاشان دوای ئەوەی باوکی کۆچیدوایی دەکات و سەروەت و سامانی باوکی کەسەرمایەدارێکی دیارو خاوەنی سامانێکی گەورە بوو ، ئەمەی وەک میراسی بۆ ئەم دەمێنێتەوە. دیارە دواتر وەک یەکێک لە سەرانی ئیداری ئەو کارگەیە کاری خۆی دەکات. ئەم کارگەیەو بوونی سەرمایەی ئەنگڵس فاکتەرێکی باش بووە کە بتوانێت لە رێگەیەوە هەم خۆی و هەم هاورێکەی بابەتی مادی و نەبوونی ئەوەندە رێگر نەبن و بەجۆرێ لە جۆرەکان هاوکارێکی مادی باش بێت بۆ گەیشتنی هەردووکیان بەکارو ئامانجیان.

چونکە لەوکاتەدا ژیانی مادی و بژێوی پەیداکردن زۆر قورس و گران بووەو پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤەکان بە هۆی خواستی چاوبرسی سەرمایەداریەوە ئاڵۆزو سارد بوون و ئەنانیەت تێیاندا سەرباشقە بووە.

ئەنگڵس لەگەڵ مارکسی هاورێیدا بەشدارو هاوکاری بووە لە بونیادنانی هەموو قۆناغەکانی بزووتنەوەی شۆڕگێڕی لە جیهاندا، لەساڵی 1948 هاوڕایی کرد لە کۆلۆن و چاودێریکردنی ئەو شۆڕشانەی کە لەهەندێ وڵاتانی ئەوروپی ڕوویـدەدا، پێکەوە رۆژنامەی شیوعیەتیان بۆ خزمەتی شۆرش دەرکرد. دیارە پاش هەرەسهێنانی شۆرشەکە هەردوکیان گەڕانەوە بۆ لەندەن.

دیارە لەم چەند ساڵەی دوایی کە مارکس وازی لە پۆستی ئەندامێتی ئەنجومەنی کشتی ئومەمی بەدەستەوەگرت. بەهۆی ئەوەی کە ئەنگڵس دەیتوانی بە زیاتر لە 12 زمان قسە بکات، ئاستی پەیوەندیگرتنی ئەو لەگەڵ شۆرشگێراندا فراوان و بەردەوام بوو. توانای قەناعەت پێکردن و گفتوگۆو وتوێژوی زۆری لەگەڵ شورشگێرانی دونیادا هەبوو. ئەمە سەرەڕای ئەوەی خاوەنی کتێبی زەبەلاحی وەک « دیالێکتی سرووشتی» و « ریشەی خێزانی و موڵکایەتی تایبەت و دەوڵەت» و « دژی دۆهرینک» و چەندی تر. کەچی ووتەی بەناوبانگی ئەنگڵس هەر لەبەرچاوە کەپڕە لە جوانی مرۆیی و نموونەی تەوازوع سەبارەت بەهاورێیەتی خۆی لەگەڵ مارکس کە دەڵێت: بەردەوام لەپاڵ مارکس دا دووەم ئاواز لێدەری نەی بووم.

## بەشی دووەم:
## ئەنگڵس و ئاین

پرسی ئاین و تێگەیشتنی ئاین لای ئەنگڵس و مارکس ، چ لای لایەنگران و شوێنکەوتەی ئایدیۆیۆلۆجیەتی مارکسی بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوین وگشت وخەڵکی کۆمۆنیست و چەپی عەرەبی ، چ ئەوانەش خۆیان بەدیندارو شوێنکەوتەی ئاینی دەزانن تا بەئیمرۆش تێگەیشتنی ئەنگڵس و مارکس بۆ ئاین، بە ووردی نازانن. روانینێکی زانستیان بۆ بیری ئەو دوانە بەتەواوی نیە.

ئەو گوتەزایەی مارکس سەبارەت بە ئاین هێناویەتی لە نوسینەکانیدا کە دەڵێت:» ئاین ئەفیونی گەلانە.» ئیتر وادەزانن ئەم گوتەیە پوختکراوەی تێگەیشتنی ئەنگڵس و مارکسە بۆ دیاردەی ئاین و ئاینداری لە کۆمەڵگەدا.! کە لەراستیدا ئەمە وانیەو تێنەگەیشتنە لە بیری ووردی ئەو دوو فەیلەسووفە. بۆیە پرسیاری گرنگ لێرەدایە کە بڵێین مەگەر ئەم تێڕوانینە دەکرێت بە تێڕوانینێکی ووردی ئەو دووکەسە بخەملێنرێت؟ بۆ وەڵامی ئەوە پێمان باشە ئەم بەشە لەنووسین تەرخان بکەین بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەو لەوێوە تێڕوانین و تێگەیشتنی ئەنگڵس و مارکس بۆ ئاین بخەینە ڕوو.. سەرەتا دەبێت دان بەو ڕاستیەدا بنێین کە ئەم گوتەیە لە بنچینەدا هی مارکس و ئەنگڵس نیە، بەڵکو ئەم گوتەیە لە سیاقی نوسینی فەیلەسوفانی ئەڵمانی

وەک هایدگەر و فیورباخ و برۆنۆ بۆرو موسیس هیس و هینریچ هین و هتد هاتووە و دەبینرێت. بۆنموونە لە وتاری لۆدفیج بۆرن لە ساڵی 1840 زاینیدا هاتووە.

هینریچ هین لەکاتی جیاکاری بۆ دیاردەی ئاینی هەوڵی داوە لایەنە پۆزەتیڤەکانی ئاین بخاتە ڕوو. بەڵام بە شێوەیەکی گاڵتە ئامێزیش هێرش دەکاتە سەر شوێنکەوتوانی ئاینی و ئاینەکەیان و دەنووسێت» دەست خۆشی و بەخێر هاتن بۆ ئەو ئاینەی کەوەک چەند دلۆپێکی بێ هۆشکەر و شیرین لە ئەفیونی رۆحی دەکاتە ناو پیاڵەی مەینەت و ئازارە تاڵەکانی مرۆڤەوە. چەند دلۆپ لە خۆشەویستی، لە هیواو ئیمان. ئیتر کەتواریان بیردەباتەوە.»

پاشان مۆسیس هیس لە وتارێکیدا کەلە ساڵی 1843 لە سویسرا بڵاویکردەوە، کەتیایدا هەوڵی تەبەنیکردنی هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوە (کە خاڵی نیە لەجۆرێک لەشەفافیەت و ناڕوونی) داوە کە وتویەتی: لە ڕاستیدا گومان لەوەناکرێت کە ئاین یارمەتی مرۆڤ دەدات لەهەڵگرتن و ئارامی بەمرۆڤ بەرامبەر ئەو ئازارو ئەشکەنجانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە. بە ئەندازەی زیاتر لەو ئەفیون و مادە بێهۆشکەرانەی کەمرۆڤی نەخۆش وەریدەگرێت بۆ مەبەستی بەرگەگرتنی بەرامبەر ئازارەکانی.

راستە ئـەوان بەتێڕوانینێکی مادیانە دەڕواننە هەردیاردەیەکی کۆمەڵگا، ئاین و ئایندارێش وەک هەردیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بێگومان شوێ،گەو کاریگەری دادەنێت لە کۆمەڵگەدا، بۆیە لە بنچینەدا مادام ئەوان باوەڕیان وایە کە ئاین وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵگەدا بوونی هەبووە و بوونیشی هەیەو وەدواتریش هەردەبێت، بۆیە هیچ کات ئینکاری ئەو کاریگەریەیان نەکردووە، دیسان ئەگەر هێنانی ئاین وەک ئەفیوون و مادەیەکی بێهۆشکەر بۆ خۆی مانای کاریگەر بوونی کۆمەڵگەکان دەدات

بەو دیاردەیە، مانای کردنەدەرەوەی ئاین نیە لە تواناو کۆنترۆڵی لەسەر کۆمەڵگە، بەڵام دیارە پرسەکە لێرەدایە ئەوان چۆن بۆ ئەو دیاردە کاریگەرە دەڕوانن ؟ ئەوە هەزاران ساڵە، تێفکرینی ماددی وەک هەر دیاردەیەکی تری ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بوونی هەبووە، ئەم تێفکرینە خەریکی ململانێی بەردەوامە لە گەڵ بۆچوونەکانی تری نێو جیهانی فەلسەفەو مەعریفە.

بەداخەوە ئێمە تا ئێستا لەم بارەیەوە، زانست، نووسین و لێکۆڵینەوەیەکی وامان نەبووە بە زمانی کوردی، بۆیە بەشێوەی جۆراوجۆر کورتهێنانمان تا ئێستەش هەر هەیە، دوورین لە بەکارهێنانی میتۆدی زانستی و تێگەیشتنی گوازراوەی هەڵەمان بۆ تێفکرینە زانستیەکان هەیەو لەرێگەی گوتەو گوتەزای ئایدیۆلۆژیەوە (وتیان و دەڵێن و بیستومانەوە ..!!) مێشکمان پڕدەکەین لە بیرو ئایدیاو تێفکرینەکان.

دیارە لە ساڵی 1844زاینی گوتەکەی مارکس « ئاین ئەفیونی گەلانە» دەرکەوت لە وتارێکی کە بەناونیشانی «ڕەخنەیەک لە فەلسەفەی ڕاستی، لای هێگل» هیچ زیادە ڕەوی نیە ئەگەر بەسەرنجێکیووردەوە تەماشەی ئەو وتارە بکرێت و خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی بۆ بکرێت، ئەو راستیە بەرچاودەبێت کە مارکس ئەکادیمیانە باسی ئاینداری ئەوکاتە دەکات و زۆر سورە لەسەر خستنەڕووی سروشتی دوالیزمەی دیاردەی ئاینی و بەکاربردنی ئاین لەو زەمەنی کەتیایدا ژیاوە، بەشێوەیەک زۆر لەسەرووتر لەوەی لەسەر ئاین باوبوەو لەسەر ئاینداری باوی لای ئەو کە لەلایەن تیۆریستە مارکسیە پێشوەکانەوە نووسراوە باسی لێوەکراوە. دەکات.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە مارکس وەک ڕەخنەگرێکی توند بەرامبەر ئاین لێوەی باسکراوەو ناسێنراوە، کەچی ئەو لەو وتارەیدا دەنوسێت:» ئەو خەمو خەونەی هاوشانە لەگەڵ ئاین، لەراستیدا شتێکی واقیعیە،

لەهەمان کاتدا مانای بەرەنگاربوونەوەی ئەو کەتوارە دەداث. ئاین وەک رزگارکەری مرۆڤێکە کە لەگیانەڵادایە، کە خەریکە لە ژێر ئازارو نارەحەتیدا دواهەناسەکانی خۆی دەدا ، لەهەمانکاتدا درووستکراوی ئەویشە. دڵی جیهانێکی بێ دڵە، وەک چۆن گیانی جیهانێکی بێ گیانیشە. «

راستی ئەم بۆچوونەی مارکس لەوەدایە کەهەردەم مرۆڤە هەژارەکان و ئەوانەی لە ژێر مەینەتی و ئازارەکاندا دەتلێنەوە، وەختەکارێک مرۆڤی هاو ڕەگـەزی خۆی (مـرۆڤ) گـورز و قامچی چەوساندنەوەی لەسەر بەرزکردوەتەوە ئیتر لەم جیهانی کۆمەڵگەیەی خۆی پشت وپەناو داڵدەیەک نادۆزێتەوە مولزەمی دەکاث کە بگەڕێتەوە بۆ میتافیزیک و لەوێوە داوای هاوکاری و داوای لابردنی مەینەتی و سوکناهێنەرەکانی رۆحی دەکاث، یاخود لەکاتی بێ هێزی و نەخۆشی و پیریدا کە ئیتر ئەوکاث توانایەکی نیەو هەست بە توانەوەی شوێنگەی کۆمەڵایەتی و پشتیوانی و مانایەکی ئەرکەکی لە کۆمەڵگەدا وون دەکاث دیسان پەنا دەباتەوە بۆ جیهانی میتافیزیکاو لەوێوە گەشتێکی رۆحی نامادی دەست پێدەکاتەوە، بەڵام دیارە مرۆڤ وەک خۆی مرۆڤێکی ملهوڕەو تا تونای ملهوڕی و تواناشکانی بەسەر جیهانی مادیدا هەبێث کەمترین خەیاڵی بۆ میتافیزیقاو بابەتەکانی ئاین و خواو رۆژی دوایی و ئەمانە دەچێـث. بەمانا هەرکاتێک مرۆڤ بگاتە ئاستێک لە توانای مادی و پێگەی کۆمەڵایەتی ئەوەندە هەبێث و ئیتر لەوێوە جیهانی میتافیزیکا دەبێتە بابەتێکی لاوەکی یان کەنارگیر کراوە ئەمە بەشێوەیەکی گشتی.

بۆیە لەم دۆخـەدا کە ئاین پشتیوانیەک بێث بۆ مرۆڤ و ووزە بەخشێکی رۆحی و جەستەیی مرۆڤەکان بێث ئەنگڵس و پاشان مارکسیش گرفتێکیان لەگەڵی نیەو نەبووە. کەدواتر ئەمەش ڕووندەکەینەوە کە ئەنگڵس

چۆن باس لە لەسەرهەڵدانی ئاینی مەسیحیەت دەکات و پاڵپشتی هەژارو چینی چەوساوە دەبێت.

هەروەها گوتەی «ئاین ئەفیونی گەلانە» دەتوانرێت ئەو لێکدانەوەی تریشی بۆ بکرێت کە مارکس راستەوخۆ نەیاری ئەوانەی پێدەکات کە دەڵێن ئاین بابەتێکە لەدەرەوەی جەوهەری مرۆڤەوەو بەسەریدا سەپێنراوە.

چونکە ئەگەر بەشێوەیەکی سەراپاگیر تەماشای وتارەکەی مارکس بکەیت ئەو دەربرینە، دەزانی لەکوێداو بە چ مەبەستێک بەکاریهێناوە. واتە ئەوەمان بەجوانی بۆ ڕووندەکاتەوە کە تێڕوانینی مارکس پرۆتستۆی بیری هیگڵی نوێ دەکات، کە لەهەوڵی خستنە ڕووی ئاینە وەک شێوازێکی نامۆ بوون لە جەوهەری مرۆڤ. زیاتر لەوەش وەستانەوەیەتی بەرامبەر فەیلەسوفانی رۆشنگەری کە ئیدانەی ئاین دەکەن بەوەی کە میکانیزمێکە بەدەست کاهین و رەهبانەکانەوە و بۆمەرامی خۆیان بەکاری دەبەن. لەراستیدا ئەو دەستەواژەیەی سەرەوە کە مارکس نووسیویەتی، رەخنەیە لەوجۆرە بەکاربردنە شارەزایانەو دووڕوانەی فیورباخ وهێگڵییە نوێیەکان، و بەڕوویاندا دەداتەوە، تەنانەت ئەم شیکاریەی کە بۆئاینی دەکات نموونەیەکە لەو ڕەخنەیەی کە دەچێتە خانەی پێش مارکسیەتەوە.

بەمانا مارکسیەت لەوکاتەدا بوونێکی نەبووە، بەمانا هیچ جۆرە ئاماژەیەکی چینایەتی تەنانەت مێژوویی تیا نادۆزرێتەوە.

سەرەڕای بوونی جۆرێک لە تایبەتمەندی دیالێکتیکی ڕوون بۆخوێنەر دەدۆزینەوە ئەویش لەو شیکاری سرووشت پارادۆکسیەی بۆدیاردەی ئاینی کردووە. کەلەلایەکەوە ئاین سروشتێکی ملکەچی بۆ واقیعی ژیان و لەلایەکی ترەوە نارازیبون و بەرنگاربوونەوەی ئەو واقیعە لەلایەکی ترەوە. دیارە کاتێکی زۆری بەسەردانەچوو بوو تا ئەو خرۆنیکایەی (ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی)

هات و کە لەساڵی 1846زاینی دەرچووبوو. تیایدا بەو لێکۆڵینەوەیەی مارکس بۆ دیاردەی ئاین کردبوو بەو پێیەی کە ئاین وەک کەتوارێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئاماژەی پێدابوو . بەڵام لە راستیدا ئەوە لێکۆڵینەوەیەکە کە بەو تێگەیشتنەوە پەیوەندی ئەو تەنها لەگەڵ « بزووتنەوەی هێگڵی گەنج» ناپچرێنێت، بەڵکو هیچ پەیوەندیەکیش ناهێڵێتەوە لەگەڵ ماکس چیرنەر و فیورباخ دا.

ئەو تایبەتمەندیەی کە مارکس لەم شیکاریەی بۆ ئاین کردوویەتی و لەخرۆنیکاکەدا هاتووە، ئەوەیە کە ئاین وەک شێوەیەک لە شێوەکانی ئایدیۆلۆژیا باسی لێوەدەکات. بەمانا بەرهەمی گیانی کۆمەڵگایە ، بەرهەمهێنەری بیرو ئەندێشەی رزگاریبوون و ئەو هوشیاریەی کە هەڵدەستێت بەئەنجامدانی بارودۆخێکی ماددی لە جیهاندا. مەرجێکی پێویستبونە بە بەرهەمهێنانی مادی و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان. کەچی لەکاتێکدا مارکس ئەمە دەڵێت و ئەوانی تریش بیری (پێچەوانەکەی) دووبارەدەکەنەوە. ئەوەش بەسادەیی بابەتێک کەمترین کاریگەری لەسەرکۆمەڵگەهەبێت، مارکسیەکان زۆرترین دەسوەردانیان لێکردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا بیری سەرەکی لە شیکاری مارکس بۆ ئاین لەوەدایە لە ساتەوەختی سەرهەڵدان و گەشەی شێوازە جیاوازەکانی هوشیاریدایە( ئاین، ئەخلاق، فەلسەفە..هتد) بۆ پەیوەندی بەرهەمهێنان. ئەوەی کە ئەمەمان بۆ دەستەبەردەکات ئەوەیە کە هەموو شتێک لە رێگەی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانەوە دەبێت، سەرەرای ئەوەی مارکس سوور بوو لەسەر دانەخستنی دەرگا بەڕووی هۆکارەکانی تردا.

دوای ئـەوەی خرۆنیکای (ئایدیۆلۆجیای ئەڵمانیا) کە مارکس بەهەماهەنگی ولەسەر داوای ئەنگڵس نووسیبووی، تاکۆتا نوسراوو کتێبی

مارکس نابینین ئەوەندە قسەی لەسەر ئاین بکاتُ و دەرخەری پەیوەندی مارکسیەتُ بە ئاینەوە بێتُ. بۆیە ئەو باسکردنانەش ئەگەر هاتبن ئەوا زۆر بەکورتی و بەشێوازێکی نەرم و ژیرانە تەقەی لەبابەتەکەی داوە. کەسەرلەبەری ئەو قسەلەسەرکردن و رەخنانە، ئەو وێنەیەمان دەداتُ بەدەستەوە کە ئاینیش وەک ئایدیۆلۆژیایەک توانراوە بەکاربێتُ بەرامبەر ئایدیۆلۆژیەکانی دیکە کە بەتوندی نەیاری ئەمەی کردوەو وەستاوەتەوە لەبەرامبەری. لەگەڵ ئەوەشدا خوێنەر لەم بارەوە دەتوانێتُ کۆمەڵێک ئاماژەی کاریگەر لە بەرگی یەکەمی کتێبی « سەرمایە» بدۆزێتەوە.

لەپەراوێزە گرنگەکەیدا مارکس بەتوندی دادەبارێتُ بەسەر ئەو گەمژەییەی کە بیروباوەڕ دەیگێرێتُ و ڕۆڵی بەرچاوی دەبێتُ لە سیاسەتُ لە سەردەمی یۆنانیەکان، پاشان رۆڵی ئاین لە چاخەکانی ناوەڕاستدا. بەتوندی ڕەخنە لەو جۆرە بیرو باوەڕانە دەگرێتُ بە پێشکەشکردنی راڤە مادی بۆ مێژوو. کە دەنوسێتُ: نەچەرخەکانی ناوەڕاستُ لەسەر دیانەتی کاسۆلیکی ژیاوەو نە چەرخی یۆنانی کۆنیش سیاسەتی لەسەربیرو باوەڕ ژیاوە. بەڵکو بارودۆخی ئابووری تایبەتی هەریەک لەو دووچەرخە جیاوازە ( چەرخی کۆن و ناوەڕاستُ) ئەوەمان بۆ رۆشندەکاتەوە کە بۆچی ئاینی کاسۆلیک لەوکاتەدا و هەروەها بیروباورو سیاسەتُ لە یۆنان لەوکاتەی تردا ئەو هەژموونەیان هەبووە. سەرەڕای ئەوەی کە مارکس لەخۆی دەبوورێتُ لە شیکار کردنی ئەو هۆکارە ئابووریانەی کە لەپشتُ بایەخی دینەوە هەن لە چەرخەکانی ناوەڕاستُ.

بەڵام بەسانایی لەم پەراوێزەدا ئەوەمان بۆ رۆشندەبێتەوە کە مارکس هەرگیز نەیویستوە ئینکاری رۆڵی ئاین و فاکتەری ئاینی بکاتُ لەوەی کە دەیبینێتُ لەژیانی کۆمەڵگەی مرۆییدا. بەڵام دیارە

بەشێوەیەکی گشتی ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە ئاینەوە لە کتێبەکانی مارکس شوێنگەیەکی لاوەکیان داگیرکردووە، بەڵام زۆرجار ئاماژەی داوە و دەستنیشانی جۆرێک لە پەیوەندی کردووە لە نێوان پرۆتستانتیەت و سەرمایەداری. کە لەهەندێ برگەو دەستەواژەی کتێبی سەرمایەی مارکس دا، ئاماژەی بەرۆڵی پەلەکردن و زوورەساندنی سەرمایەداری لەلایەن ئاینی پرۆتستانتیەوە داوە.

ئەو سەرنجە ڕوونانەی مارکس لە کتێبی سەرمایە دا سەبارەت بەو چاکسازیە پرۆتستانتیەی لە گۆڕانی سەرمایەداریدا دەیکات، کە نزیکە لەو بۆچوونەی کەپاش نیوسەدە دوای مارکس ، ماکس ڤیبەر زانای کۆمەڵناسی ئەڵمانی لە نێو وتارە گرنگەکەیدا بەناونیشانی ( ئەخلاقی پرۆتستانتی و گیانی سەرمایەداری) بڵاویکردەوە. با پێکەوە راستی ئەو وتانەمان بەخوێندنەوەی ئەوەی کە مارکس لە کتێبی ( بنەماکان) سەبارەت بە هەبوونی پەیوەندی پتەوی نێوان مەزهەبی پرتستانتی و سەرمایەداریدا هەیە، بۆدەربکەوێت کەدەڵێت: ئەوانەچینێکن بەرامبەر ماڵ وسامان جۆرێک لە پاکی و بێگەردیان بەرامبەری هەیە، ئەوان بۆخۆییان لە ئاستی دا نیە، قوربانیان لە ئابووریکردن و کۆکردنەوەیدا ئەدەن، و بەرامبەر چێژی دونیایی کەم و بەسەرچوودا رق لێبوونەوەیان هەیە، بەڵکو راکردنی ئەوان بەدووی کەنزو خۆشگوزەرانی هەیشەییدان. لێرەوە ئەمە ئەو پەیوەندیەیە کە لە نێوان بیوریتانی ئینگلیزی یاخود پرۆتستانتی هۆڵەندی دا لەلایەک و لەنێوان هەوڵی چرو پرخەم بۆ دەستکەوتنی پارە. هەیە».

ئـەم جـۆرە خستنە ڕوو هێنانە ( بـەڵام بە بێ مەبەستی بەراوردکردن) لە نێوان مارکس و ماکس ڤیبەر لە ئاستیدا سەرمان سوڕ

دەمێنێ.! ئەوەش زیاتر جێی سەرسوڕمانە ماکس ڤێبەر بە هیچ شێوەیەک لە تێزەکەیدا ئاماژەیەک و تیل نیگایەکیش بۆ کتێبەکەی مارکس ناکات، کە لە ساڵی 1940کتێبی (بنەماکان) ی مارکس بەچاپگەیەنراوە.

دیارە مارکس سەبارەت ڕۆڵی ئاین بە کەڵەکە بوون و گردبوونەوەی سەرمایەلە شوێنێکی تر لەو سەرمایە، کەدەڵێت: ئاین بەیەکێک لەو بەهێزترینی ئەو میکانیزمە باڵاکەرە زاڵانە بۆ کەڵەکەبوونی سەرمایە. ئەو دراوی نەزۆک دەبەخشێت، وەک ئەوەی گاڵۆکی سیحری بەدەستەوە بێت، توانای لەدایکبوون و زیادکردنی هەیەو دەیگۆڕێت بۆ سەرمایە. کە زاڵ و سازیشە بۆ هەر دۆخێکی نەخوازراو کە تووشی مەترسی گرفت بێت و بە ئاسانیش لەهەمو بارودۆخێکدا کاری خۆی دەکات.

لەلایەکی ترەوە، زۆرجار مارکس ئاماژە بـەوەدەدات بەوەی کە سەرمایەداری بریتیە لە ( ئاینی ژیانی ڕۆژانە) پاڵپشتە بە پەرستشکردنی کاڵا.

ئەو سەرمایەی چواندووە بە مولوخ moloch واتە «خوای ئاگر لای فینیقیەکان» کە کاری ئەوەیە جیهان بەگشتی بکاتە قوربانی خۆی.

هەرچی پێشکەوتنی سەرمایەداریشە مارکس بە « خوای شەرەنگێزی کە دەیەوێت پێکی شەرابی پیرۆزی لە سەر کەللەی مردوەکان نۆش بکات» دەیچوێنێت. پاشان لە رەخنەی بۆ ئابووری سیاسی زۆر ئاماژەو چەمکی بت پەرستی دووبارە بوەوە بەکاردەهێنێت، لەوانە: گوێرەکەی ئاڵتوونی، مولوخ، کەڵەگا وو..هتد . دیارە مارکس ئەم چەمکانە واتای مەجازیان لە کۆمەڵناسی ئاینیدا پێدەبەخشێت، ئەمانە تەنها وەک زاراروەیەکی رووت بەکارنابات. دیاردەی ئاینداری شوێنگەیەکی دیار لە نووسینەکانی ئەنگڵس داگیر دەکات. بەبەراورد لەوەی کە دەیبینین لەچاپکراوە تیۆریەکانی مارکس دا هەیە. ئەمەش ئەوەیە کە دەست بردنی ئەنگڵس بۆ ئاین بە شێوەیەکی

گشتگیر تر بووە. بەو پێیەی ئاین دیاردەیەکە ململانێی چینایەتی دەخرێتە گەردنی. و مشتومڕی چینایەتی وەک تەوەرەیەک لەناویدا دەتوانرێت چاوی لێبکرێـت. هەرچی ئەو بەشداریە سەرەکیەی کەپەیوەستە بە سروشتی پەیوەندی مارکسیەت و ئاینەوە، خۆی لەناو ئەو وێنندنە ئاینیانە دەدۆزێتەوە کەدواتر دەگۆرێن بۆ ململانێی چینایەتی.

ئەنگڵس لە یەکێک لە گفتوگۆ فەلسەفیەکانیانیدا کە باسی ( مادیەت دژی میسالیەت) دەکات، ئەنگڵس بەرپەرچی فیورباخی دەداتەوە لە بارەی میسالیەت لای ئاینی مەسیحی. کۆمەڵێک بیرورای باشی داوە .

ئەنگڵس لەوبارەوەو جەخت لەسەر سروشتی مێژوویی - کۆمەڵایەتی ئاینی مەسیحیەت دەکاتەوە. بەو مانایە نا کە « گەوهەرێکی جاویدانی بێت» وەک فیورباخ باسی لێوەدەکات. بەڵکو بەوپێیەی نەسەقێکی کلتووریەو بەپێی قۆناغەکانی مێژووی ئەو ئاینە بەچەند گۆڕانکاریدا تێپەڕیوە، ئەم ئاینە لە قۆناغی سەرەتایدا ئاینی کۆیلەکان و چەوساوەکان بووە، پاشان ئەم ئاینە بوەتە ئاینی فەرمی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی، دواتر بوەتە ئاینی دەرەبەگ و خاوەن زەویەکان، تا دواجار لە گەڵ کۆمەڵگەی بورجوادا خۆی گونجاند.

بەم شێوەیە ئاین لای ئەنگڵس فەزایەکی رەمزی و هێماییە، هێزە کۆمەڵایەتیەکان لە دەوریدا بەرامبەر یەک بەململانێن. دیارترین بەڵگە لە سەر ئەم تێگەیشتنەی ئەو بەڵگەی مێژوویەکانن. بۆنموونە ئەوەی لە سەدەی شازدەهەمدا لەنێوان لاهووتی دەرەبەگایەتی لەلایەک و پرۆتسانتی بورجوازی و ئاینگۆڕە گەلیەکان لە لایەکی تر، ڕوویدا. ئەنگڵس پێی وایە کە بزووتنەوە ئاینیەکان بەردەوام هەڵگری جۆرێک لەبەرژەوەندی و تێڕوانینێکی نەفعی- سودی ین، قسەیان بۆ پرسە جۆراو جۆرەکان هەیە، دەڵێت» هەموو چینێکی کۆمەڵایەتی کە دەیەوێت بکەوێتە ململانێوە لەگەڵ چینێکی

تر ئیتر پەلامار بۆ ئەو ئاینەی خۆی دەباث کە زیاترین بەرژەوەندی لە رێگەیەوە بەدەستدەخاث، ئیتر بیریان لەوە نیە کە سەرکردەکانیان ئیماندارن بەو ئاینەیان یاخود نا؟ هەربۆیە ناتوانرێث بوترێث کە چینەکانیش بێ ئاینن. ئەنگڵس لە تێروانینیدا بۆ ئاین تەماشای ڕووکاری ئاینداریەکەی دەکرد نەک کرۆکی ئاینەکە، چونکە پێی وابوو کە ئاینەکان بە پێی بەرژەوەندی و خواستی هەڵگرەکانی لە سیاقێکی تایبەتدا خۆیان نمایش دەکەن و دەبنە بەرگی مرۆڤە ئاینیەکان، ئەوەی دەبینرێـو بەرچاو دەکەوێـ ئەوەی لەپشث ئەو ئاینەوەیە لەو ساتەدا، بەرژەوەندی مادی ئەو ئاینداڕانەیە، کە چینێکی دیاریکراون. دیارە ئەنگڵس بە پێچەوانەی ئەو وازانینەی فەیلەسوفانی رۆشنگەری کە بۆ ئاین و ئاینداریان هەبوو تەماشەی ئاینی دەکرد، چونکە فەیلەسوفانی رۆشنگەری دەیانوث» پیاوانی ئاینی هەرگیز لاشەیەکی کۆمەڵایەتی هەماهەنگ ناتوانن درووست بکەن.» بەڵام ئەنگڵس ئێبینی پێچەوانەی ئەوەی کردبوو، کە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی مێژوودا شێوازی جیاواز لە ململانێی چینایەتی و سیاسی بوونیان هەبووە.

لەناو ئەکلیرۆس دا دابەشبوونی بەخۆوە بینیوە، هەماهەنگی چینایەتی بە هەماهەنگی ئاینی روخساری گۆڕاوەتەوە. هیچ کەس ناتوانێث ئینکاری ئەوە بکاث کە چەرخی چاکسازی چەند دابەشکاری چینایەتی لەناو رژێمی ئەکلیرۆس دا درووستکرد، کە بواری بۆ دەرکەوتن و درووستبوونی دووچینی دژبەیەک کردەوە، یەکەمیان سەرۆکایەتی سوڵتەی ئاینی وەرگرث و پارێزگاری لە تایبەتمەندیەکانی دەسەڵاتی دەرەبەگی دەکرد. هەرچی چینی دووەم بوو ئەو پیاوە ئاینیانەی لە خۆگرث لە خوارەوەی پلەی هەرەمی ئەکلیرۆسی بوون، بەشێکی زۆری بەرپرسیارێتی بزووتنەوەی چاکسازیان لە ئەستۆگرث و پشتیوانی و لایەنگیریان بۆ جەنگی جوتیارو پاڵە راگەیاند.

سەرەڕای ئەوەی ئەنگڵس کابرایەکی ماددی بێ ئاین بووە، بە پراکتیکی بێ ئاینی هەڵبژاردوەو پەیڕەوی لە هیچ ئاینێک نەکردوە، هەڵوێستی دژە ئاینیشی هەبووە. بەڵام وەک کەسێکی ئەکادیمی دەستی بۆ ئاین بردووەو سروشتی پارادۆکسی دیاردەی ئاینداری بەشێوەیەک کە رۆڵی لەبەخشینی شەرعیەت بە رژێمی دەسەڵاتدار دەبێت و لە هەمانکاتدا رۆڵی رەخنەگری ، و بەرەنگاری و هەندێجاریش لەهەندێ قۆناغی بۆلواوی مێژوویدا رۆڵەکەی دەگاتە شۆڕشگێڕی. ئەنگڵس نموونەی مێژوویی بەردەستی ئاینی مەسیحی دەهێنێتەوە کە لەسەرەتادا ئەم ئاینە رۆڵی بەرچاوی بینی لە بەهێزکردنی گیانی بەرخودانی چینی هەژارو کۆیلە، ئاینی کۆیلەو هەژاران و بێنەوایان و چەوساوەکان بوو، ئاینداره مەسیحیەکان لە ئاستە خوارینەکانی کۆمەڵگە بوون، مەسیحیەت ئاینی کۆیلەکان و هەژارو نەدارو ئەو جوتیارو کرێکارانە بوو کە قەرز کەنارگیری کۆمەڵگەی کردبوون و ژیانی خستبوونە کۆڵان و بێنەوای کردبوون.

ئەنگڵس لە هێنانی ئەم بابەتە ئاینیە زۆر زیاتر تێدەفکرێت و بەراوردێکی نێوان مەسیحیەتی سەرەتاو سۆسیالیستی نوێ دەکات. هەردوو بزووتنەوە، بزووتنەوەیەکی ئاینی کە پاڵەو هەژارو کۆیلەکان سەرکردایەتیان کردوە، بزووتنەوەیکی سۆسیالیستی نوێ کە کرێکارو جوتیار هەژارو چەوساوەکان رابەرایەتی دەکەن، دوو بزووتنەوەی جەماوەری لەناخی هەردووکیاندا گیانی بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و چەوساندنەوەو نایەکسانی بوونی هەبووە. ئەندامانی ئەم دوو بزووتنەوەیە لە لایەن دەسەڵاتدارو فەرمانڕەواکانەوە بەتوند ترین شێوە بەرپەرچدراونەتەوەو تووشی پەلاماردان وکوشتن و برین و دەرەبەدەرکردن هاتوون. ئامانجی هەردوولاش دواجار گەیشتنی جەماوەرە بە ئازادی و رزگاربوون لەچنگی بەندایەتی و مەینەتیەکانی نایەکسانی.

ئەنگڵس بە هێنانی ئەم نموونانە، بۆ بەراورد لەنێوان مەسیحیەتی یەکەم و بزووتنەوەی سۆسیالیستی نوێ، توانی ناوی هەموو ئەو جەنگە ئاینیانەی کە لەمێژوودا ڕوویانداوە، مەبەستیان گەڕانەوە بووە بۆسەر بنەمای تەواوو پاکی ئاینی مەسیحی یەکەم، ڕاستەوخۆ بە پەیوەست بوون بە دەقە بنچینەییەکانی ئینجیلەوە تەنها بەدوورگرتنی لەو پۆخڵەواتەی پێوەی زیادکراوە لە لایەن چینی فەرمانڕەواو دەسەڵاتدارەکانەوە، ناساندنی وەک ئاینی دەسەڵاتدارو دەوڵەمەندەکان بە پۆزەتیڤ باسیان لێوەدەکات و نموونەی وەک تابووریەکان taborities « کە تاقمێکی ئاینی مەسیحی بوون لەسەدەی پازدەهەمی زاینی، سەریان هەڵداو ناوی خۆیان نابوو برایانی یەکگرتوو لە بۆهیمیا، داوایان دەکرد کە ژیانی کۆمەڵایەتی لە موڵکایەتی تایبەتی خاڵی بکرێتەوەو بە هیچ شێوەیەک هاوکاری فەرماندارو دەسترۆیشتوە گەندەڵەکانی نێو کۆمەڵگە نەکەن. هەروەها بزووتنەوەی ئاینی جان زویکۆ (زویکۆ شارێکە لە رۆژهەڵاتی ئەڵمانیا) و نوێگەرانی پایەکان ( کە تاقمێکی ئاینی بوون ، داوای یەکسانی کۆمەڵایەتیان دەکرد) .

ئەنگڵس بە وردی باس لە بزووتنەوەکەی « تۆماس مونزر» دەکات و لە سەر ئەم بزووتنەوەیە جوان دەوەستێ کاتێک لە بزووتنەوەی مەسیحی گەورەی دووەم دەدوێت، باسی « جەنگی جوتیاران لە ئەڵمانیا» دەکات، دیارە تۆماس مونزر کابرایەکی ئاینی مەسیحی بوو ئەرکی رابەرایەتی کردنی شۆڕشی جوتیاران و خەڵکی رەشۆکی لە سەدەی شازدەهەمی زاینی گرتبوە ئەستۆ و داوای دروستکردنی میرنشینی پەروەردگاری دەکرد، ئەو پێی وابوو ئەوە میرنشینی بەختیاریە ئەو مەملەکەتەیە کە هەموان بەبێ جیاوازی تیایدا دەژین

ئەنگڵس وایدەبینێ ئەو مەملەکەتەی مونزیر کەمەملەکەتی پەروەردگار ناوزەدی دەکات، مەملەکەتی سڕینەوەی جیاوازیەکانەو خاڵیبوونەوەی کۆمەڵگایە لەهەر جیاوازیەکی چینایەتی ، کەتیایدا نە موڵکایەتی تایبەت ونەسوڵتەیەکی دەوڵەتی سەربەخۆ لەدەستی ئەندامەکانی کۆمەڵگە بوونی هەیە تیایدا. ئەنگڵس لەم هێنانی لێکچوونانەدا لەنێوان بزووتنەوە ئاینیەکان و خواستی شۆرشی سۆسیالیستیدا دەیکرد، نموونەی لێکچوونی زۆری دەبینیەوە . ئەوەی ئێمە لەم تێگەیشتنەی ئەنگڵس گەیشتبین ئەوەیە کە ، ئەنگڵس ناراستەوخۆ دەیویست بڵێت : ئاین وەختەکارێک مرۆڤ دەستی بۆ بردووە بۆ ئەوەبووە کە زوڵم و ستەمێکی مرۆیی لەلایەن مرۆڤەوە ئامادەبووە، قۆرخکاری و چەوساندنەوەو بەشخواردن و ناعەدالەتی و نایەکسانی سەراپای کۆمەڵگەی لەلایەن پێرێکی خوێنمژی کۆمەڵگەوە، گرتوە.

بۆیە وەختەکارێک ئاین ئەرکی پاراستنی هــەژاران و چەکی دەستی چەوسان بووە بۆنموونە لەسەرەتای مەسیحیەتدا، ئەوا ئەنگڵس گلەیی لێنەکردووە، بەڵکو گلەیی گەورەی ئەنگڵس لە ئاین ئەوە بووە کە نرمیەکی ئەوتۆی تیایە کەچەندە مرۆڤە هەژارو کۆیلەکان دەتوانن دەستی بۆبەرن بۆ رزگارکردنی خۆیان و کۆمەڵگەکان ئەوا چینی دەسەڵاتداریش بۆ پارێزگاریکردنی خۆی و پەرەدان بەتوانا ئابووری و سیاسی و ملکەچپێکردنی ئەوانی تر بەکاریبابات. بۆیە دەڵێین ئەنگڵس لەگەڵ هاورێکەی ئەمەی لەواقیعەکەی خۆی هەست پێکردو بەلێکۆڵینەوە مێژوویەکەشی ئەمەشی لە ئاین بەدەستخست. بەڵام ئەوەی کە ئەنگڵس و دواتر هاورێکەی دەستیان پێ نەگەیشت ئەو تاکە جیاوازیە بوو کە ئەم شۆرشە ئاینیانە دەبەسترانەوە بەخوداو بەهیوا بەرۆژی دواییەوە، ئەمانیش کاریگەر بە کەتواری کۆمەڵگا

و گۆشکراوی کلتوری کۆمەڵگاکەیان بە گیانی ماددیەت وایکردبوو کە ئەمان زیاتر ببەسترێنەوە بەئومێدی خۆشبەختی دونیایی و دونیەوییبوون.

## بەشی سێیەم:
## ئەنگڵس و گۆڕانی کۆمەڵایەتی

کاتێک لێرەدا باس لە ئەنگڵس دەکەین راستەوخۆ دەمانەوێت بەوە بیناسێنین، کە ئەنگڵس راستە فەیلەسوفێکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی تیۆرییەکەو لەگەڵ هاورێکەی واتە مارکس، سەرقافڵەیی رێباز قوتابخانەیەکی زانستی دەکەن، کەپێی دەوترێت قوتابخانەی مارکسی. دیارە ئەم قوتابخانەیە کەدەتوانین بڵێین لەدرووستکردنیدا و بونیادنانی هەر خشتێکی دا بیری ئەنگڵس و بۆچوون و تێڕوانین و شیکارەکانی لەپشتیەوە ئامادەبوون و وەک ڕابەرێک و دامەزرێنەرێکی ئەو قوتابخانەیە دێنە هەژمار.

ئەم رێباز و قوتابخانەیە قوتابخانەیەکی گشتگیرەو قسەی لەسەر هەموو بابەتە مرۆییەکان و کۆمەڵگا هەیە، لەسەر بزاف و چالاکیە هەمەجۆرەکان و بوارە جۆراو جۆرەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی..هتد قسەو ڕاودیدی تایبەتی هەیە. یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی کە ئەنگڵسو مارکس و قوتابخانەکەیان قسەو هەڵوێستی گرنگیان لەبارەوە وتوەو پیشانداوەو لە تێزو تیۆریاکەیاندا جێگای پڕبایەخیان بۆ جیاکردوەتەوە بریتیە لە گۆڕان و پرۆسەی گۆڕانی کۆڕانی کۆمەڵایەتی.

لێرەدا پێمان باش بوو پوختەی تێڕوانینی بیری ئەنگڵسو هاورێکەی کە لە دووتوێی تیۆریاکەیاندا سەبارەت بە گۆڕان خستویانەتە ڕوو بهێنین، بۆ ئەم مەبەستەش پێمان باشە « سەرەتایەک و باکگراوندێکی مێژوویی گۆڕان بکەین و دواتر چەندپێناسەیەک بۆ گۆڕان بخەینە ڕوو پاشان گۆران لە تیۆریای قوتابخانەی ئەنگڵسو مارکسەوە بخەیەنە بەرچاو.

**سەرەتایەک و باکگراوندێکی مێژوویی**

دیارە چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، سەرەڕای باوی و بڵاویەکەی، ئامێتەیە بە چەندین چەمکی وەک چەمکی پێشکەوتن وچەمکی پەرەسەندن وچەمکی گەشەسەندن و ...هتد. ئـەوەی گرنگ و پێویست بێت ، دیاریکردنێکی ووردی ئەو چەمکانەیە ، پاشان دیاریکردنی پەیوەندیەکانیان بە چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتیەوە. ئێمە ناتوانین دەست بە باسکردن یان بڵێین ناساندنی چەمکی گۆرانکاری کۆمەڵایەتی بکەین تاوەکو لاکردنەوەیەکی هیچ نا «پوختی کورتی» مێژوویمان بۆ ئەو چەمکە نەبێت. جا ئەگەر چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ڕێژەیی چەمکێکی نوێ بێت ، ئەوا خۆ گۆڕان زۆر لەمێژینە هەبوەو لەناو بووندا خۆی حەشارداوە. پاشان چەمکی گۆڕان خۆی لە ناواخنی ڕاو بۆچونەکانی فەیلەسوفان و بیریاراندا پەناداوە و بە درێژایی مێژوو هەردەم هەڵگری بیری گۆڕان بوون.

دیارە ئێمە ناتوانین بە باڵای ئەم چەمکەدا بەتەواوی رامێنین و بیبینین، تاوەکو تێگەیشتن و ناسینێکمان لە باکگراوندی ئەم چەمکە نەبێت. بەو پێیە کە ئەو باکگراوندە مێژووییە، دەمان گەیەنێتە ئەوەی کە بتوانین پێناسێکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بدەین بەدەستەوەو پەیوەندی ئەو چەمکە بە چەمکەکانی ترەوە ڕۆشن بکەینەوەو تیشکێک بخەینە سەر هۆکارەکانی .

سەرەڕای ئەوەی کە لێکۆڵینەوە و دیراسەکردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە بابەتە گرنگی پێدراوەکانی کۆمەڵناسی هاوچەرخە، بەڵام فەیلەسوفان و بیریاران بە درێژایی سەدەکانی مێژوو تێبینی گۆڕانی کۆمەڵایەتی وسیاسیان کردووە، پەییان پێبردووەو سەبارەت بەوچەمکە بیرو ئەندێشەیان خستوەتە گەڕو هەوڵی پێش بردنیان داوە، کە زۆرجار بوەتە هۆی فراوانکردنی خەرمانی مەعریفی مرۆیی، کە ئیمرۆ زانایان لە ژێر سایەی ئەو بیرو ئەندێشەیاندا پلانی پێشکەوتن دابنێن و بۆ تێگەیشتنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی نوێ لێی سودمەند ببن .ئەوەش کارێکی نامۆ نیە، چونکە وەختەکارێک گۆڕان بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی مرۆڤ بێت ئیتر جێی خۆیەتی لە بیرو بیرکردنەوەکانیدا و لە کۆبەندە مرۆیی و ژیانە کۆمەڵیەکەیدا دەربکەوێت. بۆیە بنەمای گۆڕان بە بنەمایەکی بنچینەیی دادەنرێت، کە بوونی کۆمەڵایەتی بەلایەنە سروشتی و ناسرووشتیەکەیەوە پیایدا هەڵئەسنێنەوە .

دیاردە گەردوونی یەکان بۆ خۆیان ملکەچی گۆڕانن، هەروەها بوونەوەرەکانیش کە لەناو چوارچێوە سروشتی- فیزیکیەکەی ئەو گەرددوونەدان لە جموجوڵ و پەرەسەندنیان دا مل کەچی پرانسیپەکانی گـۆڕانـن. وەختەکارێکیش مـرۆڤ هەستا بەخڕکردنەوەی خـۆی و لە چوارچێوەی کۆمەڵ و کۆمەڵگەکاندا، دواجار ناوی خڕبوونەوەکانی خۆی لە چوارچێوەیەکی جوگرافیادا بە « کۆمەڵگە» هێنا، بێگومان سەرەتا وەک ئەم کۆمەڵگایانەی ئیمرۆی ئێمە نەبوو، ئەوەش بە ڕووی پێکهاتەو ئاڵۆزی پێکهاتەییەوە، بەڵکو کۆمەڵگای سادەو ساکار، پەیوەندی ساکاری هەبوو. هەربۆیە ئەم دەربرینەش ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە بەڵێ ژیانی کۆمەڵگە وگۆمەڵگەکان ملکەچی گۆڕانکاری بوون بەدرێژایی مێژوو وە لەمەولاش وملکەچی گۆڕانکاری نوێ و رۆژانەش دەبن .

شتێکی ئاسایی وسرووشتیە کە فەیلەسوفان وبیریاران سەرنج ورامانیان هەبێت لە سەر گۆڕانە سرووشتی و بایەلۆجی و کۆمەڵایەتیەکانی چواردەوریان، بەوەش خەریکی دانانی تێۆرو گریمانەی گشتی بن لە سەریان. پێدەچێت یەکەمین کەسێک کە لای لە گۆڕان و یاساکانی گۆڕانی گشتیدا کردبێتەوە کە بەسەر هەموشتەکانی نێو گەردووندا جێبەجێدەبن. فەیلەسوفی یۆنانی کۆن هیراکلیتس«540-475 پ. ز» بوو، کە دیارترین ووتەی لە بارەی گۆڕانەوە خستوویەتیە ڕوو کە بریتیە« مرۆڤ ناتوانێت دووجار قاچ بە یەک ئاوی ڕووبارێکدا بکات.! چونکە ئاوی ئەو ڕووبارە لە هەر ساتێکدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.» بەو مانایە گۆڕان یاسایەکی سەرەکی و بنچینەیی نێو یاساکانی بوونە.

خودی بوون هەردەم جوڵاوەو تەنانەت بۆ ساتێکیش لە دۆخێکی تایبەتدا خۆی ڕاناگرێت .بە شێوەیەک ئەگەر مرۆڤێک چوە ناو ڕووبارێکەوە هاتە دەرەوە بۆ جاری دووەم ئەگەر بچێتەوە ناو ڕووبارەکە ئەوە ئەو مرۆڤە هەمان مرۆڤی خاوەن خەصڵەتی پێشوو نیە. وەک چۆن هەمان ئاوی ڕووبار نەبوو کە ئەمجار خۆی خستەوە ناوی. بەم پێیەش پرۆسەی گۆڕان هەم مرۆڤەکەو هەم ڕووبارەکەشی گرتەوە، لێرەوە هەموو شتەکانی دەوروبەریشی دیارە گۆڕاون، بەواتا هەموو شتەکان کاڵای نوێیان لەبەردایەو هەمووشتەکان لە نوێبوونەوەی بەردەوامدا دەبن.

### گۆڕانی کۆمەڵایەتی، هەوڵێک بۆ پێناس کردنی

هەندێک گرفت هەن دێنە بەردەم پێناسی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، کە وادەکەن فرەجۆری پێناسەکان لە لایەکەوە بۆ گۆڕان ، هەروەها پێدانی سروشتێکی ئاڵۆز بە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەلایەکی ترەوە ببەخشن.

چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی خۆی لەقەرەی زۆر هەوڵی پێناس و ناساندن داوە، وەک هەر یەک لەچەمکە کۆمەڵایەتیەکانی تر، چەندین جۆر راڤەو پێناسی هەمەجۆری بۆ خۆی دابڕیوە، بەشێوازێک هەندێک وا بۆی دەچن خۆخەریک کردن بۆ دانانی یەک پێناس و لە ناو دووکەوانە دانانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سەپاندنی پێناسێک بەسەریدا کارێکی بێ سود ونالۆژیکیە.

بەڵکو بە ئاماژەدان و لاکردنەوە لە ڕەهەندەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بوارەکانی وەک قسەو باس کردن لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی یان گۆڕان لەدانیشتوان وکلتوورو هتد جۆرێک لە کەعریفەدان لەدەستەوە دەدات.

پاشان گرفتی پێناسە تەنها بۆ فرەیی ولێکدانی پێناسەکان سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو بۆ ئاڵۆزی خودی پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە، قسەکردن لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەواتای « یەکەم» قسەکردنە لەسەر «کۆمەڵگە « بەشێوەیەکی گشتی، ئەوەش لە کارلێکە ئاڵۆزەکانی و فراوان بونی ولە شوێن وکاتدا، واتای «دووەم» ئاماژەیە بۆ پێچەوانەکەی، یانی رەگەزەکانی جێگیری وسەقامگیری لەناو کۆمەڵگە. هیچ گۆڕانێک بەبێ جێگیری بوونی نیە، پاشان وەختەکارێک گۆڕان روودەدات، خۆ بەشێوەێکی ناکۆتا ڕوونادات بەڵکو سنورێکی هەیەو تیایدا ڕوودەدات. بۆیە دواجار قسەکردن لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەواتای پێوانەکردنێکی ئاستەم وقورس و دەستبردنێکی گران بۆ ڕەگەزە بنچینەییەکانی دێت.چونکە گۆڕانی کۆمەڵایەتی کاروبارێکە کۆنترۆڵکردنی وپێوانەکردنی قورس وئاڵۆزە. وەک چۆن پێشبینی کردنیشی گرانە.

ئەمە سەرەڕای ئەو گرفتانەش بەڵام زۆرینەی زانایان وازیان نەهێناوە لە پێناس کردنی چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی. بۆیە ئێمە ئەو پێناسانەی بۆ

چەمکی کۆمەڵایەتی کراون بە ڕێزبەندکراوی بۆ پێنج کۆمەڵەی سەرەکی دەهێنین.

1- کۆمەڵێک پێناس هەن کە جەخت لەسەر گۆڕانی پەیکەربەندی لە بونیادی کۆمەڵایەتی دەکەنەوە . گۆڕانی کۆمەڵایەتی لای ئەمانە لەو پێناسانەن کە ئاماژەن بۆ ئاڵو گۆڕو سەروبن کردنەوەی بونیادی کۆمەڵگە، بەمانا لە پەیکەربەندی بنچینەیی کۆمەڵگەدا، وەک قەبارەی کۆمەڵگە، وپێکهاتەی بەشە جیاوازەکانی، وەهاوسەنگی نێوان ئەو بەشانەی. لەو پێناسانەش پێناسی گینزبیرگGinsberg کە گۆڕانی دیاریکردوە بەوەی کە پرۆسەیەکە لە ناو بونیادی کۆمەڵگەدا، وەک گۆڕان لە قەبارەی کۆمەڵگە و پێکهاتەکەی وەتەرزەکانی هاوسەنگی لە نێوان بەشەکانیدا یان تەرزە ڕێکخراوەییەکانیدا. وەنمونەی ئەم گۆڕانانەش هاتنەوەیەک و بچووکبونەوەی قەبارەی خێزان و نەمانی جۆری ئابوریکردنی بژێوی بە هۆی سەرهەڵدانی شارەکانەوە، گۆڕانی پیشەوەرەکان بۆ چینەکان.

دیارە گۆڕان دووبارە ئاماژەشە بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانە لە تەرزەکانی کاری کۆمەڵایەتی وکارلێکی کۆمەڵایەتی، کە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە ڕێکخراوەکان درووست دەکەن و جەوهەرو کرۆکی بونیادی کۆمەڵایەتین پێکدەهێنن. ئەوەش هەموو ئەو گۆڕانانە کە لە بەهاو نۆرم وبنەماو ڕەفتارە کۆنترۆڵیەکانی تەرزەکانی کارلێککردن لەنێوان تاکەکاندا دەگرێتەوە.

نمونەی پێناسی لەوانەش پێناسی ویلبرت مۆر W. Moore ە کە بۆگۆڕان کردویەتی بەوەی کە : ئەو ئاڵوگۆڕە جەوهەریەیە لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات، بەواتا لە تەرزەکانی کاری کۆمەڵایەتی، و بە ئەنجامە پەیوەستدارەکانی ئاڵوگۆڕەکانیشەوە ، هەروەها ڕەنگدانەوەی لە سەر ئەو گۆڕانکاریانەی کە دوچاری بەهاو نۆرم وبەرهەمە کلتووریەکان

و هیماکان،   دەبێت. جا ئەگەر جەخت لەسەر پەیکەر بکاتەوە یاخود ئەرزەکانی کارلێک کردن ،  ئەوا دواجار پێناسە بونیادیەکان گرنگی بەو ئاڵوگۆڕە گەورانە دەدەن کە لەکۆمەڵگەکاندا ڕوودەدەن. وە مەبەستمان لە ئاڵوگۆڕە گەورەکان ئەوانەیە کە ماوەیەکی زەمەنی زۆریان پێویست دەبێت بۆ ڕوودانیان،  وەشوێنەواری درێژخایەن لەسەر پەیکەری جێگیری بونیادی کۆمەڵگەکان دادەنێت.

2- جۆری دووەمـی پێناس جەخت لەسەر ئەرکەکان دەکاتەوە. بە شێوازێک گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتیە لەو گۆڕانەی لە پێکهاتە نەسەقی یان سیستمیەکانی ناو کۆمەڵگە. بەم پێیە گۆڕانێکە لە ڕێگای نەسەق و سیستمەکانەوە ، یاخود لە چۆنیەتی ئەداکردنی ئەرکی ئەو نەسەقانە سەرچاوە دەگرێت. نمونەی پێناسی لەم جۆرەش،  پێناسی فرەنسیس ئالینF. Allen کە ئەو وای بۆ دەچێت،  گۆڕان ئەو هەموار و ڕێکخستنەوانە دەگرێتە خۆ کە لە نەسەقە کۆمەڵایەتیەکان و نەسەقە لاوەکیەکانی ناو بونیادی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات،  هەروەها ئەو شێوازە ئەدائی و ئەرکیەی ئەو نەسەقانەیە لە ماوەیەکی کاتیدا ڕوودەدات. ئەم کۆمەڵە پێناسەیە ئەوە گریمانە دەکەن کە هەر نەسەقێکی کۆمەڵایەتی ئەرکێکی تایبەتی هەیە پێویستە لەسەری پێیدا بئالێ. وەختەکارێکیش گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات،  ئەوە لە نەسەقە بنچینەییەکان و نەسەقە لاوەکیەکاندا بەتەنها ڕوونادات،  بەڵکو گۆڕان لە ئەرکی نەسەقەکاندا ڕوودەدات. ئەو گۆڕانەش وادەکات کە نەسەقەکان بەتواناتر بێت لە ئەداکردنی ئەرکەکانیدا،  یاخود بە پێچەوانەوە کاریگەری لەسەر توانای ئەدای نەسەقەکە بێت،  بۆیە ئەمەش پشت بەو ڕێگەو جۆرو هۆکارانە دەبەستێت کە لەپشت ڕوودانی گۆڕانەکەوەن،  پاشان سروشتی ئەو لەمپەرە ئەرکەکیانەی کە پرۆسەی گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکە دەیخاتەوە.

3- جۆری سێیەمی پێناس هەن کە جەخت لەسەر ئاستە جیاوازەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکەنەوە، گۆڕانی کۆمەڵایەتی وەختەکارێک ڕوودەدات بێگومان کاریگەری لەسەر بونیادی کۆمەڵگە دەکات، کاریگەری لەسەر سرووشتی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانەی کە بوونیان هەیە ، ولەسەر ئەرکی نەسەقەکان و دواجار کاریگەری لە سەر تاکەکان، ئەمانە هەمووی دادەنێت. بۆیە لێرەدا گۆڕانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی گشتگیرو لەسەر ئاستە جیاوازەکان هەمەلایەن و فرە رەهەندە ، بۆیە لەو ئاستە جیاوازانەوە دەبێت چاوی لێبکرێت. بۆیە ئەم ئاستانە لە گۆڕان دەگونجێت تەشەنە بکەن بەشێوازێک فراوان بن کەوەک گۆڕانی گەردوونی Global دەربکەون و لە سەر ئاستی جیهانیدا وەدەرکـەون. دیارترین پێناس کە لەم تەرزە بۆی کرابێت پێناسی رۆبەرت لاورR. H. Lauer کە وای دەبینێت گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ ئەو ئاڵو گۆڕانەی لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان دا کە لەسەر ئاستی جیاوازی ژیانی مرۆییدا وەدەردەکەون و بەتاک دەست پێدەکەن و بە گەردوون کۆتاییان دێت.

4- جۆری چوارەم لە پێناس ، بەدەر لە جەختکردنەوەی، لە ڕەگەزە بونیادی وئەرکەکیەکان- گرنگی دەدات بە ڕەگەزی کات لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی دا. گۆڕانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی درێژکراوەی نێو کاتەکانە، یان بڵێین پرۆسەیەکی کاتکردە، چونکە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی شک نابەیت بەبێ ئەوەی کە زەمەنێک بۆ ڕوودانی ئامادەباشی نەبێت. لەو پێناسانەی کە گرنگیان بە کات داوە پێناسی نیسبتR. Nisbet ە ، کە پێناسی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەگشتگیری دەهێنێت ، بەوەی کۆمەلێک لەئاڵوگۆڕی یەک لەدوای یەکە ، کە لە چوارچێوەی کاتدا و لەناو کایەیەکی بەردەوامی بووندا ڕوودەدات. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسەدا گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە

کۆمەڵێک پرۆسەی یەک لەدوای یەکی زەمەنی پێکدێت، کە کۆمەڵێک جیاوازی وجیاکاری و لێکدابڕان دەخولقێنێت ودەبێتە هۆی گۆڕان لە بونیادی کۆمەڵایەتی وپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و لایەنە کلتووریە جیاوازەکانی وەک بەهاو نۆرم و بیرو باوەڕەکان.

5- دواهەم جۆر لە پێناس جۆرێک لە پێناسن کە گرنگی بە فرەجۆری ڕووکارەکانی گۆڕان یان بوارەکانی گۆڕان دەدەن. نمونەش لەوانە: ئەو پێناسانەی کە جوێکاری بۆ بوارەکانی گۆڕان دەکەن، وەک گۆڕانی ئیکۆلۆژی وگۆڕانی ئابووری و گۆڕانی سیاسی، کلتووری، لەوانەش هەن جەخت لەسەر بوارێک بە تەنها دەکەنەوە، وەک ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر خێزان، یان بەسەر بونیادی سیاسی، یان هەر بوارێک لە بوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتیدا دێت. زۆربەی ئەو پێناسانەش بەلای جۆرێک لە جیاوازی کردن لە نێوان دوو جۆر گۆڕان دا دەیشکێننەوە. کە ئەوانیش گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کلتووری. یەکەمیان ئاماژەیە بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەنێو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا دەکەونەوە. هەرچی دووەمیانە مەبەست لەو گۆڕانەیە کە لەبەهاو نۆرم و بیرو باوەڕەکاندا دەکەونەوە. لەنێو ئەوانەی کە لایەنگیری ئەم تێڕوانین و پێناساندنەیە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کلتووری ، بریتیە لە»بوتومورBotto more « کە پێناسی بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتیە لە» ئەوگۆڕانەی لە بونیادی کۆمەڵایەتی یاخود لەناو هەندێک سیستم یاخود لەناو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا درووست دەبێت. لەکاتێکدا ئاماژە بۆ گۆڕانی کلتووری دەکات بەوەی کە بریتیە لە جۆرێک لەو فرەجۆریەی کە لە دیاردە کلتووریەکاندا وەدەردەکەوێت، وەک مەعریفە وئایدیا و بیرو هونەرو ڕێچکەی ئاینی وئەخلاق..هتد.

دیارە ئەنگڵس و هاورێکەی جەخت لە سەرگۆرانی پێکهاتەی کۆمەڵگا دەکاتەوە بەشێوەیەکی ڕادیکاڵی، ڕاڤەی ئەو گۆانکاریە کۆمەڵایەتیەش لە ژێر رۆشنایی تێڕوانینی ماددی بۆ دیاردەکۆمەڵایەتیەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەنگڵس دەڵێت گۆڕانی ژێرخانی ئابووری کۆمەڵگە کە پێکهاتوە لە هێزی بەرهەمهێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان تاکە زامنکەری ڕوودانی ئەو گۆڕانکاریەیە کە لەسەرخانی کۆمەڵگەدا ڕوودەدات. بەمانا گۆڕانی ژێرخانی ئابووری بەدوویدا گۆڕانی سەرخان و سەراپایی گۆڕان لە کۆمەڵگە بەدووی خۆیدا دەهێنێت. لێرەوە لای ئەنگڵس و پاشان لای هاورێکەشی ئەوەمان دەست دەکەوێت کە گۆڕانکاری زیندو و بەردەوامی بەژیان مسوگەر دەکات، بەڵام ئەو پێی وایە بۆ دەستبردن بۆ گۆڕان گۆشەنیکاو تێفکرینی مادیی و دەستکاریکردنی ژێرخانی ئابووری پێویستە.

لە خستنە ڕووی ئەو پێناسانەدا «سەرەڕای جیاوازیان» و هەروەها بۆچوونی ئەنگڵس لە سەرگۆڕان، لە تێکڕایان سەرەداوی چونیەکیان لێ بەدەردەکەوێت. لەهەموویدا ئەوەی جەختی لەسەرکراوەتەوە ئەوەیە کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بریتیە لە ئاڵوگۆڕ Transformation، یان ئاڵوێرو سەروبنکردن Alteration لە بونیاد یان لە سیستم یان لە پەیوەندیەکان یان لە ئەرکەکاندا.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەموو پێناسەکان وا تەماشەی گۆڕان دەکەن کە پرۆسەیەکی بەردەوامە و هۆکارو دەرئەنجامی خۆی هەیە، بەڵام نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە بۆ وەستان لە سەر ئەنجامەکانی گۆڕان تێکڕا جیاوازیان لێ دەکەوێتەوە بەوەی کە ئایا گۆڕان لە بونیاد دا ڕوویداوە یا خود کلتوور یاوەکو لە سەر ئاستی ژێرخان ، یان هەموو ئاستە پێکهێنەریەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی ئابووری لە کۆمەڵگە. لەهەمان

کاتیشدا هیچ کام لە پێناسەکان ڕەگەزی « کات» پشت گوێ ناخەن. وەک چۆن هەندێکیان راستەوخۆ جەخت لەسەر ئەم ڕەگەزە»کات» دەکەنەوە، هەرچی هەندێکی تر لەپێناسەکان ناڕاستەو خۆ ئەقە لە دەرگای «کات» وەک کاریگەرێکی شاراوە لە پرۆسەی گۆڕان دا دەدەن. چونکە گەر وردبینەوە لەپێناسەکان بۆ خۆی قسەکردن لەسەر ئاڵوگۆڕ و ئاڵوێری سەروبن کردن بە جۆرێ لە جۆرەکان ئاماژەدانە بەوەی کە « کات» تیایدا بوونی هەیە، بەواتا کاریگەری هەیە.

لەژێر رۆشنایی ئەم رەگەزە هاوبەشانەدا، دەتوانین پێناسی گۆڕان دابڕێژینەوە بەوەی کە» گۆڕان ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو جۆرو شێوازە ئاڵوگۆڕە بەشی و گشتی یانەی کە لە بونیادی «کۆمەڵایەتی - کلتووری « لە هەر کۆمەڵگەیەکی جیهاندا بە شێوەیەکی زنجیرەیی دانەبڕاوو لە پرۆسەیەکی کاتکردا، ڕوودەدەن.

وە دەرەنجامی درێژخایەن لە سەر ئاستە جیاوازەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی دەبێت. لەم پێناسەشەوە دەتوانین ئەم تایبەتیانە بەم خاڵانەی خوارەوە بچنینەوە:

1- ئەم پێناسەیە، جیاوازی دەکات لە نێوان گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کلتووری، وەپێی وایە پێکهێنەرەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی تەواوکەری یەکترن، وە هەر گۆڕانکاریەک لە پەیکەری کۆمەڵگە دا ڕوودات ، لەگەڵ خۆیدا گۆڕانکاری لەکلتوور بە دووی خۆیدا دەهێنێت ، وە پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە.

2- ئەم پێناسەیە ، جیاوازی ناکات لە نێوان گۆڕانکاری گشتی و گۆڕانکاری بەشی، بەڵکو وای بۆ دەچێت هەر گۆڕانکاریەک لە هەر بەشێک ڕوودات ، دواتر ڕەنگدانەوی لەسەر بونیادی گشتی کۆمەڵگە دەبێت،

پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. کە بێگومان رای ئەنگڵس و مارکسیەکان لەو پێناسەدا وون نابێت کە باوەڕی وایە گۆڕانکاری لە ژێرخانی ئابووری درووستەو دواتر ئەوی تربەدووی خۆی دەخات.

3- ئەم پێناسەیە گریمانەی ئەوە دەکات، کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی دینامیکی دژی هەر وەستان و جێگیربوونێکە، پرۆسەیەکی گرێدراوە لە چەند پرۆسەی لاوەکی کاتکردا، ڕوودەدات.

دەبینین ئەم پێناسەشە وەک پێناسێکی وێنەیی خۆی نمایش دەکات، بۆیە هەوڵی نزیک کەوتنەوە لە دیراسەکردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە واقیعدا، ئەوە پێویست دەکات لە سەر توێژەر کە لایەنی تر هەیە بەسەری بکاتەوەو بیناسێت، زیاتر تواناى مەعریفی بەسەردا بشکێت، تاوەکوو پەی بە ڕەگەزەکانی گۆڕان و ڕەهەندەکانی زیاتر ببات.

## قسەیەک لەسەر تیۆرەکانی گۆڕان و
## تیۆری گۆڕان لای ئەنگڵس و مارکس

دیدی زانایانی کۆمەڵناسی بۆ دیاردەی کۆمەڵایەتی، لە ئامرازەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیەوە سەرچاوە دەگرێت. دیدو تێڕوانینی ئەوتیۆریستە کۆمەڵناسانە لەوهەوڵە زانستیانەدا بەرچاو دەکەوێت . کە لەچوارچێوەی تیۆریدا بۆ ڕاڤەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی خستویانەتە ڕوو. ئەمە سەرەڕای ئەوەی تیۆرەکانیان بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی ، پەرەسەندنی زۆریان بە پێی قۆناغی مێژوویی بەخۆیانەوە دیوە، قۆناغ لەدوای قۆناغ ووردی و لۆژیکی زیاتر بەو تیۆریانەیانەوە دەبینرێت و هەستیپێدەکرێت.

لە قۆناغی بیرکردنەوەیReflective Thinking سەرنجدانی مێژوویی گوماناوی، پەیبردنی پشتبەستو بە بیری میتافیزیکی، تیا گواسترایەوە بۆ

قۆناغی پشتبەستن بە واقیع و کۆکردنەوەی بەڵگەی مێژوویی کە گوزارشت لە دروستی تیۆرەکە بکات،  ئەم هەوڵانەش تا بەئیمرۆ بەردەوامیان هەیەو دەیان تیۆری و میتۆدی ڕاڤەکاری هاتونەتە لەدایکبوون،  نموونەی تیۆریاکەی ئەنگڵس. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ  یەکێک لەم تیۆرانە لە پێکانی دیاردەی گۆڕان و ڕاڤەکردنیدا دواوشەی خۆیان نەداوە. ئەمەش  بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و مێژوو بەمانا فراوانەکەی دەگەڕێتەوە .کە هەمیشە پەردە لەسەر بەڵگەی نوێ وئەرگۆمێنتی نوێ لادەدات. کە ئەگەر پشتگیری لە هەندێ تیۆر بکات ئەوا دەبێتە هۆی مایەپووچی تیۆرەکانی تر. نەک هەر ئەوەش بەڵکوو دەبێتە هۆی مایە پووچی هەموو ئەو تیۆرانەی خراونەتەڕوو.

هەربۆیە قسەکردن لەسەر تیۆری گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێویستە قسەکردنێکی بەئاگایانە بێت،  لە ڕوانگەی ئەو ڕاستیەی ئاماژەمان پێدا تەنها مێژوو توانای پووچەڵکردنەوەی هەر تیۆرێکی لە مشتدایە. لە کاتێکدا پەیبردن بەم ڕاستیە بەمانای کەمکردنەوەی پێگەی ئەو  تیۆرانەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، کە تائەمرۆ دەرکەوتوون،  نیە. بەڵکو جۆرێکە لە ڕاڤەی ئەوەی کە «بۆچی تیۆرەکان لە ڕابردووەوە تاکو ئێستا هەمەجۆرن؟ وە بۆچی بیرکردنەوەکان جیاوازن؟ سەبارەت بەڕێڕەوی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و هۆکارەکانی».

پاشان بۆخۆی بەدەر لە زانین و پەیبردن بە بوونی جیاوازی تیۆرەکان و چۆنیەتی دەست بردنیان و راڤەیان و تێگەیشتنیان بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بەدەستمان دەخات، لەهەمانکاتدا ڕامان و سەرنجدان لە مێژووی ئەم تیۆرانە ئەوەمان بۆدەردەخات کە ئەم تیۆرانە تاڕادەیەکی باش لە ڕووی پێگەیشتنی زانستیەوە توانیویانە سەرکەوتن بەدەست بهێنن،  هەنگاوی گەورە لە تێگەیشتنی دیاردەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیان بڕیوە. خستنە ڕووی زیاتری ئەم تیۆرانەش لەمەودوا ئەم راستیەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت.

هەرچەند لێرەدا بە شێوازی خستنەڕووی تـەواوی ئەو تیۆرانە خۆمان خەریک ناکەین، بەڵکو هەوڵی گرتنەبەری ڕێچکەیەکی نوێ بۆ خستنە ڕوویان ڕوخساریانە دەدەین . تەنها دەشمانەوێت تیۆری ئەنگڵس و هاورێکەی بخەینەڕوو کە درێژکراوەو سەرقەباغی تیۆرەکانی مادی مێژووی باسی لێوەدەکەین.

وەک سەرنجێکیش لەسەر تیۆرەکانی» گۆڕانی کۆمەڵایەتی» کە هەڵقوڵاوی تیۆرە گشتیەکانی کۆمەڵناسین، سەرەتای دەرکەوتنیان بۆ سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێنەوە، وە ئەم تیۆرانە لەپەرەسەندن دانەبڕاوون و هیچکامیشان لەویتر دانەبڕاوە، بێجگە لە تیۆرە حەتمیەکان، کە تارادەیەک بەرەو وون بوون ڕۆیشتن. ئەوانی تر بە شێوەیەکی هاوسەنگ بەرەو پێش چوون.

**تیۆرەکانی ماددی مێژوویی:**

ئەگەر تیۆری ئەرکەکی جەخت لەسەر گۆڕانی پلەبەندی هاوسەنگی بکاتەوە، ئـەوا تیۆری مـاددی مێژوویی جەخت لەسەر گـۆڕان کاریە شۆرشگێریەکان دەکاتەوە، کە دەبێتە هۆی گواستنەوەی کۆمەڵگە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی بەرامبەربوونەوەو دژیەک ، وەئەگەر ئەرکەکی جەخت لەسەر تەواوکاری و رێککەوتن بکاتەوە ئەوا ماددی مێژوویی جەخت لەسەر ململانێ و دژیەکی دەکاتەوە.

ململانێ لـەم تـیـۆرەدا بزوێنەری سەرەکی گۆڕانی کۆمەڵگەو کۆمەڵگەیە. مێژووی کۆمەڵگەکانیش شیکردنەوەی کۆتایی مێژووی ململانێی نێوان چینەکانە. وەک وتمان ئیمرۆ بەتیۆری مارکسی ناودەهێنرێـت. بنەما سەرەکیەکانی «تیۆری ماددی مێژوویی- تیۆری مارکسی» بۆ هەوڵ و

ماندووبونەکانی « ئەنگڵس و «1820–1895) و کارل مارکس»1818–1883» دەگەڕێنەوە. ئەو بنەمایانەش تائێستەش هەر لەپەرەسەندنان، ئەوەش بە سڕینەوەو لادان یاخود زیادکردن و خستنەسەر. وەک ئەوەی لە تیۆری ئەرکەکیدا روویداوە. زۆرێک لە بابەتەکانی ماددی مێژوویی و شێوازەکانی لەشیکردنەوەو راڤەکردنی کرداری گۆڕان لە جیهانی سێیەمدا بەکاربراوە. لەو روانگەیەوە هەوڵ دەدەین لەمەودوا بە خێرایی ئاماژە بە دووشێوازی سەرەکی لە شێوازەکانی شیکردنەوەی ماددی مێژوویی بدەین. یەکەمیان بریتیە لە شێوەو روانگەی مارکسی کلاسیکی، دووەمیشیان پەیوەستە بە شیکردنەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە جیهانی سێیەم کەناسراوە بەتیۆری گەشەی ناتەریب، یاخود تیۆری نەسەقی سەرمایەداری جیهانی.

1– تیۆری مارکسی: مارکسیەت تەماشەی ژیانی کۆمەڵایەتی وەکو جوڵەیەکی بەردەوام دەکات. ئەوجوڵەیەی شێوەیەکی تایبەتی لە شێوەکانی جووڵەی ماددی وەردەگرێت، کەچەند پاڵنەریکی گۆڕان لە ناوەوەیدا دنەی دەدات. هەمان یاساکانی جووڵەی مادیشی بەسەردا دەچەسپێت، لەگەڵ ئەوەشدا چوونیەکی تەواو لە نێوان یاساکانی سرووشت و یاساکانی کۆمەڵگەدا بوونی نیە. چونکە کۆمەڵگە پێکهاتەو رەگەزی بێدەنگ وبێ جووڵەی» مردوو» تێدانیە، وەک ئەوەی لە سرووشتدا هەیە، بەڵکو پێکهاتەی هۆشیاری تێدایەو کە «مرۆڤ» ە و ئەویش ئامانجی دیاریکراوی هەیە وشێوازی دیاریکراو لە هوشیاریان هەیە کە وادەکات بتوانن ئامانجەکانیان بەدی بهێنن.

لێرەدا نامانەوێت بەراووردی جووڵەی کۆمەڵگەو جووڵەی ماددە بکەین بەڵکوو ویستمان جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کەمارکسیەت تیۆری گۆڕانی کۆمەڵایەتیەو چەمکی گۆڕان یش تەوەرەیەکی سەرەکیە

له ناویدا. لێرەدا بابزانین مارکسیەت چۆن راڤەی جووڵەی بەردەوامی کۆمەڵگە و گۆڕانە بەردەوامەکەی دەکات. کۆمەڵگە لەسەر بنەمای ئابووری دادەمەزرێت و کورت دەکرێتەوە لەپەیوەندی بەرهەمهێنان و شێوازە باوەکانی بەرهەمهێنان لە قۆناغە مێژوویەکان دا.

یاخود بڵێین ئابووری بنەمایەکی سەرەکیە کە کۆمەڵگە پشتی پێدەبەستێت لەسەری دەوەستێت. لەبەر ئەوەیە کە پێکهێنەری هەموو رەگەزەکانی تری بونیادی کۆمەڵایەتیە کە مارکس بە بونیادی سەروو ناویان دەبات وەک « یاسا و دەوڵەت و خێزان و کلتوور» گۆڕانی کۆمەڵایەتیش لە کۆمەڵگەدا رەنگدانەوەی ئەو گۆڕانەیە کەلە بنەمای ئابوویدا روودەدات یاخود بڵێین ژێرخانی ئابووری.

لەیەکێک لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگا هێزی بەرهەمهێنان دەکەوێتە بەرامبەری و دژیەکیەوە لەگەڵ پەیوەندی بەرهەمهێناندا. واتە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان ناگونجێن لەگەڵ ئەو پەرەسەندنانەی کەلە هێزەکانی بەرهەمهێناندا هەن و روودەدەن. لەبەر ئەوە پێویستە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان بگۆرێت و لە گەڵیشیدا رەگەزەکانی بونیاد» سەرخان» بگۆرێت بۆ پاڵپشتیکردن لە گۆڕانە نوێیەکە و پاراستنی. لێرەشدا شۆرش سەرهەڵدەدات کە دەبێتە هۆی گواستنەوەی کۆمەڵگە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر. هەرقۆناغێک لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگە دووچینی دژیەک بە خۆیەوە دەبینێت یەکێکیان هێزەکانی بەرهەمهێنانی لەدەستدایەو ئەوی تریش « چینی خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان»ئەم هێزەی یەکەم بەکاردەخات و سودو قازانجیشی ئیستغلال دەکات بۆ خۆی. ئاڵوگۆریش لە هەرقۆناغێک لە قۆناغەکان دەبێتە هۆی دەرکەوتنی پێکهاتەیەکی چینایەتی لە رێگەی دەرکەوتنی چینێکی نوێوە، کە سەرپەرشتی گۆڕان کاری دەکات

و تاوەکو ئەوکاتەی دەبێتە چینی حاوەن موڵک و باڵادەست لە قۆناغە نوێیەکەدا.

دیارە ئەم تیۆریایە پێنج قۆناغی لە مێژووی کۆمەڵگەکاندا دیاریکردووە کەبە قۆناغی سەرەتایی دەست پێدەکات - مەشاعیەی بدائی- وەقۆناغی بەرهەمهێنانی ئاسایی و پاشان قۆناغی دەرەبەگایەتی و پاشتر قۆناغی سەرمایەداری و دواجار قۆناغی کۆمۆنە. هەرقۆناغێک لەمانە بە بوونی شێوازێکی بەرهەمهێنانی دیاریکراو جیادەکرێتەوە لەگەڵ بوونی دووچینی دژبەیەک « جگە لە قۆناغی سەرەتایی وقۆناغی شیوعیەت» کەئەنگڵس و مارکس بەنەبوونی چینایەتی و خاوەنداریەتی تایبەت ناوی دەبەن، یاخود وەصفیان کردوە.

ململانێی چینایەتی بەپێی ئەم تیۆریایە بارووداۆخێکی سرووشتی کۆمەڵگاکانە. هەروەها ململانێ بە بزوێنەری سەرەکی مێژوو ناوی دەبات، ئەگەر جیاوازی کۆمەڵایەتی نێوان هێزی بەرهەمهێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان بزوێنەری بونیاد بێت بەرەو گۆڕان ئەوا ململانێی چینایەتی ئەو ئەرکە جێبەجێدەکات. کۆمەڵگەش گۆڕانی بەسەردا نایەت تەنها بە هوشیار بوونەوەی تاک نەبێت لەبەرئەوە ئەرکی گۆڕان لە قۆناغێکی تردا دەکەوێتە سەرشانی چینێکی دیاریکراو. بۆنموونە چینی بورجوازی سەرکردایەتی گۆڕانی لە دەرەبەگایەتیەوە بۆ سەرمایەداری کرد. داڕێژەرانی ئەم تیۆریایە گریمانەی ئەوەدەکەن کە چینی کرێکار «پرۆلیتار» سەرکردایەتی گۆڕان لە سەرمایەداریەوە بۆ جیهانی شیوعیەت دەکات.

## بەشی چوارەم: تێڕوانینی ئەنگڵس بۆ گەردوون

فەیلەسوفانی پێشین لە سەر پرسێک کە بەلایانەوە زۆر جێگەی بایەخ بوو، بەرەدەوام مشتومڕو گفتوگۆیان بوو، ئەویش ئەو پرسیارە وەڵام نەدراوەو کراوە بوو کە تا ئیمرۆش وەک هەرەسی بەفر هەر وەڵام لەخۆی کۆدەکاتەوەو بەرامبەر خۆری قورسی پرسیارەکەش ئەو هەرەسە هەڵگری حەقیقەتێکی ڕەها نیەو، ئێمەش تەنها دەتوانین سێڵاوی بیرکردنەوەو پەیبردنی فەیلەسوفان وەک جۆرێک لە وەرگرتنی مەعریفە لەوبارەیە سوودی لێوەربگرین وجامۆڵکەی زانیاری لێ پڕبکەین. پرسیارەکەش ئەمە بوو: ئایا بوونی گەردوونی بینراو پێویستیە؟ مەگەر ئەو پێویستیەی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ لە قوڵبوونەوەمان لەوەش ئەم پرسیارەی تر خۆی نمایش دەکات: چۆن دەتوانین بیر لە کەینوونەی گەردوون بکەینەوە؟

بۆ ڕۆچوون لەم بابەتە و گەڕان بەدووی وەڵامی ئەو پرسیارەی هێنامان لەسەرەوە، هەندێ لە فەیلەسوفانی گریک تێزی حلول panthéisme یان تەبەنیکرد. بەمانا خوای پەروەردگار خۆی لەناو هەموو شتێکدا تواندوەتەوەو بەمانا بوونی خۆی خزاندوەتە ناو هەموو شتەکانی بوون. کە ئەمەش بەجۆرێک لە جۆرەکان هەمان بیرکردنەوەو تێڕوانینی کۆمەڵێک لە سەرانی ڕێچکەی صۆفیەکانی پەیرەوی ئیسلام بوو.

کاتێکیش دەمانەوێت لەسەر بیری ئەنگڵس لەمبارەوە بدوێین ، پاش سەرنجدان لە نوسین و تیۆریاکەی، تێبینی دەکەین ئەم تێڕوانین و تێفکرینەش لای ئەنگڵسEngels هاورێ و هاوبیری مارکس، بوونێکی رێژەیی هەبووە. بەمانا ئەنگڵس بەجۆرێک لە جۆرەکان شێوەک لە باوەربوونی بەم تێزە هەبووە. بەتایبەت بەو پرانسیپ و بەڵگانەی کە شایستەی مشتومڕ نەبوون، لای هەڵگرانی بیری حلوول.

ئەنگڵس پێی وابوو گەردوون بوونێکی ئەبەدی و ناکۆتای هەیە و باوەڕی وابوو کە گەردوون لەنەبوون نەهاتووە و کۆتاییەکیش بۆی نیەو نافەوتێت، جێگیرە و کارلێککەرە لە رێگەی زنجیرەیەک لە هاتنەوەیەک و کشانی بەردەوام. ئەمەش ئەو ووتانەی گەورە فەیلەسوفانی (یۆنانی) مان دەهێنێتەوە یاد کە باوەڕیان بە خودایی بوونی گەردوون یا خود گەردوون خاوەن ماهیەیەکی خودایية، ڕوونتر بڵێین گەردوون بریتیە لە خوا. بەمانا بوونێکی عاقڵ و هوشیارو هەستیارە.

دیارە زانستە پۆزەتیڤیەکان دووریان خستینەوە لەو چەمکە فەلسەفیەی بەناو قوڵایی پێشیندا رۆچوو بوو، کە لە توانایدا بوو پێشەنگیمان بکات بۆ پرانسیپی حلول. دیارە پرانسیپی حلولی تووشی جۆرێک لە بەرەنگاری و جۆرێک لە خۆپارێزی لە لایەن فەیلەسوفانی پۆزەتیڤیزم دەبێتەوە. بەوەی ئەم گەردوونە بینراوەی کە هەیە، ئایا ئەگەر وەک ئەو فەیلەسوفانە باسیان لێوەکردوە، هەبووی یەکەمە.! مەگەر عەقڵی یەکەمە و رەهایە وجێی خۆیەتی دان بەوەدا بنرێـت؟،.

دیارە لەبەر رۆشنایی ئەو دۆزینەوە زانستیانەو بینراوە نوێکان دا، دەرکەوتوە کە گـەردوون لە دۆخی درووستبوونی بەردەوامدایە، چونکە ئێمرۆ وامان لێهاتووە پەرەسەندنەکەی دەزانین. هەرچەند ئەمە

ئەو ڕەهاییەی کە ئەوان باسی لێوەدەکن ناتوانن لێی وەربگرنەوە بەوەی لە دۆخی پێکهاتنی بەردەوامدایە، بە شێوەیەکی تەدریجی لە جەوهەری شاراوەیدا لێیدەردەچێت.

لای حلولیەکان ئەم رەهاییەی گەردوون پێش ملیۆنان ساڵ وەک مادەیەکی سادەی ڕێژەیی دەستیپێکردووە. پاشان بەشێوەیەکی شێنەیی و بەدووی یەکدا وای بەسەرهاتووە، بەهۆی سەرچاوە خودیەکانیەوە، گۆڕاوە بۆ مادەیەکی زیندوو، پاشان بۆ مادەیەکی بیرکەرەوەو عاقڵ و هوشیارو زیرەک. لێرەوە ئەم حلولیە دەبێنە بابەتێکی پەرەسەندوو وپەیوەست دەبێت بە پرانسیپی ئولوهیەتەوە. بۆیە دەڕبڕی راستەوانەی ئەم تێزە دەڵێت: ئەم جیهانی مادده هەبووە، هەبوویەکی ڕەهای نادرووستکراوەو لەناونەچووشە. بەلەبەرچاوگرتنی پەرەسەندنی فیزیایی گەردوونی.

لەم روانگەیەوە مارکسیەکان رایدەگەیەنن کە ئەوان ماددی و عەقڵانی و زانستین. بیرەکانیان زانستیەو تیۆریاکەیان هەر زانستیە. هەربۆیە ئەوان ناڵێن کە گەردوون خوایە و هەڵگری خەصڵەتی خواییە، پرانسیپی حلوول دەربڕی بیروباوەڕێکە کە شێوازی میسۆلۆجی ئەفسانەیی وەهمی لەهەگبەدایە. تەنها لەو دەستەواژەیەدا کە» گەردوون کەینوونەیەکەو هەیەو هیچی دیکە « واز لەبابەتەکە دەهێنن. پێیان وایە ئیتر خستنەسەرو زیاتر لەسەر رۆیشتن لەو بارەوەیان نابێت. ئەوەش لە ڕووخساردا جیاوازی لەگەڵ میتافیزیکای ( تەنها یەک خودایی) دا نیە..

دیارە دەتوانرێت گفتوگۆ لە بارەی تێزی « گەردوون بەو دەربرینەی کە بوونێکی رەهای هەیە، خاڵیە لە وویستی پشتیوانی هەرشتێکی دیکە، ئاکە بوونەوەری نێو بوونە، یاخود بوونێکی ڕەهای ئاقانەی بۆخۆو لەسەر خۆ وەستاو و پێویست بە هیچی دیکە نیە.» گرفتی ئیمرۆی زانایانی

کۆن و نوێ، لەوەدایە، کە خەڵکی ئیمرۆ شتانێک دەزانن کە پێشینەکان نەیانزانیوە، ئەوەش بەو ئەزموون و کەڵەکەبوونی زانست و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە دەستی کەوتووە، وەڵامی بۆ کۆمەڵێک پرسیاری گرنگ سەبارەت بە گەردوون و پەرەسەندنی گەردوون دەستکەوتووە. بۆیە ناتوانێت ئەمە پشتگوێ بخات و نەیکاتە پێوەرێک و تێکەڵاوی دونیابینی و تێفکرینەکانی نەکات.!

ئەمە لەکاتێکدا بۆی دەرکەوتووە کە ئەم گەردوونە دیارە مێژوویەکی هەیە، بەمانا سەرەتایەکی هەیە. پاشان بۆ دەسگرتن بەو گوتەزایەی کە گەردوون خۆی « کەینوونەیە» ئەوەش بۆخۆی جۆرێک لەدانپیانانە بەوەی کە گەردوون لە دۆخی گۆران و درووستبوونی بەردەوامدایە. سیستمێکە لە دۆخی داهێنان و درووستبونێکی داهێنانی نوێی بەردەوامدایە. ئەو بەکاربردنی چەمک وزاراوە دیالێکتیکیە، یاخود ئەو دەستبردن بۆ فێڵە جەدەلی زمانەوانیە زیرەک و خەڵەتێنەرە لەو شێوە زۆرزانیە فیکریەدا خۆی حەشارداوە کە دەیەوێت ئەو شتانەی کە لەهەگبەی کۆنی ئەفسانەکانەوەهەبوون، ئەو ئەفسانەو لێکدانەوە بێ بنەمایانەی کە بەدیوارەکانی زەمەنەوە ووشکبوونەوە، بەسەریدا ساغ نەبنەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەنگڵس ومارکسیەکان سوورن لەسەر ئەوەی کە ئەستێرەکان خودان سرووشتی خودایی نین، چونکە نهێنیەکانیان و پێکهاتە کیمیاییەکانیان دەزانن. ئیتر شتێک نیە پاڵیان پێوە بنێت کە بڵێن گەردوونی بینراو جەوهەرێکی خودایی هەیە. بۆیە ئیمرۆ سووربونی ئەوان دەبینن لەسەر ئەوەی کە تەنها بڵێن گەردوون بوونێکی ماددی تاکە مومکین و بەردەسە. دژایەتی تەواوی مشتومڕەکانی سەر زیندەگی دەکەن، واتە ئەو ئاراستە ئاینیەی کە گیانی زیندوویی دەداتە پاڵ هەموو شتەکان و

دووردەکەونەوە لە پرانسیپی حلوولی. بەڵام لە راستیدا بیانەوێت و نەیانەوێت جامەبەستەوە بێت یان بێ مەبەست، دەچنە نێو خانەی ئەوانەی بوونی خوایەتی رەتدەکەنەوە، کەچی بەم دۆخەشەوە بە جۆرێ لەجۆرەکانیش رزگاریان نابێت لەحلوول و شێوازێکی نوێی حلوولیان هەڵبژاردووە.

شایەنی باسە کە مارکسیەکان دوومانا دەدەنە پاڵ موفرەدەی (ماددیە)، کە تایبەتمەندی و جیاوازی لەگەڵ ئەوانی تردا هەیە. یەکەمیان ئەوەیە کە مادیە دژی میسالیە، ماددیە بەم مانایە ئەوەیە کە جەخت لەسەر بوونی ماددی بابەتی و پۆزەتیڤیزمی جیهان دەکاتەوە. بەمانا بونێکە سەربەخۆیە لە گیانی مرۆیی ئەوەی دەیزانێ و لەسەری دەزانێت. ئەمە لەکاتێکدا جیهان بەلای میسالی و بەتێڕوانینی ئەو، شتێک نیە مەگەر دەربڕی، یاخود تێڕوانینی، یاخود نوێنەرایەتیکردنی، یاخود وێناندن و دەست نیشانکردنی خودی بۆ جیهان نەبێت.

دیارە کەینونەی جیهان و بنچینەی ئەوەی لێی درووستبوە بە پێی مادیەتی مارکسی لەو نمایشکردن و کورتکردنەوەیە، بەو شێوە وێناندن یان تێڕوانینە خۆی لە قاڵب دەدات، کە جیهان بوونێکی سەربەخۆیەو لەهەر بابەتێکی زانیاری مرۆیی و پێش مرۆڤیش بەدەرە. بەمانایەکی تر منی مرۆڤ ناتوانم ئەم جیهانە بەتێڕوانین و دەرک پێکردن و دەستنیشانکردنی خودی بۆی تێیپەرێنم. هەرچی مانای دووەمی مادیەت لای مارکسیەکانە برێتیە: مادیەتی دیالێکتیکی پشتبەستوو بە رێچکەی ئەزموونی و رێچکەی عەقڵی، خاڵی دەستپێکەرە بۆ مەعریفەو هوشیاری لە رێگەی هەست و ئەزموونکردنەوە. لە پێناو درووستبوونی تێگەیشتنێکی زانستی و تیۆریایەکی زانستی کە رەنگدانەوەی ووردو قووڵی کەتواری ئەزمونی بێت. دیارە ئەمەش بە بیرو باوەڕی مارکسی لەبابەتی مەعریفەو لە نێویشیدا مەعریفەی

گەردوونی دەگرێـتەوە. کەواتە ئەزمون ئەو پێوەرەیە کە پێویستە بەسەر هەموو مەعریفەیەکی تیۆریدا پراکتیک بکرێت. هیچ مەعریفەیەکیش لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەزموون بە پێی بیرو باوەڕی مارکسیەکان بوونێکی نیە.

وەک ماوتسی تۆنگ ووتویەتی: تیۆری مەعریفە لە مادیەتی دیالێکتیکیدا پراکتیک و جێبەجێکردن شوێنگەی یەکەم داگیردەکات. بەڵام پارادۆکسیەک ئامادەیی هەیە، کە مارکسیەت دان بنێت بەوەدا کە ئەزموون ڕەنگدانەوەی ڕووی دەرەوەی بابەتەکانە و ناتوانێت دەرخەری جەوهەرو کرۆک و ئەو یاسا ناوەکیانە بێـت کە هەژموونیان بەسەر ئەو ڕوخسارانە دا هەیە، بەڵکو دایدەبڕێت لێی. لێرەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئەو پەیبردنە هەستیانەی کە بە هۆی ئەزموونەوە دەستمان دەکەون ناتوانن تێگەیشتنی عەقڵی تایبەت بەڕوخساری شتەکان درووستبکات.

شوێنکەوتوانی ڕێچکەی عەقڵی و ئەزموونی وایان لە فەلسەفەکرد کە پاشەکشێ بکات و واز لەو ئەرک و ڕۆڵە تێفکرینەی بهێنێت کە لەخزمەتی زانستە سرووشتیەکاندا بوو. دیارە پێش هەژموونی ئاراستەو ڕەوتی ئەزمونگەرایی ، فەلسەفە لەسەرەتادا هەموو مەعریفە مرۆییەکانی قۆرخکردبوو، لە نێو ,انیشیاندا فیلْدە زانستیە جۆربەجۆرەکان وەک زانستی سروشتی و بیرکاری. زانستە سروشتیەکان بەوپێیەی پرسی میتافیزیکی یاخود ئەبستراک و تەجریدین، لە چوارچێوەی فەلسەفەدا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا. ئەوکات فەلسەفە ئەرک و بەرپرسیارێتی دۆزینەوەی راستیەکان لە هەمو بوارەکانی گەردوون و بوونی بە هۆی میتۆدی پێوانەییەوە، لەئەستۆدەگرت.

پاشان وورده وورده فەلسەفە پوکایەوە و لەقەڵای فیکری خۆی هێنرایە خوارەوەو بوارەکانی خۆی دایە لە هەموو بوارەکاندا، دەست زانستی

نوێوە. لێرەوە جۆرێک لەجیابوونەوە نیوچە تەواوەتی لە نێوان فەلسەفەو زانستەکان خۆی تۆخکردەوە. ئەگەر تێبینی بکەیت کە فەلسەفە لەناو پێوەرکاریدا خۆی لە قاوغ داوەو ئەوەش وەک میکانیزمێکی بیرکردنەوە، کەچی زانست پەنای بۆ میتۆدی ئەزموونی و رێگاکانی ئەزمونکردن و ئەزمونە شیکاریەکان، بەمەبەستی گەیشتن بە تیۆرە زانستیەکان و یاسازانستیە جێگیرەکان لە شیکاردا بردووە.

دیارە فەیلەسوفان بەپێی وەڵامی ئەو پرسیارە ئەنتۆلۆجیە سەبارەت بەگەردوون دراوەتەوە بۆ دووبەرە دابەش دەبن، پرسیارەکەش ئەوەیە «ئایا ئەم گەردوونە درووسنکراوەو بەدیهێنەرێکی هەیە ناوی (الله)، یاخود نا بەڵکو هەبوویەکی ئەزەلیەو هەیەو نەبونێکیشی بۆ نیە؟». ئەو بەرەیەی کە پێشینەیی بە گیان دەدەن بەسەر سرووشتی ماددیدا، پەسەندی بیری غەیبانی دەکەن لە بەدێهێنی جیهاندا، سەربازگەی میسالی پێکدەهێنن و بەفەیلەسوفەکانیش دەوترێت میسالی. هەرچی بەرەی دووەمە وادادەنێن کە سرووشت رەگەزی یەکەم کرۆکی بنچینەییە primordial. ئەوانیش لایەنگرو سەربە قوتابخانە مادیە جیاوازەکانی فەلسەفەن. بۆیە دەڵێین کە میسالی وماددی شتێکی دیکە بەدەر لەمەی باسمانکرد نین.

بەرەی مادیە وادادەنێن سرووشت کەتواری یەکەم و ئەنتۆلۆجیەو شتێک لـەدەرەوەی سرووشت بوونی نیەو مرۆڤ بەشێکی بنچینەیی و دانەبڕواە لەنێویدا، دیارە بیروباوەڕی ئەنگڵسیش لەم تەرزە بیرو باوەڕەیە. بەدەربڕینێکی تر ئەو بیرو باوەڕەی هەیە کە جیهان بابەتێکی ئەنتۆلۆجیە بۆخۆی بەبێ بەدێهێنەر.

دیارە لەتوانای بیرکردنەوەیە کە جیهان بۆخۆی بەو پێودانگە تاکە کەینونەیەکی ئەنتۆلۆجی بێت؟ لە راستیدا ئەوە گرفتە راستەقینەکەیە؟

ئەوە جێی سەرنجە کە جیاوازیەکمان ئێمە باسکرد، بەڵام سەرەڕای ئەو پێچەوانەیی و دژیەی لەنێو ئەودوو بەرەیە هەیە، ئەگەر ووردبینەوە بۆنموونە» لە میسالیەتی فەیلەسوفێکی وەک فیختە Fichteیان مادیەکی وەک ئەنگڵس Engelsکەچی پێکەوە ئەو دوانە کەپەروەردەو لایەنگیری دووبەرەی جیاوازبوون پێکەوە لە دژایەتی کردنی ئاینەکاندا نموونەی ئاینی جولەکەو مەسیحیەت و ئیسلام، واتە بیروباوەڕە ئاسمانیەکاندا ئەو دوانە دەبنەوە یەک هەڵوێست و دژی یەکتاپەرستی و یەک بەدیهێنراوی گەردوون دەوەستنەوە.

بەتایبەت لەوەی بابەتی بەدیهێنانی یەکسەری بوون و راستەو خۆدروستکردنی لەهیچەوە، چونکە باوەڕیان وایە ئەم گەردوونە لەنەبوون نایەو لە هیچەش پەیدا نابێت. جەخت لەسەر جیهانێکی ئەنتۆلۆجی بێپیشینە دەکەنەوە وەک ئەوەی هەر لەئەزەلەوە هەبوویێت، درووستکراوێکی بۆ نەبێت و وەک چۆن کۆتایەکیشی بۆ نەبێت. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین ئەمە پێش ئەوەی ئەنگڵس دان بەمەدا بنێت، فەیلەسوفی گریکی پارمێنید parménid ئەمەی ئاماژە پێداوە بەڵام بە جیاوازیەکی کەمەوە ئەویش ئەوە کە پێشینەکان ئەوەی ئێمە دەیزانین لەم راستیانە سەبارەت بەگەردوون ئەوان نەیانزانیوە، وەک ئەوەی کە گەردوون لە پەرەسەندنی بەردەوامدایەو چیرۆکی درووستبوون و مێژوو گۆڕانی بۆ هەیە. لێرەوە دۆزینەوە و سەلماندنە پەرەسەندنەکانی گەردوونی وەک فیزیایی و بایەلۆژی و زیندەگی، زانستیانە بابەتەکە ئاڵۆزتر دەکەن.

بۆیە مارکسیەکان بە پێچەوانەی پارمێنید، هەست ناکەن بەوەی کە تازە لەسەریانە ئینکاری ئەم راستیە پەیوەست بە گۆڕان و پەرەسەندنە فیزیاییەی گەردوون لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر بکەن. ئەو ئاڵوگۆرکاریەی

که لەمادەوە بۆ ووزەو لە ووزەوە بۆمادەیەی هەیە، بۆیە ناگونجێت لەگەڵیان کە لەسیاقێ:ی فەلسەفی راستەقینەدا مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدانەکەن. پوختەی بیری مارکس لە کتێبی Natonal Ökanomie und philosophie سەبارەت بە گرفتی بەدیهێنەر دەڵێت « نەمرۆڤ و نەجیهان لەڕووی ئەنتۆلۆجیەوە هیچیان لەسەر نیە ، لەسەریان ناگیرێت، پێویستیان بەدەرەوەی خۆیان نیە، هەبوونی هەریەکەشیان بەهیچ هەبوویەکی دەرەوەی خۆیەوە نەبەستراوەتەوە.

پرسی بەدیهێنان بریتیە لە بۆچوونێک کەناتوانرێت لە هزر و بیرو هزشیاری میللی داببڕێت. چونکە بابەتێکی ئەنتۆلۆجی وەک جیهان و سروشت بەبێ دەستوەردانی هەبوویەکی باڵا، ئەمە شتێکە لەدەرەوەی توانای بیرکردنەوەو تێگەیشتن و بۆچوونی عەقڵی جەمعی و هوشیاری میللیەوە یە، چونکە ئەوە پێچەوانەیە لەگەڵ خوو نەریتی دەستی ژیانی رۆژانەی خەڵکی. چونکە کاتێک کرێکارێک یان پیشەوەرێکی سادە خووی گرتوە بەپیشەکەیەوەو رۆژانە لەگەڵ کارەکەیدایەو بەدەستەکانی خەریکی درووستکردن و بەرهەمهێنانە، ئەم ژیانکردن وچالاکیەی هەردەم وابیری دەجوڵێنێت کە بەڵێ جیهانیش درووستکەرێک هەیەو ئەم شتانەی وەک ئامراز درووستکردوە. دیارە ئەمە ئەوبابەت وکارەبوو کە بەرگەسۆنی فەیلەسووف ناکۆک بوو لەگەڵیدا ودژی دەوەستایەوە، کە دەیوت: ئاخر چۆن دەکرێت بابەتێکی میتافیزیکاو لە دەرەوەو چوارچێوەی جیهانی مادی تۆبێیت بەبیرکردنەوەو پێوەری جیهانی ماددی و پیشەو کارو ئامرازەکانی رۆژانەی بەردەستت تۆ بەراوردی بکەیت یان بەو شێوازە بیری لێبکەیتەوە

## بەشی پێنجەم:
## ئەنگڵس و پلانێک بۆ ڕەخنەگرتن لە ئابووری سیاسی

دیارە یەکەم کاری فریدریک ئەنگڵس کە کردەی لێکۆڵینەوە بێت لە سەر سیستمی ئابووری بورجوازی لە گۆشەنیگای سۆسیالیستیەوە، بریتی بوو لەم نوسینەی کە لە ژێر ناونیشانی» پلانێک بۆ ڕەخنەگرتن لە ئابووری سیاسی» بڵاویکردبوەوە.. دیارە جێی خۆیەتی کە ئەم کارەی ئەنگڵس بەبەرز نرخاندی و بەپلانێکی نموونەیی بۆ وەستان لەسەر هەڵەو پەڵەکانی ئابووری باو خوێندنەوەی زانستی بۆ ئابووری سیاسی باسی لێوە بکرێت، ئەمە یەکەم پرۆژەی رەخنە بوو لەسەر ئابووری سیاسی و لەلایەن ئەنگڵسەوە، دواتریش «مارکس» درێژەی بەم رێچکەی رەخنەگرتنەداو(تەماشەی پێشەکی « بەشداری لە رەخنەگرتن لە ئابووری سیاسی» لەساڵی –1859 بکە .

دیارە ئەم وتارە بە سەرەتای وازهێنانی ئەنگڵس لە تێفکرین و بیری میسالی و هەنگاو هەڵگرتن ڕوەو ماددی و لە دیموکراتیەتی شۆڕشگێڕیەوە بەرەو کۆمۆنە، دادەنرێت. بەڵام دیارە کۆمۆنەکەی لە ژێر کاریگەری «فەلسەفەی ئەخلاقی» دایە، چونکە بـەردەوام دەبینین لە هەندێک لە دەستەواژەکاندا ئەنگڵس لە گۆشەنیگای پرانسیپە ڕووتەکانی ئەخلاقی گشتی و مرۆڤایەتیەوە هێرش دەکاتە سەر کۆمەڵگەی بورجوازی.

پلانێک بۆ ڕەخنەگرتن لە ئابووری سیاسی «بەپێنووسی فریدریک ئەنگڵس»

ئابووری سیاسی وەک دەرەنجامێکی سرووشتی بەرفراوانبوونی بازرگانی هاتەکایەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانیدا، لەشوێن بازرگانی و ئاڵو وێری بازرگانی سادەو نازانستی، سیستمێکی ئابووریی تەواو و تۆکمە کەلە سەربنەمای هەوڵدان بۆ دەوڵەمەندبوون و گزی ڕێگەپێدراو دەوەستا، سەریهەڵدا.

ئەم ئابووریە سیاسیە - یاخود ئەم زانستی دەوڵەمەندبوونەی کە دەرەنجامی حەزو ئیرەیی بازرگانەکانە - سرووشتێکی خۆویستی بێزراو بە ڕوخساریەوە هەڵگرتووە. تا بەئیمرۆش خەڵکان بەو باوەڕە ساویلکەیەوە دەژین کە ئاڵتون و زیو تاکە سەرمایەن و هیچ شتێک بە ئەندازەی ئەوە گرنگ نیە بەلایانەوە کە لەهەرشوێنێکدا بتوانن ئەم کانزا گران بەهایانە دەست بخەن وبیخەنە گەنجینەی خۆیانەوە، وەنەشهێڵن ئەم کانزا بەبەهایانە(ئاڵتون و زیو) هەناردە بکرێن. گەلەکان ئیمرۆ وەک رژدەکان ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە، کە هەریەکەیان بەهەردوو دەستی باوەشیگرتوە بەو پارەو سامانەی بەنرخەی دەستی گرتوە خەمیەتی ئەوی تریان لێی بسەنێت. بە چاوی گومانەوە لە هاورێو هاوسێکانیان دەڕوانن. هەموو میکانیزمێکی رێ تێچوو بۆ قۆڵبڕینی یەکترو ئەوانی ترکە لەگەڵیدا مامەڵەدەکەن، بەکاردەبەن بە ئامانجی دەسکەوتنی هەندێک قازانج و کۆکردنەوەی زیاتری پارە لای خۆیان. دیارە ئەو خڕبوونەوەیەی پارە لەلای هەندێک کەسی رژد و تەنها خۆ ویست و لایەنگیریکردنی ئەم پرانسیپە بۆ خۆی بکوژی بازرگانی و جموجوڵی ئابووریە، بۆیە لێرەوە هەنگاو هەڵگرتن بۆ چوون بۆ قۆناغێکی تر دەستپێدەکات. چونکە پەییان بەوە برد

که سەرمایەیەک لەناو قاسەیەکدا بۆ خۆی سەرمایەیەکی مردووە، چونکە سەرمایەی دەساودەستکەر بەردەوامی و توانای گەشەکردن وزیادکردنی خۆی هەیە. لێرەوە گەیشتن بەم راستیەخواستی بازرگانانو سەرمایەداران بۆ سوووود زیادیکرد، بۆیە پارەو سامانەکەیان وەک باڵدار بە ئاسماندا هەڵدەدا تاوەکو باڵداری تر لە گەڵ خۆیدا بهێنێنەوە، بۆیە تێگەیشتن لەوەی کە زیانیان لێناکەویێت ئەگەر خەرجیەک بکەن یاخود سەرمایەیەک بخەنەگەڕ بۆ (ا) لەبەرامبەر شمەکەکەی، لە کاتێکدا بتوانن بە نرخێکی باڵاتر لە (ب) دا دەستوەردان بکەن و بەگرانتر بیفرۆشنەوەو سەرمایەکەیان وەربگرنەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە رێچکەی بازرگانی رێکرد و سیستمی میرکنتیلی بونیاد نرا کە حکومەت جۆرێک لە چاودێری لەسەر چالاکی ئابووری دانا، تا ئەندازەیەکی باش ئەو حەزە کوێرانە زیادە بۆ بازرگانی پەنادرا، نزیکبوونەوەیەک لە لایەن گەلانەوە تا ئەندازەیەک بەدەرکەوت، لەنێوانیاندا پەیماننامەی بازرگانی و هاوڕێیەتی گەلان دەستی پێکرد و بازرگانی لە نێوانیاندا پەرەی پێدرا، بە ئامانجی دەسکەوتنی قازانج جۆرێک لە پەیوەندی توندو تۆڵ کە هاوڕابوو لەگەڵ جۆرێ: لە خۆشەویستی و مەرامی یەکترکردن و پاشان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و ئاڵوگۆڕی هونەرەکانی خزمەتگوزاریە جۆربەجۆرەکان سەریهەڵدا .

بەڵام لە بنچینەدا ئەو خواستە بۆگەن و نەرێنیە کۆنەی بۆ پارە لای مرۆڤ هەبوو، هەرمابوویەوە، ئەو خۆ ویستی و تەنها بۆخۆویستیە، کە جارێک بۆ جارێکی تر زیادی دەکرد، دواجار دەتەقیەوە لە نێو شەڕەکاندا، و لە پشت ئێرەیی بازرگانیەوە بوو هەردەم پشتی پێدەبەسترا.ئەم شەڕانە ئەو راستیەیان بەدەرخست، کەئەو بازرگانی یە - وەک دزیی- لە سەربنەمای باڵادەستی و هێز ئەنجام دەدەرێت. بێویژدانانە دەستیان دەخستە ناو گزی

و فێڵەوە بۆ مەرامی قازانجی خودی، تەنانەت هاوپەیمانی بۆ ئەو مەبەستە گرێ بدەن، ئەمە بەدەر لەوەی کە زۆر ئاسان بوو بەلایانانەوە کشانەوە یان خۆدزینەوە یان فێڵکردن لەو پەیماننامە بازرگانیانە کە ئەنجامیان دەداو، ئەو کارەشیان بە لێهاتوویی و ژیری و هێز بێتە هەژمار و کەس سڵی لێنەکاتەوە.

خاڵی بنچینەیی و سەنتراڵ لە سیستمی میرکینتلی بەگشتی بریتی بوو لە» تیۆری تەرازووی بازرگانی»( ) بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان هێشتا بەردەوام بوون لەو دەست پێوەگرتنە کوشندەیەی کە لە پرانسیپی « ئاڵتون و زیو تەنها بە سامان هەژماردەکرێن» بۆیە بیریان بەلای ئەوەوە نەبوو کەچی دەهێنن و دەستیان دەکەوێت و دەچێتە خزمەتی وولاتەوە، چەندە هاوسەنگی هاوردە و ناردە چۆنیەتەکەی سوودی گشتی دەبێت. بۆ نموونە هەندێ جار بەراوردی هاوردەو ناردەیان دەکرد، ئەگەر هاوردە لەناردە زیاتر با ئەوان باوەڕیان وابوو ئەو زیادەیە کە هاتوەتەوە وڵاتەوە لە شێوەی پارەی بزواو، بە ئەندازەی ئەو زیادەیە وڵات دەوڵەمەندی بەخۆوە دیوە. لێرەوە پوختەی هونەری سەرمایەداران و ئابووریناسەکان لەوەدا خۆی دەبینیەوە کە هاوسەنگی لە کۆتاییساڵدا بەلای هاوردەدا بشکایەتەوە، ناردە کورتی بهێنایە. لە پێناو ئەمەش دا هەزاران کەس کرانە قوربانی و کوژران. هەرئەوکات بازرگانەکان هەڵمەتە خاچیەکانیان و مەحاکیمی پشکنینیان هەبوو لەخزمەتیاندا بوو.

سەدەی هەژدەهەم – سەدەی شۆڕش– سروشتێکی شۆڕگێڕی بەخشیە بابەتە ئابووریەکان. بەڵام بەو پێیەی کە هەموو شۆڕەکانی ئەو سەدەیە شۆڕشی تاک لایەنە بوون ، ئیتر هەرلە چوارچێوەی جیاوازی و هاودژەکان دەسوڕانەوە، پاشان مادیەتی ڕووت لە بەرامبەر گیانەکی ڕووت دژ بوو ، کۆماری بەرامبەر پاشایەتی، پەیمانی کۆمەڵایەتی بەرامبەر مافی پیرۆزو

خوایی، ئاوەهاش شۆڕشی ئابووری زۆر بەرەو ژوورنەهات وخاڵی نەبووەوە لە جیاوازی و دەرکەوتنی دژەکان. دیارە پێشرەفتەنیەکان لە هەموو شوێنێ ئائەندازەیەکی زۆر بێ پشتیوان مانەوە، مادەگەرایی نەیانتوانیوە ئەو رۆڵەی مەسیحیەت و پیاوانی کە بۆ زەلیلکردنی مرۆڤ و بەسوک تەماشاکردنی هەیانبوو لابەرێ و لە خۆی رزگار بکات. تەنها بەوەندە وەستایەوە کە سرووشت لە بریتی خودایی مەسیح دابنێت، بەو پێیەی کە ڕەهایە و ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە. پاشان لە سیاسەتیشدا کەسێک نەبووە پێشتر خەون بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە سەر کاروبارو پرسی دەوڵەت بکات، بەو پێیەی کە ئەوە دەوڵەتە. وەهیچ ئابووریناسێک بەخەیاڵیدا نەگوزەریوە کە بۆ جارێک گومان لە سەر شەرعیەتی موڵکایەتی تایبەت دابنێت. بۆیە ئابوریناس و قسەکردنی ئابوریانەی نوێ سەریان هەڵنەداوەو پێشکەوتنیش لەو بوارەدا نیوەو نیوەچڵ هاتووە.

بۆیە ئابووریناسەکان بە جۆرێک خەریکی ناپاکی ئەوانە بن کە هەنگاوێکیان لەو بوارەوە هەڵگرتوەو دژایەتیان کردووە. بەمەش ناچار هەر بەرەو هەڵەکردن و کووچەی دوڕویی وشاردنەوەی راستیەکان چوون، هەربۆیە ئەو ئەنجامانەی بەدەستیان کەوتووە نەیانتوانیوە پێی بچنە پێشەوەو بەشەرمەوە بەگیانی سەدەیەکدا کراون. بەمەش کارە ئابووریەکان سروشتێکی چاکسازیان هەڵگرتوەو خزمەتگوزاریەکانیان لە بەرهەمهێنەرانەوە گواستۆتەوە بۆ بەکاربەران. دیارە دووڕوانە ریاکارانە وایان پیشان دەدا کە ئەوان خۆیان لەو گەندەڵێ و خوێنخۆریەی کە لە سیستمی میرکینتلی بەدەرکەوتووە دوورگرتوە. هەروەها واخۆی پیشانداوە کەئەو بازرگانیەیان پەیوەندیەکی هاوڕێیانەو فاکتەری نزیکبوونەوەو یەکگرتنی گەلانە. وەک چۆن بۆ تاکەکانیش ئەمە ڕاستە، بۆیە دەبینین هەردەم بەخشش و مژدەو

دڵسۆزی پووچەڵ بڵاو دەبـووەوە، پێدەچێت بۆ کەمینەیەکی کەم ئەمە راست بووبێت بەڵام لە راستیدا وانەبوو.

ئەم شێوازە سیاسەت لە ئابووری مەترسی گەورەی خستەوە، تاوەکو وای لێهات بەرهەمی پێچەوانەی ئەوەی کە ابسی لێوەدەکرا بە ئاشکرا بەدەرکەوت. لێرەوە ئەمەش وەک فاکتەری دەرکەوتنی تیۆری رەشبینی ئابووریماڵتۆس سەرهەڵبدات کە سەبارەت بە دانیشتوان نووسی، کە تیۆرێکە زیاترین کرچ و کاڵی و زەبرو زەنگ و تورەیی تیا دەخوێنرێتەوە، چونکە رێکەیەکە شەڕو کوشتار و مردن دەکاتە فاکتەری بەختەوەری بەختەوەری پیرێک و رێچکەیەک لە نائومێدی و هەردەستەواژەیەکی جوان و ژیاندۆستیە دەیکاتە دەرەوەی خۆی و وەک خۆشەویستی خەڵکان و هاوسێ و هەر هاو سۆزیەکی تری نێو کۆمەڵگای مرۆیی . دیارە ئەمەش هەر لەخۆڕا پەیدا نابێت بەڵکو ئەمە بەرهەمی سیستمی کارگەو بەندایەتی و چەوساندنەوەو نایەکسانی سەردەمی نوێیە، کە هیچی ئەوتۆی کەمتر نیە لەو بەندایەتیەی کە لەسەردەمە کۆنەکاندا باوبوو. هەربۆیە دەبینین ئابوریناسی ونوێ سیستمی ئازادی بازرگانی ، کە دەرهاویشتەی ئەو رێچکەو جۆرە تیۆرایەی بازرگانانەیان کە پشت بەستو بوو بەکتێبەکەی (سامانی گەلان) کە هەمان دووڕوویی و نائەخلاقی و نایەکسانی لەهەموو بوارەکاندا، لەنێو گەلاندا پەرەپێدەدات.

مەگەر رێچکەی ئادەم سیمس پێشکەوتن نەبوو؟ بەڵێ کامە پێشکەوتن بوو؟، راستە پێشکەوتن بوو.! تەنانەت پێشکەوتنێکی پێویستیش بوو، بۆ لێدان لە رێچکەی رەوتی سیستمی میرکنتلی و هەموو ئەو قۆرخکاری و بەربەستانەی کە بۆ بازرگانی و پەیوەندیە بازرگانیەکان درووستیان کردبوو. چونکە لەرێگەی ئەوانەوە نەبوایە، ئەو راستیەی موڵکایەتی تایبەت بەو

ئاشکرایە، نەدەزانرا. پێویستت بوو چونکە بۆلادانی هەموو ئەوپەردەو ڕوپۆشە ئیعتباریە بچوک و ناوچەیی و نەتەوەییانەو تاوەکو ململانێی سەردەمەکەمان ململانێکی مرۆیی گشتگیر بێت.

ئەوە پێویستت بوو بۆ کردنەدەروەی تیۆریای موڵکایەتی تایبەت، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی ئەزموونی ڕووت و بابەتیانە ، کەپشتی بە لێکۆڵینەوەی زانستیانە بەستبوو. تاوەکو ڕوویەکی زیاتر زانستی وەربگرێت و بەرپرسیاریەتێکی لە ئەنجامەکانی پێ بسپێرێت. لێرەوە بابەتەکە بگوێزرێتەوە بۆ بوارێکی مرۆیی سەراپاگیر. لەوێشەوە بگەینە ئاستێکی باڵای وا کە نائەخلاقیەتی شاراوە لە ئابووری سیاسی کۆن دەستیان تیادا گەیشتبوە لوتکە بنبڕ بکرێت، ئەوەش وەک بەرهەمی ئەو هەموو پەردەپۆشی و نەیاریکردنە ڕیابازیەیان، و دەرەنجام و سرووشتی ئەو کارانەیان.

ئێمە دان بە باشی ئەو نیازەماندا دەنێین، کە بە لێکۆڵینەوەو شیکارو گەڕان بەشوێن هەڵەو پەڵەو ڕەخنەگرتن لە ئازادی بازرگانی، بەرچاو ڕونیەکی پێداین و توانیمان لە ڕێگەیەوە بگەینە دوورترین ڕەگەزەکانی ئابووری موڵکایەتی تایبەت، بەڵام دیارە ئەومافەشمان هەبوو یان دەبوو ئەو مافەش بەخۆمان بدەین کە هەستین بە وێناکردن و پیشاندانی ئازدای بازرگانی بەو هەمو هەڵەو قەڵبیەیەوە، چ لە ڕووی تیۆری و پراکتیکیەوە .

پاشان بە ئەندازەی ئابووریناسێک کە نزیکایەتی لە ڕووی کات و مەعریفەوە هەیە، ئەوە لەسەر ئێمەیە بریاربدەین بەسەریاندا، لەم سەردەمەی ئێمەشدا پێویستت ناکات بریاردانمان لە سەر ئەوان یەکلاکەرەوە نەبێت، چونکە ئەوکات نە ئادەم سیمس و نەماڵتۆس شتێکی ئەوتۆیان لەبەردەستدا بێجگە لە چەند ڕەگەزێکی پەرشەوەبوو لەگەڵ چەند سەرەقەڵەمێک لە نوسین، نەبوو، کەچی ئەوان لەوێوە دەستیان پێکرد، بەڵام ئابووری ناسانی

نوێ سیستەمێکی ئابووری تەواو لەبەردەستیاندایەو، ئیمرۆ بە ئاسانی ئەنجامی شتەکان لەبەرچاون و نوقسانیەکان دەرکەوتوون و خراونەتە بەر رۆشنایی، هەرچەند ناتوانرێت بوترێت کە دراونەتە بەر ئەزموون هەموویان، بەڵام رەگەزەکانی ئابووری بە ئەندازەی نزیککەوتنەوەیان لەم سەردەمەی ئێمەی تیاین، بەو ئەندازەیە لە ئەمانەت دوورکەوتوونەتەوە، چەندەش لە ڕووی کاتەوە چووبینەتە پێشەوە ئەوەندەش وەک پێویست سەفسەتە زیادیکردووە. بە شێوازێک کە لەپشت زەمەنەوە رێگری لە دۆزینەوەی رەگەزەکانی ئابووری کراوە و پاشان بۆ ئەوەی ئابووری سیاسی لە ئاستی سەردەمەکەی خۆیدا بێت. ئەوەش هۆکاربووە بۆ نموونە ریکاردۆ ئاوانبارتربێت لە ئادەم سیمس و ماککلۆخ و مێل زیاتر ئاوانبارتربن لە ریکاردۆ.

دیارە ڕەگەزە نوێکانی ئابووری لە توانایاندا نیە، کە بەسەر رێچکەو ڕەوتی بازرگاناندا زاڵ بن و دەسەڵاتداربن. چونکە ئەو ڕەگەزانە تاک لایەنانەن و یەک بواریان لە خۆگرتوە. تا بەئیمرۆش بگات رێچکەی بازرگانان ( 1)

هەژموونی بەسەر بیرکردنەوەی ئابووریدا هەرماوە. بۆیە ناتوانین ئەودوانە هەریەکەیان لە شوێنگەی راستی خۆی دابنێین، تەنها بەوە نەبێت ئێمە رەخنەی جیدی لەسەرەتا هاوبەشەکانی هەردوولابگرین،کە ئەوەش لەسەربنەمایەکی پوختی مرۆیی سەراپاگیر دەکرێت. بۆیە بەڕای من ئەو بانگەوازەی کەبۆ سەربەخۆیی بازرگانی دەکرێت و بانگەشەکەری زۆر بوون، بۆخۆی بانگەوازێکی خەڵەتێنەرەوەو بانگەوازکەرەکانیشی کەمترنین لە بازرگانە پێشینەکانیان، بۆیە ئیمرۆ ئابوریە نوێکان بەربەریەتێکێک لەوەی پێشوو گەورەتر لە هەناوی خواستەکانیاندا هەڵیانگرتووە..

ئێستە دەر ئەکەوێت کە ئەوانەی پارێزگاری لە ئازادی بازرگانی دەکەن، قۆرخکارن و خرابترن لەو میرکنتلیانەی پێشوو، بۆیە ڕوونە کە مرۆڤایەتی ئابوریکاری نوێ لەناخیدا بەربەریەتی تەواوی حەشارداوە، کە بێگومانم لە ئابوریکارەکۆنەکاندا لەم وێنەیان نەبوو، هەربۆیە تێکەڵکردنی چەمکەکان لای ئەوانەی پێشوو زۆر ساناو سادە بو، هەماهەنگ بوو لەگەڵ لۆژیکی بەرامبەرەکەیان، یاخود کەرەستەیەکی دووسەر بوو بەسەرخۆیدا بە ئاسانی دەشکایەوە. بۆیە یەکێک لەمانە نەیدەتوانی ئەوی تر عەیبدارو بێکەڵک بخا و دیارە نەشدەکرا ڕووبەڕووی خۆیشی ببێتەوە. لێرەوە فاکتەری کەمتوانایی ڕەگەزەکانی ئابووری لیبراڵی نوێ ناتوانێت تێگەیشتنی هەبێت لە دووبارەیی ، ڕێچکەی بازرگانان، لەکاتێکدا بۆ ئێمە ئەم کارە زۆر سانایە.

نەبوونی هەماهەنگی و بوونی ئیزدواجیبەت لە ڕەگەزەکانی ئابووری لیبراڵی، پێویستە لە بۆتەی پێکهێنەرەکانی خۆیدا بتوێنرێنەوە و چەند جۆر و جیا دابەشبێنەوە. هەروەها پێویستە لاهووت هەنگاو هەڵگرێت بۆ پێشەوە، سا بۆ باوەڕبوونێکی کوێرانە، یاخود ڕووەو فەلسەفەیەکی سەربەخۆ. هەورەها بازرگانی ئازادیش لەلایەک لەو قۆرخکاریە دابماڵرێت ولەلاکەی تریشەوە بەتەواوی موڵکایەتی تایبەتی هەڵوەشێنرێنەوە.

تاکە پێشکەوتنی ئەرێنی کە ڕەگەزەکانی ئابووری لیبراڵی بەخۆیەوە بینیویەتی، بریتی بووە لە داڕشتنی یاساکانی موڵکایەتی تایبەتی. دیارە ئەم یاسایانەدەگەڕێنەوە بۆناواخنی ئەو ، ئەگەر چی تا ئێستا پەرەیان پێنەدراوە، تەنانە ئەم دەرەئەنجامە نوێیانەش دەستەواژەیەکی ڕوون دەدەن بەدەستەوە. ئەمەش ئەوە دەدات بەدەستەوە کە داکۆکیکارانی ئازادی بازرگانی لەسەر ئەو راستیەن کە هەرخاڵێکی کە دەچێنەوە سەرقسەکردن لەسەر دەوڵەمەندبوون ، گونجاوترین و کورتترین رێگایان بۆ دەستگەیشتن

به سامان دەستنیشانکردووە، واتە لەهەموو مشتومڕە ئابووریەکاندا ، دیارە مەبەستیش ئەو مشتومڕانەن کە لەگەڵ قۆرخکاراندا دەکرێـت- نەک لەگەڵ نەیارانی موڵکایەتی تایبەت، چونکە نەیارانی موڵکایەتی تایبەت، بەپێی ئەرگیۆمێنتەکانی سۆسیالیستە ئینگلیزەکان، هەر لەزووەوە ئەوەیان سەلماندووە -بەتیۆری و بە پراکتیکی- کە ئـەوان لە بارودۆخێکدان کەلەتوانایاندا هەیە کە پرسە ئابووریەکان بە شێوەیەکی باش تەنانەت لە گۆشەی ئابووریشەوە چارەسەریان بکەن.

لێرەوە لە رەخنەگرتنمان لە ئابووری سیاسی کۆمەڵێک گوتەزای بنچینەیی دیراسە دەکەین، پاشان ئەو کورتهێنان و هەڵەو پەڵەیەی کە رێچکەی بازرگانان هێنایانە ئاراوە بەرچاو بخەین، و ئەنجامی هەڵەو پەڵەی کۆتایی هەردوو لا بخەینە ڕوو.

والقول نفسه يصح على التعابير: الاقتصاد الوطني، الاقتصاد السياسي، الاقتصاد الاجتماعي. ونظرا لوضع الأمور الراهن، ينبغي تسمية هذا العلم بعلم الاقتصاد الخاص، لأن العلاقات الاجتماعية لا تتواجد بالنسبة له الا في صالح الملكية الخاصة.

دەستەواژەی» سامانی نەتەوەیی» بۆ یەکەمجار لەسەردەست و هەوڵی ئابوریناسە لیبراڵییەکان بۆ گشتی بەدەرکەوت. بەڵام دیارە ئەمە هیچ مانایەک بۆ ئەم دەستەواژە نیە، مادام لە سەر موڵکایەتی تایبەتی وەستاوە .کاتێک «»سامانی»» ئینگلیز»»نیشتمانی»» تەواو گەورەیە.، لە راستیشدا وایە « سامانی نەتەوەیی» ئینگلیزەکان زۆر زۆرە، سـەرەرای ئەوەش ئەوان هەژارترین گەلی سەرزەوین، دیارە دەکرێت مرۆڤ ئەم دەستەواژەیە بەتەواوی لەلایەک دابنێین، وەیاخود رازی بێت بەو پێدراوو سەرەتایانەی کە واتاکانی دەکاتە چنگیەوە. دیارە ئەوگوتەیە خۆی بۆ ئەم دەستەواژانە

دەشێت: ئابووری نیشتمانی، ئابووری سیاسی، ئابووری کۆمەڵایەتی. بەلبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئێستا، پێویستە ئەم زانستە ناوبنرێت بەزانستی ئابووری تایبەت، چونکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەرچاوناکەون تائەو کاتە نەبێت کە دەچنە خزمەتی موڵکایەتی تایبەتەوە

**بازرگانی:**

بازرگانی: ئاڵوگۆڕی شمەک و کەلوپەل و کاڵای پێویستە - کڕین و فرۆشتن، کۆنترۆڵکراو و بەچکەی دەستی موڵکایەتی تایبەت، ئەم بازرگانیەش - وەک هەر چالاکیەکی تر - مەرج گیراوە لە ژێر کۆنترۆڵی موڵکایەتی تایبەتدا بێت، تاوەکو لەلای بازرگان ببێـتە سەرچاوەیەکی راستەوخۆی بەدەستهێنان، واتە پێویستە هەموو بازرگانێک هەوڵ بدات، بۆئەوەی بە باڵاتر بفرۆشێت و بە هەرزانترین شێوەش بکڕێت، لەنێو ئەم پرۆسەی کرین و فرۆشەدا دوو کەس دەبینی بەردەوام بەرژەوەندیەکانیان بەتەواوی دژ دەوەستنەوە . ئەم بەرامبەربوونەش لێرەدا جۆرێکە لە دژایەتی یەکتر، چونکە هەریەکەیان خواست و نیازی ئەوی تر دەزانێـت، و دەشزانن کەدژی خواستی یەکترین. لێرەوە سەرەنجام لەدەستدانی ئاڵو گۆڕی متمانە لە نێوانیان هەڵدەگیرێـت، تێپەڕاندنی ئەم بێ متمانەییەش ، بەکار هێنانی میکانیزمی نائەخلاقی بۆ گەیشتن بە دەسهاتێکی نائەخلاقی. بەم شێوەیە پرانسیپی یەکەمی بازرگانی بریتیە لە بێدەنگی و ( شاردنەوەیە) شاردنەوەو کەنارخستنی هەر شمەکێک کە بەهاکەی دابەزیوە . سەرەنجامیش ئەوەیە کە رێگەپێدراو دەبێت کە بازرگان بە ویستی خۆی نەزانی و بێ ئاگایی و متمانەی لایەنی بەرامبەر بقۆزێتەوە بە ئامانجی زوو خەڵەتاندنی و بەرژەوەندی خۆی بە شێوازێک کە ئەوەی دەیەوێت دەتوانێت بۆ ئەو کاڵایەی خۆی چی دەوێت بیخاتە سەرو بۆی زیاد بکات لەکاتێکدا ئەو شمەک و کاڵایەش خاوەنی نەبێـت. بەکورتی

بازرگانی خەڵەتاندنێکی بێدەنگ و شاراوەیە کە یاسا رێگەی پێداوە، هەر بازرگانێکیش رێز لە راستگۆیی دەگرێت، بۆی هەیە بە چاوی خۆی لە واقیعدا ئەم تیۆریایەی کە خستومەتە ڕوو ببینێت..

پاشان یەکێکی تر لە تایبەتمەندیانەی رێچکەو سیستمی بازرگانان، ئەوەیە تا بە ئەمرۆش پاریزگاری هەندێک لەو گوتە گەمژانەی کاسۆلیکی دەکات، لە کاتێکدا سرووشتی نائەخلاقیانەی بازرگانی دەزانی و لای شاراوە نیە.

وەک بینیمان چۆن رۆڵی دوژمنانەی خۆی بینی و هەڵوێستی دوژمنکارانەی لە سەدەی هەژدەهەمی زایینیدا لە نێوان گەلاندا نواندی. کە بەسانایی هەستت بە رق و قین و چاوچنۆکی و ئێرەیی کاری بازرگانی چەند چووبوە ئاستێکی باڵاوە، بەناوی بازرگانیوە لۆژیکی بازرگانیکردنەوە. بۆیە کاتێک رای گشتی نەیتوانی بوو رەنگێکی مرۆیی وەربگرێت، بۆیە هەر بانگەوازکارێک کە بانگی شاردنەوە بکات، ئیتر چ مانایەکی جەوهەری بازرگانی ئیادەمێنێت، بۆیە راستە بوترێت کە شتانێکی نامرۆڤانە هەن کەلەدەرەنجامی سرووشتی دوژمنکارانەی مرۆییەوە لە ژێر پەردەی بازرگانیوە بەهاکان و جوانیەکان بەکاڵادەن.

بەڵام کاتێک لۆتەر ئابوری سیاسی دارِشت، ئادەم سیمس رەگەزەکانی ئابووری پێشووی بەر رەخنەدا، دیارە ئەوکات کارەکان بە شێوەیەکی بەرچاو گۆرانیان بەسەردا هات. بایی ئەوەندە سەردەم ڕەنگی مرۆیی و بەسەریدا زاڵ بوو، عەقڵ ئامادەباشی رێگەخۆگرتنی خۆی کرد، ئەخلاق داوای مافی هەمیشەیی بوونی خۆی لە کۆمەڵگەدا دووپاتدەکردەوە. پەیماننامە ئابووریە بازرگانیەکان هێزیان بەخۆوەدی و جەنگە بازرگانیەکان سەریان هەڵدا، هەندێک لەگەلان بوونە پێشەنگ و کۆمەڵێک لەگەلان

پەراوێزخران، ناهاوسەنگیەکی تەواو لەنێوان هوشیاری و پێشکەوتن بەدەرکەوت، دووڕووی پرۆتسنانتی شوێنگەی دڵسافی کاسۆلیکیەتی گرتەوە، هوشیاری پێشکەوتن بەرەو هەڵدێر ئاراستەی هەڵگرت، ئیتر ئادەم سیمس هەستا بەڕووی بازرگانی و چالاکی بازرگانیدا خۆی هەڵواسی و بەو پێیەی کە فاکتەرێکی گرنگ و باش دەبێت بۆ ئەوەی هاورێیەتی و پەیوەندی ئەرێنی لە رێگەی بازرگانیوە پەرە پێ بدات و مرۆڤەکان لەچنگی ئەو ئاژاوەو شەرو ناجێگیریە رزگاربکات و خەریک کیان بکات بەکردەیەکی بەرهەمێکی ئینسانی عاقلانییەوە. دیارە ئادەم سیمس لە سەر راستی بوو کاتێک دەیویست بازرگانی وەک کردەیەکی ئابووری ئینسانی گەشە بکات و لە خزمەتی مرۆڤ دا بێت، چونکە لە راستیدا ئەو باوەڕی وابوو کە لەم جیهانەدا شتێک نیە بە شێوەیەکی رەها ناخلاقی بێت، بۆیە لە بازرگانیدا لایەنی رێز لێگیراوو بەسود و مرۆیی لەبەرچاو گرتبوو. بەڵام دیارە دەبێت بپرسین کامە رێزلێگیراو؟ کاتێک یاسای دەستی بەهێز، بوونی دزیەکی ئاشکرا تیایدا لەچاخەکانی ناوەڕاست، کە بووبونە بەشێکی دانەبڕاو و خویەکی هەمیشەیی مرۆڤەکان و رنگی بازرکانی و کاری بازرگانی مرۆڤەکان بۆئەم دۆخە نەرێنیە گۆڕابوو. لێرەوە ئەو خواستە هەڵپەکارە پەرەی سەندبوو.

راستە گەر بەشێوەیەکی گشتی تەماشەی بازرگانی بکەین ، دەڵێین: لە بەرژەوەندی بازرگاندایە ئەگەر لەگەڵ کەسێکدا رێک بکەوێت کاڵاو شمەکی بەهەرزان لەلابکرێت و دەستی بکەوێت. بەڵام ئەی خۆ دیسان بەوەی دەیفرۆشێتەوە بەگران لەبەرژەوەندی دیسان کێدایە؟ بۆیە گەل لە زیان و ژیانی لە مەترسیدایە ئەگەر تەنها ئەم شێوازە لە پەیڕەوکردن ئامادەیی هەبێت و هەست وبیری دوژمنانە لای خەڵکان بەرامبەر بکەرو بەرکارانی ئەم پرۆسەیە پەرەپێدەدرێت. بۆیە دەبوو لەبری ئەوە دڵسۆزی

و خۆنەویستی بایی پێویست و وەک هەوێن لەم پرۆسەیە بەشدار بێت، چونکە تاچەندە خۆشەویستی زیاتربێت، مانای مرۆڤایەتی لەناو کاری بازرگانیدا رەنگدانەوەی دەبێـت، بۆیە پێچەوانەی ئەمە ئەو ڕووکارە نائەخلاقیەیە کەلە رێچکەی بازرگانان هەبوو، کەچی لافی ئەم شێوازەشیان لێدەدا. هەروەها دووڕوانە هاواریان دەکرد و دەیانوت:» ئێمە دیواری بەربەریەتی قۆرخکاریمان نەڕووخاندو رامان نەدا؟ مەگەر ئێمە مەدەنیەتمان بڵاو نەکردەوە بەجیهاندا؟ ئێمە بەهۆی بازرگانیوە برایەتی نێوان گەلانمان درووست نەکرد و هۆکاری ناسراوی و کەمکەرەوەی دووبەرەکی نێوان گەلان نەبووین؟«

ئێمە دەڵێین بەڵێ ئەمانەتان کرد بەڵام چۆن؟! بەوەی قۆرخکاریە بچووکەکانتان لە ناوبرد و تاوەکو قۆرخکاریەکی سەرەکی وگەورەی وەک - موڵکایەتی- بونیاد بنێن، و بتوانێت بە ئازادی و بێ هیچ بەربەستێک کاربکات. گەیشتن بە مەدەنیەت، بەڵام ئەو مەدەنیەتەی کەهەڵپەی داگیرکردنی هەر پارچە زەویەکتان بدایەو بەشێوەیەک لەشێوەکان بتانکردایە شوێنگەی چالاکی خواستە نزمەکانیان. دەڵێن گەیشتین بە برایەتی، راستە بەڵام برایەتیەکی دزانەی نێوان خۆیان، جەنگەکانتان کەمکردەوە بۆ ئەوەی خواستی قازانجی خۆتان پەرەپێبدەن وکاری بازرگانی خۆتان بپاریزن لە وێزەی شەرەکان، لەولاشەوە ناخی تاکەکان پر بکەن لە ئارەزووی شەڕو رق وقینە لەیەکتر، شەرێک کە ململانێی دەروونی تیایدا کلپەدەکات و دواتر بۆ ناو مامەڵەو کۆمەڵگا دەگوازرێتەوە، باشە ئێوە چ شتێکتان کرد بەمەبەستی مرۆڤایەتی؟ چیتان کرد کام هوشیاری پاڵی نا بە ئێوەوە کەلە خزمەتی گشتی کۆمەڵگەدا هەنگاوێ هەڵنەگرن؟ بەڵکوو تەنهاو تەنها گیرفان و خواستی نزمی کەسی خۆتان لاتان مەبەست بوو؟ هەتاچ ئاستێک توانیتان ئەخلاقیانە

ڕەفتاربکەن، ئەگەر بەرژەوەندیەکی کەسی و سودی و قازانجێکی مادی یان مەعنەوی لەپشت ئەو ڕەفتارەوەتان نەبا؟ باشە ئەمە چ جۆرە پەیوەندیەکە هەتانە لەگەڵ کۆمەڵگەکەتاندا؟ ئێوە لەم کۆمەڵگەن یاخود دوژمن و گورگن بۆ گیانی ئەم کۆمەڵگەیە؟.

دیارە کردەی ئابوری سیاسی لیبراڵی ئەوەیە کەلەسەری دەوەستێت، کاری لەسەردەکات، ئەوەتا تاتوانی و دەتوانێـت ڕق و دوژمنایەتیەکی نهێنیان لە ناو هەست و دڵی مرۆڤەکاندا چاند و دەچێنێت، لەرێگەی دابەشکردنی گەلان بەشێوازێک کۆمەڵگەی مرۆیی ڕەفتاری جەنگەڵی هەڵبگرێت، بەهێزەکان خەریکی هەڵلوشین و قوتدانی بچوکەکان بن، خەریکی پەلاماری بەرامبەریان بن چونکە بەرژەوەندی لەگەڵ بوون و ئەو جۆرە ڕەفتارەی ئەو بەشێوەیە نایێنەوە. ئەمەش وەک سەرەتایەک بۆ پچراندنی شیرازەی کۆمەڵگاو پاشان ڕێخۆشکەرێک بۆ نەهێشتنی پێکهاتەی سەرەکی کۆمەڵگە کەخێزانە. دیارە بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارەش سیستمی کارگە پێشەنگیکرد - وەک داهێنانێکی ئابووری جوان - بۆ یارمەتیدانی. کاریگەریەکەشی دواجار بەرژەوەندی هاوبەشیانە، ئەوەیە کە دارایی و سامانەی کە لەهەگبەی خێزاندایە و هی ئەوە، بە هۆی سیستمی کارگەوە زیانی بەرکەوت، ئەوەتا بەچاوی خۆمان دەبینین لە ئینگلتەرا خەریکە یەک سەرچاوەیی ئابووری خێزان یاخود بەمانایەکی تر خاوەنبوونی خێزان بەداهاتی تاکەکانیەوە، بەرەو شیبونەوەو نەمان دەچێت، بیری بازرگانی ئـازاد و موڵکایەتی تایبەتی و کەسی هەژموونی بەسەر تاکی منداڵی خێزانیش داناوە، ئەمەش سەرەتایەکە بۆ فرە قاسەیی لەماڵداو فاکتەرێکە بۆ ململانێ وهەڵوەشانی خێزان، تەنانەت منداڵی نێو خێزانەکانیش ئەوانەی کەتوانای کاریان هەیەو تەمەنیان لەسەرووی 9 ساڵیەوەیە، داوای ئەوەیان

لێدەکرێت کە ئەوان بەشداری لە خەرجکردن و بەڕیوەبردنی خەرجیەکانی ماڵدا هەبێت، تەنانەت وەک کرێچیان لێ هاتوە لەماڵی باوکی خۆیاندا، بەوەی پێویستە لەسەریان بڕێک پارە بدەن بە باوکیان بۆ ئەوەی کە بتوانن لەگەڵیاندا بژین و خواردن و نیشتەجێبوونیان یەک بێت. مەگەر ئەمە بەجۆرێک لە مەترسی نازانرێت لەسەر خێزان و هەڵوەشانەوەی؟ مەگەر ئەمە بەرهەم و دەرهاویشتەی بازرگانی ئازاد نیە؟ بۆیە کارکردن بۆ رادانی ئەمەو داهێنانی پرانسیپێکی تر تا ئەم ئەنجامانە بەتەواوی هێزی خۆیان نەسەپێنن کردەیەکی ئەخلاقی نیە؟

بەڵام ئابووری بۆ خۆی هیچ پرسێکی خزمەتی ناناسێت، لەگەڵ ئەو هەمو بەڵگە هێنانەوە خۆپەرستیانەی، کەوا بیجگە لەوەی کە ئەڵقەیەکی لە ئەڵقەکانی پێشکەوتنی گشتی مرۆڤایەتی شتێکی دیکە نیە. بەڵام لەراستیدا ئەو نازانێت کە ئەگەر بەڕووی بەرژەوەندی گشتیدا کرابایەتەوەو خۆی بەباوەشی تەنها پێڕو تاقمێک نەکردباو ئەوا دەگەڕایەوە سەر ئەو رێگە گۆڕانکاریە گەورەیەی کە سەردەمی بەرژەوەندی مرۆڤایەتی هاوسەنگ لەگەڵ سروشت و تەبا لەگەڵ خۆیدا دەهێنایە کایەوە.

**بەها:**

دیارە گوتەزایەکی تر کە بەشوێن ئەم قسانەمانا دێت و پێوانەیەکە بۆ بازرگانی بریتیە لە بەها، کە نزیکترین گوتەیە مەرج بێت بۆ بازرگانی .دیارە نەیاری و کێشەیەی ئەوتۆ لە نێوان کەسانی ئابووری مۆدێرنەو کەسانی کۆنی ئابووری لە سەر ئەم گوتەزایە نیە. وەک چۆن لەسەر هەمووو گوتەزاکانی تریش لە بواری ئابووریدا نەیانبوو، چونکە قۆرخکارەکان لەو دەسەڵاتە سەرشێتانەیاندا کە بۆ دەستخستنی زیاترینی قازانج و سەرمایە هەیانبوو نەیانپەردەژا بیرێک لەو گوتەزایانە بکەنەوە. بۆیە کەسانی ئابووری مۆدێرنە

ئەم بابەت و پرسەیان لە مشتومرە ئابوریەکانیان هێنایە ئاراوەو لەوانە بوویە بابەتی گەرمی مشتومڕ لەبابەتی ئابووریدا.

دیارە ئەو ئابوریکارەی کەلە کۆنفلێکتەکان بکۆڵێتەوە، بێگومان دەبێت مامەڵەشی لەگەڵ بەهادژەکان هەبێـت، بەهای ڕووت یان بەهای کردارەکی، و بەهای ئاڵوگۆڕ. دیارە پێشتر کێشمەکێشێکی دورو درێژ لەسەر سرووشتی بەهای راستەقینە لە نێوان ئینگلیزەکان- ئەوانەی باوەڕیان وابوو تێچونی بەرهەم وەک دەربڕی بەهای راستەقینەی کردارەکی و هەروەها - سای فەرەنسی کە دەیوت « پێوانەکردنی ئەو بەهایە بەسوودی شمەک یان کاڵاو شتەکە دەبێت». ئەم مشتومڕەش بە هەڵواسراوی و گومانەوە مایەوە تاوەکو سەرەتای ئەم سەدەیە، ئەوەتا هێشتا بە بەستوویی ماوەتەوە بێ ئەوەی ئابورناساران بتوانن لەبارەیەوە بریارێک لەبارەیەوە بدەن.

دیـارە بەو شێوازەی ئینگلیزەکان لێی تێگەییبوون- بەتایبەت ماککلوخ و ریکاردۆ - بەهای ڕووتی هەر شتێک بە تێچوونی بەرهەمهێنانی دیاریدەکرێـت.، بەهای ڕووت بـەوەی خـۆی نـەک بەهای ئاڵوگۆڕ، دیارە بە ڕای ئەوان « بەهای ئاڵو گۆڕ» exchangeable value بەهایەکی بازرگانیەو شتێکی جیاوازە بەتەواوی لە بەهای ڕووت. باشە بۆچی تێچوونی بەرهەمهێنان بکرێتە پێوەر بۆ بەها؟ چونکە..گوێڕادێرن..گوێرادێرن بۆ ئەم وەڵامەیان؟! چونکە کەسێک لە بارودۆخێکی ئاساییدا ئەمەی پێشکەش نەکردووە و ناکات.! مەگەر بۆ کەسێک گونجاوە شتێک بفرۆشێت بە کەمتر لەوەی کە تێچوونی لە بەرهەمهێنانی تیاکردووە؟، بۆیە نایشیفرۆشێت بەزیان؟! باشە ئیمە چ پەیوەندیەکمان بەسەر فرۆشتنەوە هەیە لێرەدا، ئەگەر پرسەکە پرسی بەهای بازرگانی نەبێـت؟ بۆیە دەیسان بازرگانی خۆی دەخاتەوە ناو باسەکە، کەدەبوو ئێمە لەوەدا بمانخستایەتە لاوە، هەر

بابەتێکی تری بازرگانیش! چونکە بازرگانی نابێت لە بەرچاو بگیرێت وەک فاکتەری سەرەکی، کاتی کێبرکێ نیە! بۆیە  یەکەم بەها ڕوونە، پاشان ئەوەتا ئێمە لەبەردەم بازرگانی ڕووت داین، بازرگانیەکی بێ کێبەرکێیی، واتە مرۆڤێکی بەبێ لەش، بیرێک بەبێ هزری بەرهەمهێنەری ئایدیا، باشە بۆ ئابوریکارێک ناوەسنێت بۆ جارێک تا بزانێت چەندە کێبرکێ دووربکەوێتەوە لە شتە ئیعتیباریەکان، ئیتر شتێک نیە باوی فرۆشتنی بمێنێت، ئەگەر چی چەندەها تێچوونی هەبێت و کریارێک بە نیوە قیمەتیش نایەوێت. بۆیە ئەمە چ تێکەڵکردنێکە؟!!

سەرەڕای ئەمەش با ئەوەی ئابووریناسەکان دەیڵێن ساتێک خۆمان بدەینە دەست عەقڵی ئەوانەوە،  باشە گریمان بڵێین کە کەسێک شتێک بەرهەم دەهێنێت بەماندوبونێکی زۆرو تێچوونێکی بێشومار، کە ئەسڵەن ئەو بەرهەم هێنراوە سودێکی نەبوو، تەنانەت شتێکی بەرهەم هێناوە کە کەس هەرواش نایەوێت، مەگەر ئەمەش بەهاکەی بەپێوەری تێچوونەکەی حیسابی بۆ دەکرێت؟ بێگومان نەخێر، بۆیە ئابوریناسەکانی تر دەڵێن : بەها لەوکاتەوە دەست پێدەکات کە فرۆشتن ئامادەبێت، بۆیە بەمەش سەرمان سوڕنامێنێت لە سەرهەڵدانی «سوود» کە سای فەرەنسی باسی لێوەدەکات، کە کڕینی لەگەڵدا ئامادە دەبێـت و لەگەڵ کرینیشدا کێبرکێ دێتە ئاراوەو موستەحیل درووست دەکات.. دیسان ئەی بەهای ڕوونی شتەکان بە بێ ئەوە بۆ کوێ ڕۆیشت؟ بۆیە پرسی دیاریکردنی بەهای ڕووت، بە تێچوونی بەرهەمهێنان و بە سوود نەمانی گەیاندە ئاستی ڕەزامەندی. بەڵام دیسان گەر گریمانەی ئەوەش بکەین کەئابوریناسەکان لە سەر راستی بوون،  باشە چۆن بتوانین تێچوون دیاری بکەین بە بێ ئەوەی کە کێبەرکێ لەبەرچاو نەگیرێت؟ کاتێک دراسەی تێچوونی بەرهەم دەکەین، دەبینین ئەم گوتەزایە

دووباره لەسەر کێبرکێ وەستاوە، بۆیە ئەم دیسان کەمبڕستی ئابورییناسان لەوەی کەبتوانن بەرگری لە قسەکانیان بکەن، ڕوونە. ئەگەر سەرێکی لای « سای» بدەین هەمان شت دەبینین، چونکە سوودی هەر شتێک کردەیەکی خودی تەواوە، بۆیە ناشتوانرێت بەڕەها بکرێت، بۆیە ناتوانرێت بەهای شتێک بکرێتە پێوەر بۆ شتێکی تر،.

بەهەرحاڵ ، تاوەکو مرۆڤ لەگەڵ پارادۆکسیەکانی بەردەوامی و خووی گرتبێت، بەپێی ئەم تیۆریە پێویستە بەها زیاتر بە پێداویستیەکانی ژیانی بدات، تاوەکو شمەکی خۆشگوزەرانی تر. تاکە ڕێگەش بۆ گەیشتن بە بریارێکی بابەتیانە، لە ژێر بارودۆخێکدا کە موڵکایەتی تایبەتی تیایدا باڵادەستە، ناتوانرێت کەمی سود و زیادی سوودی شتێک بەدەربکەوێت تا ئەوکاتەی کێبرکێیەک بۆ ئەو شتە نەیەتە ئاراوە. پاشان ئەگەر دانمانا بە دۆخی کێبرکێدا، و تێچوونی بەرهەم پلەبەپلە لەگەڵیدا وەک ئەو بەرزدەبێـتەوە، لێرەوە تێگەیشتنین کە دیسان لایەنێکی نێو کێبەرکێکە سەرەڕای دەسبەرداربوونی بۆلایەنەکی تر دەگوێزرێتەوە.

لێرەدا با هەوڵی ڕوونکردنەوەی ئەو تێکەڵو پێکەڵیە کەمێ بدەین، لەراستیدا بەهای هەر شتێک هەردوو هۆکارەکە لەخۆ دەگرێت، ئەو دوانەی کە ئەو دولایەنە بەهەواتە بەجیا دەیانهێنان و بەناشیرینی لێیان دەدوان، بۆیە بەها پەیوەندیەکە لەنێوان تێچوونی بەرهەمهێنانی و سوودەکەی. خودی سودیش بابەتێ:ی خودیە ناتوانرێت بە رەهایی ابسی لێوەبکرێت، پاشان جێبەجێکردنی یەکەم بۆ بەها ئەو بڕیارە بوو کەکاتێک ئەو شتە یان هەرشتێ کەپێویست بکات بەرهەم بێت، هەورەها بەجۆرێک کە سوود لەگەڵ تێچوون بێتەوە. لەوکاتەشدا تەنها مرۆڤ دەتوانێت باسی پراکتیک بوونی بەها لە ئاڵوگۆڕدا بکات. ئەگەر تێچوونی دووشت یەکسانبوون، ئەو

فاکتەرە یەکلاکەرەوە ی کە دیاریکەری بەهادەبێت بێگومان بەدڵنیاییەوە بریتیی دەبێت لە سوودەکەیان. ئەم بنەمایە تاکە بنەمای عادیلانەیە بۆ ئاڵوگۆڕ، بەڵام ئەگەر مرۆڤێک هەستاو لە سەر ئەم بنەمایە جووڵا، ئیتر کێ لەوکاتەدا بڕیاری سوودی شتەکە ڕائەگەیەنێت؟ تەنها ڕای لایەنی بەشداربو؟ لێرەوە لەچ بارودۆخێکدا مرۆڤ تووشی گزی دەبێـت. یا بریارەکە لەسەر بنەمای سودی خزێنراوی ناوشتەکە بە سەربەخۆیی لە لایەنانی بەشداربوو، هەڵناسێت بەدیاریکردنی و بۆیان ئاشکراناکات؟ ئەگەر ئەمە ئاوابێت ئیتر ئاڵوگۆر دەبێت بە زەبری هێزو قەسری بێتە جێبەجێکردن، وەهەر لایەکیش خۆی بە قوربانی گزی دەزانێت. وەناشتوانرێت تێپەڕاندنی جیاوازی دژەکان بکەین لە نێوان سودی راستەقینەی شاراوەی ناوشتەکان، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو سوودە، لە نێوان دیاریکردنی سودەکەو لەنێوان ئازادی ئەوانەی کە هەڵدەستن بە ئاڵوگۆڕەکە، بەبێ تێپەڕاندنی موڵکایەتی تایبەت، ئەوکاتەی ئێمە موڵکایەتی تایبەتیشمان تێپەڕاند، ئیتر دواتر پرسی ئاڵوگۆڕ بەم شێوازە نامێنێ کەئیمرۆ خەریکی دەبین. ئەوکات جێبەجێکردنی کردارەکی بۆ چەمکی بەها بە تەوزیمی - بەشێوەی چەندجارە- لە سەر راپۆرتی بەرهەمهێنان دێتە ئاراوە، کە ئەوەش بواری راستەقینەی خۆیەتی.

بەڵام ئیمرۆ کارەکان چۆن و بەچ شێواز وەستاون؟ وەک بینیمان کە چەمکی بەها چۆن شکێنراوە بەسەر یەکدا، پاشان چۆن ئەم دوو لایەنە جیاوازە خۆیان لە بری هەموان دادەنێن. دیارە تێچوونی بەرهەمهێنان - کە کێبەرکێ هەرلەسەرەتاوە شێ ,اندوویەتی - وایدادەنێت کە بەها بریتیە لەخۆی و لە تێچوون، هەروەها سودی خودی ڕووتیش لەولاوە بەهەمان شێوە، لەکاتێکدا ناکرێت جۆرێکی تر لە سوود لەم قۆناغەدا هەبێت. بۆیە لەسەر ئێمەیە کە بوەستین لە ئاست ئەو پێناسە لارووێرانە بوەستین و

بەوانەوە بچینە ناو کێبەرکێوە، دیارە گرنگ لەوبابەتەدا ئەوەیە کە کێبەرکێ لای ئینگلیز خۆی لە سوود دەبینێتەوە، کە پێچەوانەیی هەیە لەگەڵ تێچوونی بەرهەم، لەکاتێکدا لەلای (سای) تێچوونی بەرهەم دەچێتە خانەی نەیاری سوودەوە، بەمانا تێچوون پێچەوانەیی لەگەڵ سووددا دەبێت . بەڵام هەرجۆرێک لە سوود و هەرجۆرێک لە تێچوونی بەرهەم ، سوودەکانیان لەسەر رێکەوت دەوەستن، لەسەر ئەو شێوازە باوەی کەهەیە، کە ئارەزووی دەوڵەمەندەکان لەوکاتەدا رۆڵدەگێڕێت، پاشان تێچوونی بەرهەم بەرزونزمی بەخۆوە دەبینێ بەپێی خواست و کەوتنە بازاری ئەوشتە.

جیاوازی نێوان بەهای راستەقینەو بەهای ئاڵوگۆڕ لەسەربنەمای راستیەکە، ئەویش ئەوەیە کە بەهای هەر شتێک جیاوازە لەوەی کە پێی بەرامبەر دەکرێت و لەکاتی بازرگانیدا دەدرێت، واتە ئەو بەراوردە بە بەراوردی راستەقینە نایە، چونکە ئەو بەراوردکردنە نرخی شتەکەیە، جا بۆیە ئابووریکار یان ئابوریناس دەستپاک نەبووە لەوەی کە ئەم دەربڕینە لەجیاتی بەهای بازرگانی بەکارهێناوە. ئینجا بۆ ئەوەی کە واپیشانبدات نرخ بەجۆرێک لەجۆرەکان پەیوەستە بە بەهاوە. وەگەرنا نائەخلاقیەتی بازرگانی تەواو بۆ هەموولا زیاتر لەپێویست بەدەردەکەوێت.

دیارە ئاێستەش لەسەر ئابوریناس پێویستە کە پارێزگار بێت، ئەگەر بەتەنها ڕوخساریانەش بێت، بەوەی کە نرخ بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیوەستە بە بەهاوە. هەرچەندە ئەمە خۆی راستەقینەکەیەتی - کە یاسای بنچینەیی موڵکایەتی تایبەتە - نرخ دیاریکەری کاری ئاڵوگۆڕی نێوان تێچوونی بەرهەم و کێبڕکێ بێت. دیارە ئەمە یەکەمین ئەو یاسا ئەزموونیە بوو کە ئابووریناسان دۆزیانەوە و دەستنیشانیان کرد. لەم یاسایەوە بەهای راستەقینە لێکرایەوە لێی، واتە نرخ بریار دەدات کاتێک کێبڕکێ لە ئاستێکی

هاوسەنگدا دەوەستێت. ئەوکات ئەوەی دەمێنێتەوە پاش ئەوە بریتی دەبێت لە تێچوونی بەرهەم، ئەمەیە کە ئابووریناس ئیتر دەست بەناوزەدکردنی بە « بەهای راستەقینە» دەکات، لەکاتێکدا ئەمە شتێک نیە بێجگە لە دیاریکردنی نرخ. بەم شێوەیە هەمووشتێک لە ئابووری سیاسیدا بەم شێوەیە لەسەر سەری خۆی دەوەستێت. بەها – کە پێگەی سەرهەڵدان و سەرچاوەی نرخە – دەکرێتە پاشکۆی ئەوەی کە ئەو بەرهەمهێنەریەتی. بۆئەمەش بگەڕێرەوە بۆ فورباخ.

**تیۆرەکانی ئابووری:**

بە پێی تیۆرەکانی ئابووری، تێچوونی بەرهەمهێنانی هەر شمەکێک لە سێ ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت: پارچەیەک زەوی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی مادەی سەرەتایی و خاو بەمەبەستی بەرهەمهێنانی خزمەتگوزاریەکان، پاشان سەرمایەو ئەوپاشەکەوتەی لێی دەکەوێتەوە، پاشان کرێکاری پێویست بۆ بەرهەمهێنان و پیشەسازی. ئاشکرایە کە سەرمایەو کار هاوشێوەن، چونکە ئابووریناسەکان خۆیان دانیان بەوەدا ناوە کە سەرمایە « کاری هەڵگیراوی پاشەکەوتکراوە» بۆیە لێرە لەبەردەممماندا شتێک نەماوە بێجگە دوولایەن نەبێت - لایەنی سرووشتی بابەتی - زەوی، لایەنی دووەم مرۆیی، خودی، کار، کە سەرمایە و شتی تر بەدەستدەخەن. سێیەم کە شتێکە بێجگە لەسەرمایە ، بۆخۆی فاکتەرێکە ئابوریناسەکان ، بەلایدا نەچوون و بیریان لێنەکردوەتەوە - کە من زۆر مەبەستمە و فەزڵی دەدەم بەسەر ڕەگەزی مادی و جەستەییدا، ئەویش ڕەگەزی گیانیە، بۆ داهێنان، بیر، کە زۆر گرنگە لە پاڵ ڕەگەزی جەستەیی، بۆ کاری پوخت و داهێنانی کەم نموونە.

مەگەر ئابوریناس چ سەروبەندیەکی لەگەڵ لایەنی گیانی و گیانی داهێنەریانەوە هەیە؟ مەگەرداهێنانەکان تێکڕا بە بێ هەوڵ و ڕەنج بوون، مەبەستمە بڵێم بەبێ هاوبەشی و بەشداری ئەم گیان و خواستە داهێنانیە

گەیشتوونە ئاستێکی تر؟ مەگەرداهێنانی ئابورێناسان  و بەشداری ئەوان بەنێچوون لەوبارەوە نایێنە هەژمار؟ ئیتر بۆچی مەرجی سامان بەنێڕوانینی ئەو تەنها دەکاتە ( زەوی و سەرمایەو کار) مەگەر لەمەزیاتری نەویستوە؟ مەگەر نە ئەو وەک ئابوریناسێک و نە زانستەکەشی هیچ سەرو بەندێکیان بەیەکەوە نیە؟! ئیتر بۆچی خۆی قەڵس دەکات پێی لەکاتی هەژمارکردنی نێچوونی بەرهەمهێنانی؟  راستە زەوی و سەرمایە و کار ، ئەمانە مەرجی سامانیان هەیە، ئایا سامان لەم سیانە زیاتری ناوێـت، زانست هیچی نیە بۆ ئەوان کە خەریک بێت پێیەوە.؟ مەگەر خزمەت و بەخششەکانی زانست کە لەرێگەی بیرشهولیت و دافی و لیبگ و وات و کارترایت و هتد بەخشش کراون لە سەرچی هەژمار دەکرێن؟

بەخششێک کە باڵای پێکردوەو چ خۆی و چ بەرهەمەکەی بە پلەیەک کە پێشتر بەخۆیەوە نەدیوە. چونکە ئەو نازانێت ئەم شتانە چۆن هەژماربکات، پێشکەوتنە زانستیەکان ژمارەکانی ئەوی تێپەڕاندوە. بەڵام لە سایەی سیستمی ئەقلانیدا بۆ دوورتـر لە دابەشکردنی بەرژەوەندی رۆیشت. وەک ئەوەی لای ئابووریکاران بوونی هەیە، ڕەگـەزی گیانی بەلای رەگەزەکانی بەرهەمهێناندا دەشکێننەوەو لەنێ , ئەواند هەژماری بۆ دەکەن، هەروەها پێگەی لە رەگەزەکانی ئابووریدا لە نێو نێچوونەکانی بەرهەمهێناند و لە ئابووری سیاسیدا دەدۆزینەوە. ئەوە ئەوشتەیە هاتوەو ملی رێگەی هەر بۆ پێشکەوتن و سـەرەوە ناوە و خەڵاتی مـاددی بۆ خۆی بەدەستهێناوە. ئیمە دەزانین تەنها بەرهەمێکی داهێنانی زانستی وەک «ئامێری دوکەڵکەری جێمس وات « باس بکەین، لە پەنجا ساڵەکانی یەکەمی سەرهەڵدانیدا بە ئەندازەی مێژووی پێشکەوتنی پێشتر لەو بوارەدا سوودی هەبوەو پەرەی سەندووە. بۆیە بەم شێوەیە ئێمە دوورەگەزمان

بۆ بەرهەمهێنان دەستنیشانکرد- سرووشت و مرۆڤ - و دیارە سێیەمیش دەستنیشان دەکەین، مرۆڤێکی چالاکی جەستەیی و گیانی - هەورەها دەتوانین بگەڕێینەوە دووبارە بۆ ئابوری و تێچوونی بەرهەمهێنانی.

ئابورینا‌س دەڵێت، ئەوشتەی کە ناتوانرێت و لەتواناد‌ا نیە قۆرخبکرێت بەهای نیە، ئەمە ئەو پرسەیە کە ئێمە دیراسەی دەکەین بەووردی دواتر لێی دەدوێین، ئەگەر ئێمە وتمان « نرخی نیە» ئەمە ئەو بابەتە راستەقینەیە کە بەلای سیستمی ئامادەبوو لای موڵکایەتی تایبەتەوە بە راست دێتە هەژمار.

وادابنێن، ئەگەر ئێمە توانیمان بە سانایی زەویمان دەست بکەوێت، بە هەمانشێوەش هەوا، دیارە هیچ کەسێک هیچ بەرامبەر- مزە - ێکیش نادەین. ئەگەر بەم شێوازە نەبا .! بەڵکو پارچەیەک زەوی بوایە کە هی کەسێک بوایەو خاوەندارێتی بکردایە، ئەوکات خەرجی و بەرامبەرەکەی دیاریدەکرد لە سەر زەویەکەو لە هەمودۆخێکدا دەبوو ئەوکات بەرامبەرێکمان بدایە، بۆ ئەو زەویە قۆرخکراوە.یاخود هیچ نا بمانکریایەو پارەی کرێنەکەمان بدایە. دیارە پاش ئەو ڕوونکردنەوەیەی دامان لەسەر بەهای ئەو پارچە زەویە، زۆر نامۆو جێی سەرسوڕمانە کە لەئابوورینا‌سێکەوە ببیستین کە داهاتی ماڵی جیاوازی بێت لە نێوان مەواردی ئەو پارچەیەی کە داهات رادەکێشێت، لەگەڵ خراپترین پارچە زەویەک کە تەنانەت بەگران دەکێلرێت. ئاشکرایە کە پێناسەی داهاتی ماڵی خـراوەڕوی گشتی بۆ جاری یەکەم لە لایەن ریکاردۆ وە کراوە. ئەوپێناسەیەش زۆرترین چانسی راستی هەیەو بەزانستی هەژماردەکرێت. گریمان واماندانا کە دابەزینی خواست، کاریگەری پێچەوانەی لەسەر داهاتی ماڵ دەبێت، پارچەیەکی گونجاویش بەدوور زانرا لە بۆکێڵان لەخراپترین زەوی بۆ ئەومەبەستە. بەڵام لەراستیشدا ئەوەش وا نابێت، بۆیە پێناسەکەی ئەویش کورتیهێناوە.....هتد.

دیـارە ئاێرە وەرگێڕانی هەندێک لەو نووسینەی ئەنگڵس بوو کەرەخنەی لەسەر ئابووریناسەکانی پێش خۆی لەوانە ئادەم سیمس و ریکاردۆو سای، گرتبوو. ئێمە تا ئێرە مەبەستمان بوو لێ وەرگێرانمان کرد، بێگومان نوسێنێکە زیاتر لەمەی دەوێت و ووردبوونەوەی زیاتری دەوێت، ئێرەش شوێنی بڵاوکردنەوەی هەمووی نەبوو، پێمان خۆشە پوختەی بیرکردنەوەکەی ئەو لەم نووسیەنەی کەداویەتی بیهێنین.

دیارە ئەنگڵس و هاورێکەی سودی بەرچاویان لەو شیکردنەوەو وردبوونەوەو رەخنەگرتنە لە خاوەن تیۆریاکانی ئابووری پێش خۆیان وەرگرت، لەمەوە بۆیەکەمجار ئەنگڵس ئەم پرۆسەی دەست بەرەخنەگرتنەی دەست پێکردو لەگەڵیشیدا خستیە بەردەم هاورێکەی و پاڵپشتی تەواوی یەکتریان کرد تاوەکو توانیان ببنە خاوەنی گەورەترین تیۆریای ئابووری لە مێژووی ئابووری سیاسیدا، دیارە ناتوانرێت بوترێت کە تیۆریستەکانی تر و تیۆریاکانی تر شتی بەرچاوو زانستیان پێشکەش نەکردووە، نەخێر ، بەڵام دیارە تێڕوانین و تیۆریای ئەنگڵس و مارکس لە بواری ئابووری و ئابووری سیاسیدا لە ئاستێکدایە کە شان لە شانی هەموو تیۆریاکانی تر دەدات. ئەنگڵس و مارکس بەم کارە زانستی و ووردبوونەوە مەعریفەییەیان باشترین خزمەتیان بە مرۆڤایەتی کردووە.

دیارە ئەنگڵس و مارکسی هاورێی لە شیکردنەوەیان بۆ ئەوەی کە ئایا چی سەرچاوەی سامانی نەتەوەیی یاخود کۆمەڵایەتیە؟ وەڵامی خۆیان دا، بەڵام پاش ئەوەی وەک پێشتر هێنامان بیرو رای بازرگانان و ئادەم سیمس و ریکاردۆ سای و هتد دەدەنە بەرشەن و کەوو بەجیاوازی ئەوانەوە ، بە سود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەوان و رەخنەگرتن لە سەرەنجامی تیۆریاکەیان، دواجار وتیان کار سەرچاوەی سامانی کۆمەڵایەتیە، ئەو سەرچاوە گرنگەیە

که درێژە پێدەری نەئەوە دەبێت بەو شتە پێویستیانەی کە ژیانیان لەسەر دەوەستێت. پاشان سەبارەت بە(بەها) ئەنگڵس ڕێچکەیەکی تری هەڵگرت لەوەی کە ئابووری ناسەکان و خاوەن تیۆریاکانی ئابووری کلاسیکی لەسەر بەها وتبوویان، بەوەی کە ئەم ووتی دیسان (کار) بنەمای سەرەکی بەهاو دیاریکەری بەهایە بۆ شتەکان.

کاتێک ئەنگڵس و پاشان هاورێکەشی(مارکس) بەهەمان شێوە( کار ) یان کردە بنەمای بەها، بەو مانایەش نەبوو کە بڵێن ئەمە پێوەرە بۆی، بەڵکو وتیان کار مادەی ڕاستەقینە و کەتواری بەهایە، وەک ووتی» دیاریکردنی بەهای شمەکەکان بە پێی ئەو چەندایەتیەی کارە کە تیایدا بەخەرج دراوە» هەروەها» کار بۆخۆی بەدیهێنەری بەهایە، بەدووی ئەودا دەخولێت و ئەندازەی بە ئەندازەی ئەو دێت، بۆیە بەهای ئەو شمەکەی کە پێویستی بە کاتژمێرێک لە کار هەیە، یەکسانە بە نیوەی بەهای ئەو کارەی کە پێویستی بە دوو کاتژێر کارکردن هەیە.

**دیارە ئەمە پوختەی ئەو بیرو تێفکرینە بوو خستبوویە ڕوو. کە ئێمەش لێرەدا وەستانێکی کورتی لەسەر دەکەین:**

یەکەم : دیارە وەک خۆی لەم نوسینەیدا بەدرێژی لەسەر بیروراکانی داڤید ریکاردۆ - گەورە ئابورینـاسی گەورەی ئینگلیزی، وەستاوە و رەخنەی لێدەگرێت، ناراستەوخۆ تەقە لەم بابەتە دەدات، بەڵام ئەم ڕاستکردنەوەی تەواوی بۆچوونەکانی ئەو دەردەخـات، دیارە ریکاردۆ دەڵێت» بەهای شمەک بەستراوە بەو تێچوونەی بۆی وەگەڕخراوە لە بەرهەمهێنانی» کە لەم ووتەیەی «ریکاردۆ»دا ناتوانیت کار لە نێو تێچوون بکەیتە دەرەوە، چونکە تێچوون لێرەدا یەکسانە بە ( کار+ سەرمایە) بۆیە بەمانایەک

لەماناکان ریکاردۆ ئاماژەی بەم راستیە داوەو کاریشی وەک پێوەر بۆ «بەها» ناوبردووە. تەنانەت جۆن لۆکیش لە ساڵی 1689زاینی دا باسی کار دەکات و دەڵێت کار پێوەرە بۆ بەهای ئاڵوگۆر، کە دواتر ئادەم سیمس لە کتێبەکە بەناوبانگەیدا (سامانی نەتەوە) ئەمیش ناراستەوخۆ ئەمە دەدرکێنێ کە دەڵێت» من وا دادەنێم کە کار پێوەرێکە بۆ بەهای کاڵاکان». بۆیە ئەنگڵس بەم شیکاریەی هەستا بە گڵۆڵەکردنی بیرە پەرشەوەبوەکان و کۆیکردنەوە لە نێو تیۆریاکەی خۆیدا، رێکی خستنەوە بە شێ ,ازێکی زانستی پێشکەشی کردنەوە. گەرنا ئەم بیرەی ئەو ناراستەو خۆ کەسانی تر تەقەیان لێیدابوو.

دیارە وەک وتمان ئەنگڵس یەکەم کەس بوو تەنانەت پێش مارکسی هاورێشی ڕوەو بیری شیوعیەت رۆیی و هەوڵی دەرخستنی رۆڵی چینی کرێکاری دەرخست، بۆیە هەردەم دەیویست تێفکرینی خۆی و هاورێکەی لە خزمەت چینی کرێکار و پـرۆژە فیکریە شۆڕشگێریەکەیدا بێـت. کاتێک ئەنگڵسهەڵئەسێت بەنووسینی ئەم ووتارە بەناوبانگەی «پلانێک بۆ ڕەخنەگرتن لە ئابووری سیاسی « لە لایەکەوە رێگەخۆشکەرو خستنەسەر رێگەی هاورێکەی واتە مارکس بوو بۆ نووسین و خۆ تەرخانکردنی لەبواری ئابووری سیاسی، لە لایەکی ترەوە لەگەڵ نوسینەکانی تری هاورێکەیدا تەبەنی تیۆریایەکیان کرد کە بەتیۆریای ململانێ ئەمرۆ ناسراوە، بەردەوامی وهاوبەشی بیرو کاریشیان لە سەر ئەم مینۆدە لەکار وایکرد دواتر رۆڵی گەورەو پێشەنگیان بینی لە تەبەنیکردنی بیری مارکسیەت و ئایدیۆلۆژیەتی شیوعیەت و رۆڵی چالاکانەی لە بزافی کۆمەڵایەتی و جیهانی.

بۆیە ئەنگڵس بە پیشەنگ و بزوێنەری یەکەم دادەنرێت لەم بوارەو ئەو پاڵی بەمارکسەوە ناوە بۆ نوسینی کتێبی گرنگەکەی « سەرمایە» و دیارە هەر ئەم نوسینەی بوو بۆ یەکەمجار هەڵوێستی مارکسی گۆڕی بەرامبەر

ئەنگڵس و وایکرد کە چاوپێکەوتنی دووەمیان لە کۆتایی ساڵی 1844زاینی گەرمتر بێت لە یەکەم چاوپێکەوتن و یەکترناسینیان و درێژەپێدانی هاورێیەتیەکیان تا پاش مردنی مارکس بەردەوام بێت و بەرگەکانی دوەم و سێیەمی کتێبی « سەرمایە» ئەنگڵس بۆخۆی کۆی بکاتەوەو چاپی بکات

**بەشی شەشەم:**
**چەند ووشەیەک لە مەڕ دیالێکتیک**
**نووسینی فریدریک ئەنگڵس**

دیالیکتیک ئەوەی کە پێدەوترێت دیالێکتیکی بابەتی، هەژموونی بەسەر تەواوی سرووشتدا هەیە، بەڵام ئەوەی پێی دەوترێت دیالێکتیکی خودی، دیالێکتیکی بیر، شتێک نیە بەدەر لە ڕەنگدانەوەی بزاف، کە لەسەرجەم پنتەکانی سرووشتدا بوونی هەیە. ئەم بزاڤە لەرێگەی دژەکانەوە درووست دەبێـت، کە دیاریکەری ژیانی سرووشتیە بە ململانێی بەردەوام. بەگۆرانکاری کۆتایی یەکێکیان بۆ ئەوی دی، یان بۆ شێوەیەکی باڵاتر، جەمسەری لەگەڵ موگناتیسیەت دەستی پێکرد، لەوێوە لەخودی جەستەدا خۆی نومایان دەکـات، بەڵام لە ئەلەکترۆنیدا بەسەردوو یان زیاتردا دابەشدەبێت، بە ئەلەکترۆناتی پێچەوانە ئایۆنی بوون، کردە کیمیاییەکان هەموویان بۆ دیـاردەی راکێشان و دوورخستنەوەلەیەکی کیمیاییەکان دەگەڕێنەوە. کۆتاجار،لەژیانی ئەندامیدا، دیسان پێویستە تەماشەی شێوەی ناوکی خانەیەک بکەین، کە ڕووکاری جەمسەری مادەی پرۆتینی زیندووە. لەراستیدا تیۆری پەرەسەندن، (سەرهەڵدان و گەشە). پێی وایە هەموو هەنگاوێک بۆ پێشەوەچوون، لەخانەیەکی سادەوە دەست پێدەکات، دواجار بەئاڵۆزترین کرداردا گوزەردەکەن و ڕوەکەکان لەلایەک و مرۆڤیش لەلاکەی

تر، لەنێوان ململانێی بەردەوامی (بۆماوە وگونجان) دا گەشەدەکەن و تێدەپەڕن. لێرەوە ڕووندەبێتەوە بەرتەسکی پراکتیکی ئەو گوتەزایانە وەک «ئەرێنی، نەرێنی» لەسەر شێوازەکانی پەرەسەندن لەمجۆرە. رەنگە بتوانین بۆماوە دابنێین بەلایەنێکی ئەرێنی، کە پارێزگاری لەخەسڵەتە بنچینەییەکان بکات، گونجانیش وەک لایەنێکی نەرێنی، کە کاڵکەرەوەو لابەری خەسڵەتە بۆماوەییەکانە بەبەردەوامی. بەڵام ئێمە با هەق بەوە بدەین و بڵێین کە گونجان و تەکەیوف چالاکیەکی ئەرێنیە، کاریگەرەو داهێنەرە، لەولاشەوە بۆماوە بە چالاوانێکی نەرێنی ناوزەدی بکەین، بەو پێیەی حەزی لە نەجوڵان ویەک ڕەنگیو نەگۆڕیە. لێرەوە بە پێی ئەوەی بەدرێژایی مێژوو ڕوویداوە و گوزەریوە، پێشکەوتن لە سەر شێوەی نەرێ و لادان بۆ ئەوەی کە هەبووە، دەرکەوتووە.بۆیە چاک وایە، لێرەوە و بە ئیعتیباری زانستی ڕووت، ئیعتباری گونجان چالاکیەکی نەرێنیە. دەبینین لەمێژوودا، و لەهەر سەردەمێکدا جووڵە لە رێگەی دژەکانەوە بە توندترین شێواز لە لایەن ڕەگەپەرستانەوە دژی ئەو گەلانەی کەهەستاونەتەوە، دەرکەوتوەو خۆی نومایان کردووە. لە سەرو بەندی کاتێ:ی وەها یەکلاکەرەوەدا بژاردەیەکی تر لە بەردەم ئەو گەلانەدا نەماوەتەوە تەنها ئەوە نەبێت کە دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرێت، جائینر ئەمیان بێت یان ئەویان.! لەراستیدا پرسێک کە خۆی بخاتە ڕوو بـەردەوام ، بە شێوەیەکی تەواو جیاواز لەوەی کە فیلستەریەکان(    ) ئەوانەی یاری بە سیاسەت لەهەمو سەردەمێکدا دەکەن، تەنانەت فیلیستەری لیبراڵی ئەڵمانی لە ساڵی 1848زاینی لە ساڵی 1849زاینی کتوپڕو بێ ویستی خۆی، لەبەردەم گرفتێکدا خۆی بینیەوە ئەویش: یان دەبێت بگەرێتەوە بۆ ئەو کۆنەپەرستیەی جاران کە وێنایەکە زۆرترین توندوتیژی وزیانمەندی پیشانئەدات، یاخود بەردەوام بدات بەو شۆڕشەی دەستی دراوەتێ تاوەکو

دامەزراندنی سیستمی کۆماری. ڕەنگە ئایەک کۆماری، خاوەن باکگراوندی سۆسیالیستی، دابەشبوون بەخۆوە نەبینێت. بەڵام دیارە ئەم دوودڵیەی بەردەوام نەبوو زۆر ، بۆیە بریاری دا بەلای دامەزراندنی دەسەڵاتێکی کۆنەپەرستی مانئیۆڤیلی بکەون، کە بژاردەیەکی لیبراڵی ئەڵمانی بوون. دیسان لە فەرەنسا بە هەمان شێوە لە ساڵی 1851زاینی، کاتێک بورجوای فەرەنسی خۆی لەبەردەم گرفتێکی گەورەدا بینیەوە، دیارە ئەو پێشتر پێشبینی شتی لەم جۆرەی نەکردبوو، بەوەی کە دەبێت یان شێوەیەکی کاریکاتۆری ئیمپراتۆری، و پاسەوانانی ئیمپراتۆری و پاوانکردنی فەرەنسا لەلایەن کۆمەڵێک چەتەوی شەرەنگێزەوە، یاخود دامەزراندنی کۆمارێکی سۆسیالیستی- دیموکراتی، بەڵام دیارە ملی کەچ کرد بۆ ئەو چەتەو تاقمە توندڕەوانەو، خۆی خستە بەرکۆت وبەندەکانی ئەوان بۆ ئەوەی بیپارێزن و بەردەوام بن لە سەرچەوساندنەوەی چینی کرێکارو زەحمەتکێش.

## تێڕوانینێکی مێژوویی بۆ دیالێکتیک لە پەنای ئەم نوسینەی ئەنگڵسدا

ئەمەی سەرەوە چەن دێرێک بوو لەسەر دیالێکتیکی ئەنگڵس، دیارە دیالێکتیک لای ئەنگڵس پایەیەکی گرنگە لە بونیادی قوتابخانەکەی، کەوەک وتمان دواتر بە قوتابخانەی مارکسی ناسرا، گومانی تێدانیە کە بابەتی دیاڵکتێک وەک پرسێکی فەلسەفی بۆ فەیلەسوفانی یۆنان دەکەڕێتەوە، بەڵام نەک بەم مانایەی ئێستەی چونکە لای ئەوان بەمانای هونەری مشتومڕو گفتوگۆکردن دەهات بەتایبەت لەو یاسایانەی کەزیاترگشتی بوون و کۆنترۆڵی سروشت و کۆمەڵگەو بیریان دەکرد. دیارە ئەم گفتوگۆو مشتومڕانەش لەو یاسایانە بەشێوەیکی تەقلیدی بەرێنەدەکران و نەدەرۆیشتن، بەمانا تەنها هەوڵێک نەبوو بۆدۆزینەوەی راستترین، بەڵکو بۆ سەرنجدان و رامان لە

دژەو جیاوازەکان پەلی دەکوتا، بەپێی سەرچاوەکان ئەم شێوازە لە دیالێکتک و جەدەلە لەسەر دەستی فەیلەسوفی یۆنانی زینۆن لەدایک بوو. دیارە ئەو جیاوازی و هاودژانەی کە زینۆن گفتوگۆی لەسەردەکردن لەسەدەی پێنجەمی پێش زاین، گۆرانکاری بەسەردا هات وئەو مشتومڕانەش بەهەمان شێوە گۆرانیان بەسەردا بەشێوازێک جۆرێک هونەریبوونیان بەخۆوەدی کاتێک گفتوگۆکان بۆ خستنەڕووی بیرو بۆچوونەکان و لەگەڵیشیدا بیرو بۆچوونەدژەکانیان، ئەوەش دیارە لەرێگەی پرسیارو وەڵامەوە، لەمەشەوە جۆرێتر لەبیرکردنەوەی نوێ خۆی فەرزکرد، لەگەڵیشیدا سۆفستاییەکان ئەمەیان بۆ مێتۆدێکی فێرکاری رەخنەیی گۆڕی، وەک میکانیزمێک بۆ یاریکردن بە وشەو چەمکەکان بەمەبەستی شارینەوەی راستیەکان گۆڕا. لای سۆفستاییەکان جۆرێکی تر لە دیالێکتیک دەبینین، جەدەلێک کە بەشوێن راستی دا وێڵە، لەدەرەوەی جیهانی دیاردەوە بەو پێییەی کە جیهانێکی وەهمیە، بۆیە سۆفستاییەکان ئەم بیرەیان لەگرنگیدان بە سرووشتەوە بۆ گرنگیدان بە مرۆڤ گۆڕی، بۆیە بنەماکانی سەراوژێر کران، و نۆرمەکانی گۆرانکاریان بەسەردا هات. و سروشتیان لەپەنایەکدا دانا و کەوتنە گیانی مرۆڤ وەک بابەتێکی بنچینەیی بۆ فەلسەفاندن و تێفکرین پێش هەموو بابەتەکانی تر.لێرەوە مرۆڤ بۆخۆی بووە چەق و پێوەری راستیەکان. بۆیە سوفسەتەکان گرنگیدانەکانیان چڕکردەوە لەسەر مەعریفەو خود و ئیخلاق. وەک ئەوەی پرۆتاگۆراس 481--411 Protagoras دەیوت» مرۆڤ پێوەری هەمووشتەکانە»

دیارە پاش ئەویش فەیلەسوفی گەورەی یۆنان «سوقرات «هات. ئەو مێتۆدێکی نوێی لە بیرکردنەوە داهێنا، کە وێنەیەکی پێشکەوتویی نوێی بۆ چەمکی دیالێکتی فەلسەفی پێشکەش کرد، کە وەک شێوازێکی نوێ بۆ

گەیشتن بەحەقیقەت دەهاتە هەژمار. دەتوانرێت بە مێتۆدی (ئایرۆنای و مایۆتیکا ) ناوزەد بکرێت، کە ئەو مێتۆدەش لەسەر دووبنەما دەوەستێت ئەوانیش:

بنەمای یەکەم: ئایرۆنای ، IRONIE التهكم..کردەی پرسیار، ئەمەش خۆی نەزانکاری و خستنەڕووی پرسیارێکی گوماناوی کە دەرگا بۆچەند تەوەرەیێکی دژ لە گفتوگۆبکانەوە. ئامانج تیایدا رزگاربوونی عەقڵە لەو زانستە ڕوکارو هەڵەپۆشە و ئامادەکردنی بۆ پێدانی زانیاری راستەقینە.

بنەمای دووەم، مایۆتیکا: بەمانا چاندنی راستی لە دەروونـی بەرامبەرەکەتدا، لەرێگەی هەڵهێنجانی ئەو پرسیارانەی کە بەشێوەیەکی لۆژیکی ڕووبەڕووی دەکەینەوە، ئەمە بنەمایەکی ئەو مێتۆدەیە کە سوقرات دایناو ئەفلاتوون راڤەی کرد، بەتایبەت لە گفتوگۆکانی مینۆن- بەواتای دەرکردنی ئەوبیرو تێفکرینە هەڵانەی کە لەهزرو بیردا هەن، لەرێگەی ئەو پرسیارە لۆژیکیانەوە کە سەبارەت بەو بابەتە ئاراستەی دەکرێت، بەمەش بوارێک بۆ بیرکردنەوە دەسازێنرێت و ڕوەو دۆزینەوەی راستی هەنگاو هەڵدەگرێت، بۆیە ئەم بواردان بەبیرکردنەوەو بیرهاتنەوەیە زۆر گرنگە بەلای سوقراتەوە و بە مەعریفە وەسفی دەکات وەک چۆن لەبیرچوونەوە بە نەزانی باسی لێوەدەکات.

دیارە لای ئەفلاتوون جەدەل بوویە مێتۆدو زانست بەتایبەتی کاتێک دابەشی کرد بۆ جەدەلی هەڵکشاو «ascending» کە بیر تیایدا لە بەشەوە بۆ گشت دەگویزرێنەوە. لە پەیپێبراوە هەستیەکانەوە بۆ ماناگشتیەکان، یاخود بۆ عەقڵانیەتی باڵا. هەروەها جەدەلی داکشاو descendingکـە دابەزین بەعەقڵ لە بەرزترینەوە بۆ نزمترین ئاست ئەوەش بەجوانکردن و رێکخستنی بۆ رەگەز و جۆرەکان.

دیارە لای هێگڵ پرسی دەدەل گەیشتە لوتکە، بەشێوازێک بو بەمیتۆدێکی فەلسەفی گشتگیر» ئەم زانایە لەگەڵیدا گشتی سرووشتی و مێژوویی و عەقڵی بۆیەکەمجار خستە ڕوو پیشکەشیکرد، بەوەی کە ئاڵووگۆڕبوونە، واتە لە دۆخی جوڵاو وگۆڕان و ئالو گۆرو پەرەسەندنی بەردەوام دایە، دیارە دیالیکتیک لای هێگڵ لە سەر سیکوچکەی « بابەت و دژەبابەت و یەکانگیری بابەت و دژەبابەتەکەبە.

دیارە جەدەلی هێگڵی بۆ جەدەلێکی تر جیاواز لەوەی خۆی گۆڕا، ئەویش جەدەلی ئەنتۆلۆژیە، یاخود جەدەلی سۆز لای کیرکگۆرد، بەرامبەر جەدەلی رۆح و عەقڵی لای هێگڵ. دیارە کیرکگۆرد رەخنە لە هێگڵ دەگرێ بەوەی کە هەستاوە جەدەلی لەسەر بنەمای دژایەتی خود و بابەت دابەشکردووە. بەوەی کە جیهان لە ناویشیاندا مرۆڤ بابەتێکی نامۆ بێت لە مرۆڤ. بۆیە پیشەنگی بابەت لە بیری پاڵنەر بوو بۆ کیرکگورد تاهەڵبگەرێنە لە لای سەرەوەو، خودێنی رۆچوو وئەنتۆلۆژیای خود دابرێژێت.

دیارە ئەنگڵسیش پاش ئەوە هات و ماناو رۆحی جەدەلیەتی لە میسالیەتی هێگڵیەوە دەرکرد، هەرچەند ئەنگڵس و هاورێکەشی سسەرەتا پابەندبوون بە رێبازی دیالێکتیکی هێگڵی بەڵام دواتر باوەڕیان بە ئایدیالیستی ئەو نەما، چونکە لە ئایدیالیستی هێگڵدا عەقلێک یان ئایدیایەکی رەها هەیە کەلەسرووشتدا لە خۆ نامۆ بووە، بەڵام لە کۆمەڵگەی مرۆییدا بە ئاستی هوشیاربوون خۆناسینەوە دەگات. کە ئەم بیرۆکە دواتر لەلایەن فیورباخەوە پەرەپێدرا. دیارە ئەنگڵس مادیانە بۆ بابەتەکی ڕوانی و باوەڕی بەوعەقڵە رەهایە نەهێناو پرسی جەدەلی گۆڕی و سرووشتی کردە سەنتەر.

**سوود لەم سەرچاوانە بینراوە:**

1- فریدریک انجلس: خطوط اولیه لنقد الاقتصاد السیاسی ، کتبه انجلس فی اواخر 1842 - کانون الثانی (ینایر) 1844. صدر فی مجله «Deutsch- Franzosische Jahrbucher»» سنه 1844.

2- الیاس شاهین: کارل مارکس وانجلز، الحوار المتمدن، العدد2120-5-11-2007، 12:06، المحور، الارشیف المارکسی.

3- احمد زاید، واعتماد سید علام، التغیر الاجتماعی، مکتبه الانجلو المصریه، م. القاهره، 2004...وەرگێرانی لە عەرەبیەوە: ابراهیم حاجی زەڵمی. رۆژنامەی خەبات/پاشکۆی « هزرو هونەر» ژمارەکانی، 107،106، 108، 109، 110 .مانگی ئەیلول و تشرینی یەکەمی 2014زاینی.

4- جواد بشاره: الاطروحه المارکسیه عن الکون المرئی، jawadbashara@yahoo. fr موقع انترنیت..

5- میشیل لوی: المارکسیه والدین، ترجمه: علی سعید،http:// 10/sub/net.almadapaper-503/htm .p18

6- مایکل لوفی: المارکسیه والدین، ترجمه : بشیر السباعی http:// www. lamalef. net/ak/02/marx. htm

7- فریدریک انجلز: الموقع الفرعی فی الحوار المتمدن: http:// www. ahewar. org/m. asp? i=47

8- فريدريک انجلز: http://www.albwady.com/vb/showthread.php?t=8303

9- ديفيد ريازانوف: كارل ماركس وفريدريک انجلز، مقدمه حول اعمالهما وحياتهما، الفصل الحادى عشر - مايكروسوفت ستودينت 2009 - انكارتا.

10- فريدريک انجلز: اصل العائله والملكيه الخاصه والدوله،ترجمه احمد عز العرب،دارالطباعه الحديثه، القاهره، بدون تاريخ.

11- فريدرخ انغلز وكارل ماركس: البيان الشيوعى، كراسات ماركسيه،روافد للنشر والتوزيع، قاهره، 2014.

12- د.عبد الفتاح الديدى، فلسفه هيجل، مكتبه الانجلو المصريه، 1970، ص86.

13- انظر مثلا: الف باو الماديه الجدليه، فاسيلى بودوستنيک و اوفيشى ياخوث، ترجمه: جورج طرابيشى، دار الطليعه، بيروث، ط1، 1979م، ص64 - 69.

14- د.امام عبد الفتاح امام، المنهج الجدلى عند هيجل، دراسه لمنطق هيجل، دار التنوير للطباعه والنشر، بيروث، ط3، 2007م، ص157.

15- عيسى بشاره، مقال السوفسطائيه، الموسوعه العربيه، ج11ص312، انترنث، رابط: www.arab-ency.com

16- حاتم محمد ياسين ، محاضرات فى الفكر اليونانى ، مطبعه دار الفكر المعاصر ، سنه النشر غير معروفه ، ص 79 ، 80 ، 84 ، 85.

17- لينين:الدوله والثوره، كراسات ماركسيه،روافد للنشر والتوزيع،قاهره، 2014.

18. «Legacies - Work - England - Manchester - Engels in

Manchester – Article Page 1». BBC. Retrieved 201013–02–.

19. Theories of Surplus Value, in Collected Works of Marx and Englels: Volumes 30, 31 and 32 (International Publishers: New York, 1988).

20. A copy of Frederick Engels› birth certificate is on page 577 of the Collected Works of Karl Marx and Frederick Engels: Volume 2 (New York: International Publishers, 1975)

Elisabeth Engels› letter contained at No. 6 of the Appendix, Collected Works of Karl Marx and Frederick Engels: Volume 38 (International Publishers: New York, 1982) pp. 540–541. 21.

Tucker, Robert C. The Marx–Engels Reader, p. xv

^ Progress Publishers. «Preface by Progress Publishers». Marxists. org. Retrieved 201013. 22–02–

Legacies – Work – England – Manchester – Engels in Manchester – Article Page 1». BBC. Retrieved 201013. 23–02–

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن شۆرش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |